دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال
هەڵە چن
ئاریان کامیل
تایپیست
پەیام ئەحمەد
نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەریی، ڕوناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی
ڕێبین مەجید

مۆتیڤ
بتوێن عەلی

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

سالّی سێیەم

مای ۲۰۰۸

ژمارە ۲۸

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| کارل پۆپەر فەیلەسوفی کرانەوەو... | نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ٦ |
| قسەم بێ درۆیە... | لەتیف هەڵمەت | ١٧ |
| دانیلڤسکی و لێکدانەوەی... | کامەران محەمەد | ٢٤ |
| کورتەیەك دەربارەی... نیتچە | مەریوان عەبدول | ٤٨ |
| **دەق** | | |
| سەدو یەك شەوە | سەباح رەنجدەر | ٦١ |
| بێدەنگی بۆ من ئاوەدانییوو | رۆژ هەڵەبجەیی | ٧١ |
| نهێنی | کامەران ئاریا | ٧٩ |
| بەرەو زەوییەکی دی | عومەر جەلال | ٨١ |
| قەسیدەی سەفەری... | ئەحمەد قادر سەعید | ٨٧ |
| زەینەب خانی بەرپەنجەرەکە | محەمەد حسێن | ٩٥ |

## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ ئارام کاکەی فەلاح | ئا: حەمە کاکەڕەش | ١٠٦ |
| دیدار لەگەڵ هەندرێن | ئەرسەلان مەحمود | ١١٤ |


## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| دیالەکتیکی دەسەڵات و ڕۆشنبیر | و: محەمەد عەبدوڵڵا | ١٢٣ |
| کتێب و نووسەرو خەڵاتی... | و: زەینەب یوسفی | ١٣٨ |
| ئایدیۆلۆژیی ئەدەبیاتی مۆدێرن | و: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | ١٤١ |
| دێریدا — هابرماز و فەلسەفە... | و: دلێر محەمەد | ١٤٦ |
| جوانترین خنکاوی جیهان | و: هوشیار شێخ ئەنوەر | ١٥٣ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ شێرزاد سەرسپی | دیداری: موحسین یاسین | ١٦١ |
| دیدار لەگەڵ ئازاد جەمال تاهیر | دیداری: چنور محەمەد | ١٦٥ |
| دیدار لەگەڵ ماشەڵڵا محەمەدی | سازدانی: دڵشاد خۆشناو | ١٧٤ |
| سینەماکاران پێشنیازی... | ئا: دڵشا یوسف | ١٨١ |
| دیدار لەگەڵ شلێر کۆیی | دیداری ڕێبواری ئازادی | ١٨٣ |









**کارل پۆپەر**
**فەیلەسوفی کرانەوەو**
**دوژمنی تۆتالیتاریزم**

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

**قسەم بێ درۆیە**
**بۆیە وەک چەقۆیە**

لەتیف هەڵمەت

**دانیلڤسکی و**
**لێکدانەوەی شارستانێتی**
**بۆ مێژوو**

کامەران مەمەد

**کورتەیەک دەربارەی**
**ژیان و فەلسەفەی نیچە**

مەریوان عەبدول

# لێکۆڵینەوە



# کارل پۆپەر فەیلەسوفی کرانەوەو دوژمنی تۆتالیتاریزم

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

### دەروازەیەک

کارل رایمۆند پۆپەر (١٩٠٢–١٩٩٤) پتر وەك فەیلەسوفی زانست و ئیپیستیمۆلۆژیست (زانین ناس) ناوبانگی دەرکردووە. کاریگەریی زانستیانەی پۆپەر، بەتایبەتی لەبواری میتۆدی زانستیدا، فراوانەو جێی متمانەی زانایانی بوارە جیاجیاکانی زانستە. پۆپەر لەنەمسا هاتۆتە دنیاوەو لەزانکۆی ڤییەننا ماتماتیك و فیزیك و سایکۆلۆژیای خوێندووە.

لەگەڵ فراوانبوونی دەسەڵاتی فاشیزمدا پۆپەر نەمسا بەجێدەهێڵێت و دەچێتە نیوزلاند، لەساڵی ١٩٤٣دا لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانیدا دەست دەکات بەنووسینی کتێبە گرنگەکەی بەناوی (کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی The open socity and its enemies). لەساڵی ١٩٤٥دا بڵاودەکرێتەوە. هەر لەو کاتانەدا ژنە بیریاری ئەڵمانی هانا ئارێنت سەرقاڵی کتێبە بەنرخەکەی دەبێت بەناونیشانی "بنەماکانی تۆتالیتاریزم" کە لەساڵی ١٩٤٩دا تەواوی دەکات.

پۆپەر لەم کتێبەدا بەرگری لەدیموکراسییەت و ئیرادەی تاکەکەس دەکات لەبەرامبەر ئەو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفانەدا کە دژ بەتاکەکەس و دیموکراسیەتن. پۆپەر لەسەروەختی

جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەو بابەتانەی وروژاندووە کە فاشیزم و نازیزم و ستالینیزم بەئەندازەیەکی زۆر بەها لیبرالی و دیموکراسیەکانیان خستبووە مەترسییەوە، وەك خۆیشی دەڵێت ئەم کتێبە بەشداریکردنێکە لەبەگژداچوونەوەی فاشیزم و تۆتالیتاریزمدا.

کۆمەڵگای داخراو/کۆمەڵگای کراوە

سەبارەت رەتکردنەوەی رەوت و ئایدیۆلۆژییە شۆڕشگێڕو مێژووگەراکان یەکێك لەدوا ئامانجەکانی کتێبی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی" روونکردنەوەی بنەما فەلسەفیەکانی تۆتالیتاریزمە لەفاشیزم و نازیزم و ستالینیزم ، هەروەها هۆیەکانی هۆگری و مەیلی رەشەخەڵکەکەیە بەلایاندا، کەئەمە خۆبەخۆ دەبێتە مایەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی ستەمکارو کۆمەڵگایەکی داخراو. پۆپەر پێیوایە هەموو رژێمە تۆتالیتارەکان لەکۆمەڵێك سیماو تایبەتمەندیدا کۆدەبنەوەو تاڕادەیەکی زۆر لەیەکدی دەچن، بۆنموونە دەتوانین لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان تۆتالیتاریزمی ستالین و تۆتالیتاریزمی هیتلەردا بدۆزینەوە، بێئەوەی ئەم دوو تۆتالیتاریزمە هەڵگری یەك سروشت بن.

گرنگترین هۆی سایکۆلۆژیی و سۆسیۆلۆژیی دروستبوونی تۆتالیتاریزم بریتییە لەهەڵاتنی خەڵکی رەمەکی لەترسی ئازادیی و بەرپرسیاریی نەخوازراو و حەزکردنیان بەئاسایش. پاشئەوەی مرۆڤ کۆمەڵگای تەقلیدیی دەسەڵاتگەرو داخراوی تێپەڕاندو دەستی بەنەریتی رەخنەگرانە کرد، کۆمەڵێك هەلومەرج و پێداویستیی نوێ هاتنە ئاراوە، کە بوونە مایەی شڵەژان و گرژیی قووڵ لەمرۆڤدا، بەجۆرێك کە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ هەستکردن بەئاسایش لەمرۆڤدا بێدارکردەوە.

لەکۆمەڵگای مۆدێرندا نەریت و زنجیرەی پلەوپایەو ئایین وەکو پشتیوانێك بۆ هەستکردن بەئاسایش لای ئادەمیزاد هەرەسدێنن. توانای رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوەو هەڵبژاردنی رێگا جۆراوجۆرو بێ پێشینەکانی ژیان دێتە ئاراوەو گومان لەبەڵگەنەویستە کۆنەکان دەکرێت.

دواکەوتنخوازیی و یۆتۆپیاخوازیی، واتە پەنابردنە بەر داب و نەریتە کۆنەکان و گەڕان بەدوای یۆتۆپیادا لەئایندەدا، هەردووکیان لەیەك شتەوە سەرچاوە دەگرن و هەردووکیان بۆ بنبڕکردنی بیری ئازاد پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی. هەردووکیان دژی گۆڕانن و خوازیاری کۆمەڵگایەکی وەستاو و داخراون. ئەنجامی هەردووکیان بەتۆتالیتاریزم (راست







و چەپی) دەشکێتەوە کە رواڵەتی کردەییان فاشیزم و هەروەها کۆمۆنیزمە. ئەوەی کە هانا ئارێنت لەکتێبی (بنەماکانی تۆتالیتاریزم)دا بەتۆتالیتاریزمی نازی و تۆتالیتاریزمی بەلشەفیزم وەسفی دەکات.

## رەخنە لە: ئەفلاتون، هیگڵ، مارکس

بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە بریتییە لەداکۆکیکردن لەکۆمەڵگای کراوەو سیستمی دیموکراسی، لەڕێگەی رەخنەگرتن لەو رێبازە فیکریی و فەلسەفییانەی کە پۆپەر بەدوژمنی دیموکراسیەتیان لەقەڵەم دەدات، ئەو دوژمنانەش بریتین لەو مەیلە تۆتالیتارییانەی لەناو فیکری ئەفلاتون و هیگڵ و مارکسدا هەن.

بەڕای پۆپەر هەندێك لەداناترین و هۆشمەندترین فەیلەسووفەکان لەڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستانەو بەنیازپاکیەوە، واتە بەمەبەستی چاککردنی کۆمەڵگای مرۆیی، نەخشەکێشی بنەڕەتیی کۆمەڵگای داخراو و دوژمنی کۆمەڵگای کراوەو ئازادیی و رەخنەو گۆڕانکاری بوون. بەڕای پۆپەر پێشەنگی ئەو فەیلەسووفانە ئەفلاتونەو گرنگترین بیرمەندی یۆتۆپیاش مارکسە.

پۆپەر بەپێچەوانەی رەخنەگرانی رابردووەوە، خۆی لەقەرەی خاڵی لاوازیی هزری ئەم فەیلەسووفانە نادات، بەڵکو رووبەڕووی خاڵی هێزیان دەبێتەوە.

پۆپـــەر لەبەشـــی یەکـــەمی کتێبەکەیـــدا لـــەهزری ئـــەفلاتون و ئەرســـتۆدا بـــەدوای ئایـدیۆلۆژیای تۆتالیتـاریزم و ڕێبـازی مێژووگەراییـدا دەگـەڕێت. فەلـسەفەی یۆتۆپیـای ئـەفلاتون فەلـسەفەیەکە بـۆ پارێزگـاریکردن لەکۆمـەڵگای داخـراو و دەوڵـەتی تۆتالیتـارو ڕێگرتن لەگۆڕینیان. ئـەم دووانـە ڕۆڵێکـی سـەرەکییان هـەبوو لەسـەرهەڵدانی فەلـسەفەی هیگڵدا کە باوکی مێژووگەرایی و تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆیە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا کڵێسا شوێن پێی تۆتالیتاریزمی ئەفلاتونیی و ئەرستۆیی هـەڵگرت و دواجـار ئەمـە لەپـشکنینی بیروباوەڕەکانـدا گەیـشتە چڵەپۆپە. بەتایبـەتیش سەرچاوەی پشکنینی بیروباوەڕەکـان تیـۆرەی ئـەفلاتونی بـوو. پـاش ئـەوە، فەلـسەفەی هیگڵ سەرچاوەی هەموو ڕێبازە مێژووگەراکانە لەم سـەردەمەدا. بـاڵی چـەپی تونـدڕەوی مارکسیستەکان و میانڕەوە پارێزگارەکان و فاشیستە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، هەموویان فەلسەفەی هیگڵ بەبنەمای فەلسەفەی سیاسیی خۆیان دادەنێن.

مارکس ڕەوتی مێژووی پێشبینی کردو پێشبینیەکانیشی ڕاسـت دەرنەچـوون..پۆپـەر دەڵێت: مارکس دەیان خەڵکی هۆشمەندی گومڕا کردو وایلێکردن باوەڕ بهێنن بـەوەی کـە ڕێگای زانستیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا پێشبینیی مێژووییە.

بەڕای پۆپەر پێشبینیکردنی هاتنی کۆمەڵگای بێ چین نەك بەتەنها لەگەڵ ئەو شتانەدا وێکنایەتەوە کە مارکس خستوونیەتەڕوو، بەڵکو بۆ زۆربەی خـەڵك جـۆرە هەڵاتنێکـەو ڕێ خۆشـدەکات بـۆ هـەڵاتن لەبەرپرسـیارییەکانی ئێـستاو ( هـەڵگرتنیان) بـۆ بەهەشـتێك لەئایندەدا. لەڕووی سیاسەتی کردەییشەوە زیانبارترین فاکتەر لەمارکسیزمدا پێشبینیی شۆڕشێکە کە دەشێت توندوتیژ بێت. بـەڕای پۆپـەر هـۆی شکستی ئـەو (واتـە مـارکس)، وەکو پێشبینێك، ڕێبازی مێژووگەراییەکەیەتی کە پێیوابوو دواجار کۆمەڵگای کۆمـۆنیزم و بێچین بەرقەرار دەبێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پۆپـەر دەرهـەق بەبیروبۆچـوونەکانی مـارکس دەڵێـت: مـن پیشاندانی ئەو خاڵە بوو کـە لەگـەڵ هـەموو ئـەو گرنگیـەی کـە دەشـێت هـەیبێت، نابێـت لێکدانەوەی ماتێریالیستیانەی مارکس بۆ مێژوو زۆر بەجیـددی بگـرین. هـەروەها دەڵێـت: بەبڕوای من باوەڕی مارکس لەبنەڕەتدا باوەڕ بووە بەکۆمـەڵگای کـراوە. بـەپێی پرنـسیپە

ئاكارييەكانى ماركس كۆمەڵێك چەمكى وەكو ئازادیى و يەكسانى لەهەموو شتێكى دى گرنگتر بوو.

بەكورتى گرنگترين لاف ماركسيزم ئەوەيە كە مێژوو و كۆمەڵگا ملكەچى كۆمەڵێك ياساى زانستيى حەتمين و دەكرێت لەسەر بناغەى ئەو ياسانە پێشبينيى ئايندەى مێژوو و كۆمەڵگاى مرۆيى بكەين.

بێگومان پۆپەر هزرى ماركسى بەيۆتۆپيايى لەقەڵەم دەدا، پۆپەر نكووڵى لەزانستێتيى هزرى ماركس ناكات، واتە بەرەچاوكردنى ئەوەى كە ماهيەتێكى ياساييانەى هەيە بەپووچەڵئامێزى نازانێت. هەر بۆيە بەڕاى ئەو پێويستە بيروڕاكانى ماركس تاقيبكرێنەوە، كە تاقيش كراونەتەوەو پووچەڵ بوونەتەوەو رەتيش كراونەتەوە. بەمجۆرە، بەپێچەوانەى راو پێشبينييەكانى ماركس، لەوڵاتە پێشكەوتووە پيشەسازييەكاندا كۆمۆنيزم پەيدا نەبوو، پرۆليتاريا لەشۆڕشە كۆمۆنيستيەكانى سەدەى بيستەمدا رۆڵى نەبوو، كرێكاران لەكۆمەڵگا پيشەسازييەكاندا خۆشگوزەرانتر بوون. كۆمەڵگاى سەرمايەداريى پێشكەوتوو بەسەر دوو جەمسەرى بۆرژوازو پرۆليتاريادا دابەش نەبووە، بەڵكو چينى ناوەڕاست گەشەى كردووە. بەم پێيە تيۆرە زانستيەكەى ماركس پووچەڵ بۆتەوە. ماركسيزمى زانستى مرد، بەڵام دوو شت تيايدا دەبێ بەزيندوويى بمێننەوە: يەكێكيان هەستكردن بەبەرپرسيارێتيى كۆمەڵايەتييەو ئەوى تريان عيشقە بۆ ئازاديى.

بەشى دووەمى كتێبەكەى پۆپەر تەرخانە بۆ خوێندنەوەى رووە توتاليتاريى و ناديموكراسييەكانى فيكرى هيگڵ و ماركس. لەم بەشەدا پۆپەر هێرشى گەورە دەكاتە سەر "مێژووگەرايى"ى هيگڵ لەلايەك، و "ماترياليزمى مێژوويى"ى ماركس لەلايەكى تر.

بەبۆچوونى پۆپەر خاڵى هاوبەش لەنێوان ديدى هيگڵ بۆ مێژووگەرايى و تێگەيشتنى ماركس بۆ مێژوو، لەو بۆچوونە ناراستەدايە كە گوايە مێژوو كۆمەڵێك ياساى تايبەتيى خۆى هەيەو بەڕێوەى دەبات، ئەو ياسايانە دەكەونە دەرەوەى ويستى ئينسان و هەڵسوكەوت و پراكتيكەكانييەوە، واتە كۆمەڵێك ياسا كە دەرەنجامى كاركردنى "لۆژيكى ناوەكى"ى مێژوو خۆيەتى.

پۆپــەر لــەنێوان ڕێگەچــارەی ئەنــدازەی کۆمەڵایــەتیی یۆتۆپیــایی و ئەنــدازەی کۆمەڵایەتیی پلە بەپلەدا، دووەمیان بەشیاو دەزانێت.

ئەنجامگیرییـەکانی کتـێبی (کۆمـەڵگای کـراوەو دوژمنـەکانی) بریتییـە لەڕەخنـەگرتنی ئەقڵانی کە بناغەی گەشەسەندنی زانستە، هەروەها ئەمە خەسڵەتی سەرەکیی کۆمـەڵگای کراوەیە.

## کۆمەڵگای کراوەو دیموکراسی و ڕەخنە لەدەوڵەت

پۆپــەر لــەکتێبی (کۆمــەڵگای کــراوەو دوژمنــەکانی)دا بــەرگریی لەدیموکراســی، یــان بەواتایەکی دی لەسۆسیال– دیموکراسی کردووە. بەگوێرەی فەلسەفەی میتۆدۆلۆژییانەی ئەو باشترین شێواز بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی باشتر چارەسەرکردنی هەنگاو بەهـەنگاوی ئەو مەسەلانەیە کە دوچاری کۆمەڵگا دەبن، (واتە ئەندازەی کۆمەڵایەتیی پلە بەپلە).

لەبڕیارە سیاسییەکاندا، هەروەکو تیۆرە زانستییەکان، هەڵە کاتێك ئاشکرا دەبێت کـە ڕەخنە هەبێت، ئەمـەش پێویـستی بـەبوونی (کۆمـەڵگای کـراوە)و فرەجـۆرە. خـۆ ئەگـەر ڕەخنە نەبێت ئەوا کۆمەڵگە نابێت بەکۆمەڵگەیەکی کراوە.

کۆمەڵگای کراوە کۆمەڵگایەکە کە تیایدا سیاسەتەکانی دەوڵەت بەپێی ڕەخنـەلێگرتنی بەردەوام ڕاست دەکرێنەوەو دەگۆڕێن. هەڵبەت گۆڕان لەسیاسەتەکاندا پێویستی بەگۆڕان لەتاقمی دەسەڵاتداردا هەیە. بۆیە بـوونی ئۆپۆزسـیۆنی ڕێکخـراوو ئەگـەری گواسـتنەوەی ئاشتیئامێزانەی دەسەڵاتی دەوڵەت لەگروپێکەوە بـۆ گروپێکـی دی، بـەبێ خـوێن ڕشـتن، مەرجی هاتنەدیی کۆمەڵگای کراوەیە.

بەم پێیە دیموکراسی وەکـو شـێوازێك تـەنها بـەو مانایـەی کـە زۆرینـە حوکمڕانـەکان هەڵدەبژێرن، دیموکراسییەکی ڕاستەقینە نییە. دەشێ زۆربەی خـەڵك کەسـانێك هەڵبـژێرن کە دژ بەکۆمەڵگای کراوەو دامودەزگای مەدەنیی و ئـازادو ڕەخنـەلێگرتن بـن (بـۆ نموونـە دەسەڵاتی هیتلەر لەئەڵمانیای نازیزمدا)، هەروەکو لـەو دیکتاتۆرییەتانـەدا ڕوویانـداوە کـە بەناوی شۆڕشەوە حوکمیانکردووە، (بۆ نموونە دەسەڵاتی کۆمۆنیزم لەسۆڤیێتی جاراندا). ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەدیموکراسی تێگەیشتنێکی ڕواڵەتییە.

دەشێ کۆمەڵگای کراوە نەك هەر لەسەر دەسـتی دیکتـاتۆران و کەمینـەی حـوکمڕان، بەڵکو لەسەر دەستی زۆرینەش گوڕزی لێ بوەشێنرێت. بەم پێیـە دەکرێـت بەرامبـەر بـەو زۆرینانەش بەرگری لەکۆمەڵگای کراوەو دامودەزگا ئازادە دیموکراتەکان بکرێت. ئەوانـەی کە فریودەری خەڵکن و ئەو دیکتاتۆرانەش کە بەشێوازی تایبەتیی خۆیان وایان لەزوربەی خەڵك کردووە کە لەگەڵیاندا بـن و بـەناوی پاراسـتنی بەرژەوەنـدیی خەڵکـەوە کۆمـەڵگای کراوەو دامودەزگا دیموکراتەکانیان لەناو بردووە.

## کۆمەڵگای کراوەو لێکبوردن (التسامح)

مەرجی سـەرەکیی کۆمـەڵگای کـراوە لێکبـوردنی سیاسـییە. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا لێبـوردن بەرامبـەر بـەو گروپانـەی کـە دژی لێکبـوردنی دیموکراسـین زیـان بـەبونیادی کۆمـەڵگای کـراوە دەگەیـەنێت. بـەم پێیـە لـەکاتی پێوسـت و لـەکاتی بـوونی هەڕەشـەی ترسناکدا، پێویستە دوژمنانی لێکبوردن و لایەنگرانی توندوتیژیی سەرکوت بکرێن.

پۆپـەر متمانـەی خـۆی بـەم وتەیـەی ڤـۆلتێر دەبەخـشێت کـە دەڵێـت:"لێبـوردن دەرەنجـامێکی لکـاوە بـەبوونی مرۆڤایەتییـەوە. ئێمـە هـەموومان بەرهـەمی لاوازیـین. هەموومان لەرزیوین و هەڵە دەکەین، لەبەر ئەوە بـا لەیەکدی ببـوورین و لەشـێتی یەکدی ببورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشـت و بنـەمای یەکـەمی سـەرجەم مافـەکانی مرۆڤ"، چونکە وەك پۆپـەر دەڵێـت ئێمـە هـەموومان بوونـەوەرێکی مـرۆیین و زۆرجـاریش دەکەوینە هەڵەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێین کە "رەنگـە مـن هەڵـەبم و رەنگـە تـۆ راسـت بکـەیت"، ئەگـەر دوولایـەنیش پێکـەوە ئەمـەمان گـوت ئـەوا رەنگـە ئەمـە بـەس بێـت بـۆ لێبوردنی دوولایەنەو بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی کراوەو تەندروست.

ئامانج لەکۆمەڵگای کراوە ئەوەیە کە بتوانرێت بەبێ خوێن رشتن دەوڵـەت لەسـەر کـار لابرێت یان بگۆڕدرێت. لەم حاڵەتەشدا ئێمە–وەك پۆپەر دەڵێت– پێویستیمان بەئازادیی هەیە بۆ ئەوەی نەهێڵین دەوڵەت خراپ دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێت، هەروەها پێویستیمان بەدەوڵەت هەیە بۆ ئەوەی جڵەوی خراپ بەکارهێنانی ئازادییەکان بکات.

## تۆتالیتاریزم، دوژمنی كۆمەڵگای كراوە

تۆتالیتاریزم چییە؟ زەحمەتە بتوانین پێناسێكی سادەو چوارچێوەدار بۆ ئەم چەمكە دابرێژین، چونكە ئەمە چەمكێكی فرەلایەن و فرەئاست و ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر بشێت هەندێك لایەنی لەچەند رستەیەكی چڕوپڕدا روونبكەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین تۆتالیتاریزم وەك چەمك بریتییە لەدەسەڵاتێكی دیكتاتۆری كە دەوڵەت تیایدا دەست دەخاتە ناو گشت رەهەندەكانی ژیانی كۆمەڵگاوە، بەدەستخستنە ناو تەفاسیلە وردو تایبەتییەكانی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانیشەوە.

سەرچاوەی زاراوەی تۆتالیتێر Totaliter دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئیتاڵی و كەلتووری سیاسی لەئیتالیا. ئەم زاراوەیە لەڕووی سیاسییەوە لەلایەن ئەنتی فاشیستەكانەوە (دژە فاشیستەكان) لەدژی مۆسۆلینی و بزووتنەوەكەی بەكارهێنرا. "جیۆڤانی ئامێندۆلا" كەسێكی لیبراڵ و ئەنتی فاشیست بوو، لەمیانی خەباتی سیاسییدا لەپەرلەمانی ئیتاڵیاو لەدەرەوەی پەرلەمانیشدا دژی دەسەڵاتی سەرجەمگیرو گشتگیرو سەرتاپاگیر (واتە تۆتالیتاری) دەوەستا، دواتر بوو بەپێشڕەوی ئەو بەرە پەرلەمانتارییەی كە دژایەتیی فاشیستەكانی دەكرد.

پاش ساڵێك لەگرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن فاشیستەكانەوە بەسەرۆكایەتیی مۆسۆلینی، جیۆڤانی ئامێندۆلا سیستمی سیاسیی فاشیستەكانی بە"تۆتالیتێر" ناوبردو وتی ئەمانە خوازیاری دامەزراندنی سیستمێكی تۆتالیتارین كە دەیانەوێت هاووڵاتی بەتەواوی گوێڕایەڵی دەسەڵاتەكانی ئەوان بێت و رێگە نەدات ئینسانەكان رای خۆیان هەبێت و داوای مافەكانی خۆیان بكەن.

رایمۆند ئارۆن كە یەكێكە لەپایەكانی زانستە كۆمەڵایەتییەكانی فەرەنسا، پێنج رەگەزی سەرەكیی تۆتالیتاریزم دیاریدەكات كە ئەمانەی خوارەوەن:

١- تاكە حزبێك مۆنۆپۆلی چالاكیی سیاسی دەكات.

٢- ئەو حزبە لەسەر ئایدیۆلۆژیایەك دروست دەبێت، ئەو ئایدلۆژیایە دەبێت بەحەقیقەتی رەسمیی دەوڵەت.

٣- ئەو حزب و ئایدیۆلۆژیایە بەتەنها مۆنۆپۆڵی زەبروزەنگ و قەناعەتپێکردن دەکەن.

٤- دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر بەشێکی زۆری چالاکییە ئابووریی و پیشەییەکان، ئەو چالاکییانەش ملکەچی حەقیقەتی رەسمیی دەوڵەت دەبن.

٥- هەر هەڵەیەکی ئابووریی یان پیشەیی، دەبێت بەهەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیی کە خاوەنەکەی لەسەر سزا دەدرێت.

رژێمی تۆتالیتاری تەنها بەوە ناوەستێت کە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بەدەسەڵاتی سیاسی بپارێزێت، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنێت و بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ کشانەوە. واتە رژێمی تۆتالیتاری لەبابەتی رژێمە دیکتاتۆرە تەقلیدییەکان نییە کە ئاسایشی هاوڵاتییان دەستەبەر بکات بەرامبەر بێدەنگبوونیان و کشانەوەیان لەکاری سیاسی، لەسایەی ئەو رژێمەدا دەبێت هەمووان سیاسەت بکەن و هەمووان بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات بکەن، بەو جۆرەی کە بۆیان دیاری دەکرێت، نەك بەو جۆرەی کە خۆیان هەڵیدەبژێرن.

کاتێك رژێمی تۆتالیتاری دێتە سەر حوکم، هەمیشە پەیمانی سەقامگیرکردنی دۆخی وڵات دەدا بەجەماوەرەکەی، بەڵام هەرگیز ئەو پەیمانەی خۆی جێبەجێ ناکات و وڵات لەدۆخێکی ناجێگیر و نائاسایی بەردەوامدا دەهێڵێتەوە، واتە هەرگیز رێگە نادات هەستکردن بەئارامی و کۆتاییهاتنی باری نائاسایی لەناخی خەڵکیدا بچەسپێت. لەو پێناوەدا رژێم پێویستیی بەشەڕی بەردەوام و سازدانی سیناریۆی بەردەوام هەیە سەبارەت بەوەی کە دەسەڵات و شۆڕش لەبەردەم مەترسیدان.

## پوختەی باسەکە:

کارل پۆپەر لەهەردوو بەشی کتێبی "کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی"دا بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە رێگرن لەبەردەم دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و کراوەو تەندروستدا، پۆپەر وایدەبینێت یەکێك لەرێگرییە هەرە ترسناکەکانی بەردەم ئەو چەشنە

کۆمەڵگایە بریتییە لەتۆتالیتاریزم کە لەسەدەی بیستەمدا لەفۆرمی نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتاڵی و ستالینیزمی سۆڤیێتیدا بەرجەستە بووە.

کاتێکیش بەدوای ریشەی مێژوویی ئەم رەوتەدا دەچێت، رەگی فیکری سەرجەمگیریی و مێژووگەرایی لەلای سێ بیرمەندو فەیلەسوفی گەورەدا دەبینێت، ئەوانیش: ئەفلاتون و هیگڵ و مارکسن، کە رەخنە ئاراستەی هەرسێکیان دەکات بەو پێیەی ئەمانە بنەما فیکرییەکانی تۆتالیتاریزمیان دارشتووە، بۆنموونە ئەفلاتون فەیلەسوفەکان هەڵدەبژێرێت و دەیانکات بەو توێژە هەڵبژێردراوەی کە دەتوانن لەپاشاکان باشتر وڵات بەرێوەبەرن، چونکە فەیلەسوف دەزانێت چی باشەو چی خراپە، کەچی رەشەخەڵکەکە بێئاگان و هەمیشە پێویستییان بەفەیلەسوفی سەرکردە هەیە. بەڵام هیگڵ لەدیدی میللەتی هەڵبژێردراوەوە پێیوایە رەگەزی میللەتی ئەڵمانیا دەتوانێت مێژوو بگۆرێت، بەڵام مارکس چینی پرۆلیتاریا هەڵدەبژێرێت و دەیکات بەرابەری شۆرش و گۆرانکاریی و حوکمرانی، کە ئەمانە هەریەکەیان بەجۆرێك سیستمی تۆتالیتاری جێگیر دەکەن و کۆمەڵگا بەداخراوی دەهێڵنەوە.

کۆمەڵگای کراوە دژی دەسەڵاتی سەرجەمگیرو گشتگیرە، هەوڵ بۆ دەسەڵاتی فرەیی و دیموکراسی و عەلمانی دەدات و دەیەوێت بەشێوەیەکی ئاشتییانە دەسەڵات بگۆردرێت، فرەیی و کرانەوە لەهەموو ئاستەکاندا بەرقەرار بێت، واتە هەم لەپەرلەماندا فرەحزبی هەبێت و وڵات بەرێوەببات، هەم لەژیانی کۆمەڵگاداو لەبرپاردانی سیاسیدا فرەیی (پلورالیزم) برەوی هەبێت. بەم پێیە کۆمەڵگا پلەبەپلەو هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێشەوە دەچێت و دەبێت بەکۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران (رەفاهی).

**تێبینی**: ئەم بابەتە بەشێکە لەلێکچەرەکانی وانەی (سۆسیۆلۆژیای مەعریفە)، بۆ قۆناغی سێیەمی بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

١- كارل پۆپەر، كۆمەڵگای كراوەو دوژمنەكانی، وەرگێڕانی: ئیدریس شێخ شەرەف، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر ٢٠٠٦.

٢- مەریوان وریا قانیع، كارل پۆپەرو كۆمولگای كراوە، رۆژنامەی ئاوێنە ٢٠٠٨/٢/٢٢.

٣- حسین بشیریە، كارل پۆپەر، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری (سەردەم) ژمارە (٧) ساڵی (٢٠٠٠)، فایلێكی تایبەتی لەبارەی كارل پۆپەرو كۆمەڵگای كراوە.

٤- كارل پۆپەر، لێبوردن و بەرپرسیارێتیی فیكری، وەرگێڕانی: رێبین هەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥- د.شاهۆ سەعید، وانەكانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، بۆ قۆناغی چوارەمی بەشی كۆمەڵناسیی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧.

٦- كارل پۆپەر، بیرۆكەیەك دەربارەی تیۆرو پراكتیكی حكومەتی خەڵك (دیموكراسی)، وەرگێڕانی: محەمەد كەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- كارل بوبر، فیلسوف الانفتاح وعدو الشمولیە، موقع () عبر الانترنیت.

٨- د.فریدریك معتوق، تطور علم اجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات أساسیة، دار الطلیعة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٨٢.

٩- هانا ئارنێت، بنەماكانی تۆتالیتاریزم، وەرگێڕانی: حمەڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

١٠- د.شاهۆ سەعید، پێشەكیی كتێبی (بنەماكانی تۆتالیتاریزم)ی هانا ئارێنت، وەرگێڕانی حمەڕەشید، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٧.

١١- عادل باخەوان، لەفەیسەڵەوە تا تاڵەبانی-عیراقی پۆست سەدام لەتاقیكردنەوەی دیموكراسیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠٠٦.

١٢- مەریوان وریا قانیع، دیكتاتۆریەت و توتالیتاریزم، گۆڤاری (سەردەمی رەخنە)، ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٥.

١٣- ئاراس فەتاح، تیۆرییەكانی توتالیتاریزم، گۆڤاری (سەردەمی رەخنە) ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٠٥.

# قسەم بێ درۆیە
# بۆیە وەک چەقۆیە



## لەتیف هەڵمەت

لەژمارە (٢٦)ی گۆڤاری هەناردا برای بەڕێزم کاک محەمەدی کاکەڕەش شیعرێکی بەناونیشانی (من و خۆم) بڵاوکردووەتەوە، من بەبێ سێ و دوو دەڵێم کاکە حەمە لەناونیشانی شیعرەکەیەوە تاوەکو کۆتایی لەمنی وەرگرتووەو ئەم بابەتە بابەتی منەو کەس لەکۆن و نوێی جوگرافیای شیعری کوردیدا پێش من (من و خۆم)ی بەکارنەهێناوەو ئەمە بابەتێکە پەیوەندی بەو شێوازە سۆفیگەرییە تایبەتییەوە هەیە کە من لەسەرەتای سالآنی حەفتای سەدەی بیستەوە رەچاومکردووەو پێوەی پەیوەستم و خۆ ئەگەر کاک محەمەد لەدوورو نزیک ئاماژەی بەو چوار پێنج شیعرەی من بدابایە کە بەر لەو من بڵاومکردوونەتەوە، ئەوسا من هەرگیز هیچ گلەیی و گازندەیەکم لێ نەدەکرد.. شایانی باسە جارێکی دیش کاک محەمەد کاکەڕەش شێوازێکی شیعری دیمی رەچاوکردووەو لاسایی کردووەتەوەو سەربازی ئەوە پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە من ئەو جۆرە شیعرەم لێوەرگرتووە.. تاوەکو برای شاعیرم کاک محەمەد کۆردۆ بەنووسینێك وەلآمی دایەوەو پێیگوت لەتیف هەڵمەت و چەند شاعیرێکی دی چەند ساڵ بەر لەو ئەو جۆرە شێوازەیان رەچاوو بەرجەستەکردووە نەك لەشیعرێکدا، بەڵکو لەچەندین شیعردا...

حەز ناکەم لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم، بەڵام دەڵێم لەسەرەتای حەفتاکانەوە تاوەکو ئێستا ئەم و ئەو شێوازی شیعری منیان دزیوەو دەدزن و زۆر گوێم نەداوەتێ، بەڵام لەم شیعرەوە کە کاک محەمەد کردوویەتی بەشێوازی خۆی و ئاماژەی بۆ ئەو شیعرانەم

نەكردووە كە ئەم شیعرەو شێوازی ئەم شیعرەی لێوەرگرتووە ئامادەم جەنگی سێیەمی جیهانی هەڵبگیرسێنم، چونكە شیعریش نیشتمانێكە كاتێ دەكەوێتە بەر شاڵاوی داگیركەر پێویستە بەجۆرێك لەجۆرەكان بەرگری لێبكەی ئێستاش بفەرموون كۆپلەیەك لەشیعرەكەی محەمەد كاكەڕەش و چەند كۆپلەیەكی ئەو شیعرانەی خۆم دەخەمە روو كە كاك محەمەد كاكەڕەش شیعرەكەی خۆی لێهەڵهێنجاوە:

## من و خۆم

**كەس وەكو خۆم دڵی منی نەشكاندووە**

**كەسێک نییە من و خۆم ئاشت كاتەوە**

**لەهەموو دنیا خۆشدەبم لەخۆم نەبێت**

**كەس شک نابەم منی لەلا دانێم**

**خۆمی شێت كردووە**

حەمە كاكەڕەش/ سوید

گۆڤاری هەنار، ساڵی سێیەم، مارسی ٢٠٠٨، ژمارە ٢٦.

## تەبایی شتە ناتەباكان

**هەرچی كاتێ بەخۆم دەگەم**

**ئەو هەڕەشەم لێدەكات و**

**من هەڕەشەی لێ دەكەم**

***

**هەتا ئێستاش خۆم و من**

**پەنجە لێک رادەوەشێنین**

**وەک دوو دوژمن**

**لەوانەشە دوو دۆست بن...**

***

لەتیف هەڵمەت

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠٠٧/٦/٧.

**من و خۆم**

**لەشەڕێکی بێ وچان دان**

**وەک دەنکە شقارتەو مۆم**

**خۆم و من**

**هەمیشە لێک تووڕە دەبن.... هتد**

*******

قەسیدەی: سکێچ و هێڵکاری چەند تابلۆیەك، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری هـەنار، ژمـارە (١٣) ساڵی دووەم، فەبریوەری ٢٠٠٧.

**بەخۆمەکەی دی (خۆم)م گوت**

**تۆ لەمن دەچی کوتوموت**

**وتی تۆ کێی**

**بۆ من لەکوێ بم تۆش لەوێی**

*******

**نەمن ئەو دەناسم و نە ئەو... من**

**(خۆم)ەکەی دی نازانم دۆستە یا دوژمن**

قەسـیدەی: لەدیوانەکـەی بـۆدلێردا، لـەتیف هەڵمـەت، گۆڤـاری هـەنار، ژمـارە (٢٥)، فەبرایەری ٢٠٠٨.

**بەیەکەوە دەمامکی یەکترمان**

**لەڕوخساری یەکدی ئاڵان**

**من بووم بەتۆو تۆش بووی بە من**

**کەس نازانێ هەردووکمان**

**دوو دۆستین یا دوژمن**

**خۆم و من...**

***

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمار (٥٥٧)، ٢٠/٣/٢٠٠٨، لەتیف هەڵمەت.

**ژوورێک بۆ ئەو**

**ژوورێک بۆ من**

**ژوورێک بۆ خۆم**

**ژوورێک بۆ لەتیف شێخ مەحمود شێخ محەمەد شێخ حەسەن کەسنەزانی**

**ژوورێک بۆ لەتیف هەڵمەت**

قەسیدەی: ژووره نهێنییەکان، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری (شین) حەزەیرانی ٢٠٠٥.

***

**من نانووسم**

**خۆم دەکەم**

**بەشەختەی خۆڵەمێش و تەم**

چامەیەکی وەك نیشتمان لەتلەتکراو، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٢٥)، حوزەیرانی، ٢٠٠٥.

***

**لەوەتی هەین**

**جگە لەخۆمان**

**لەم ئاوێنە تاریکەدا**

**چی ڕاودەکەین**

قەسیدەی: چەپکێ درك چەپکێ پەلکە زێڕینە، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری بانەڕۆژ، ژمارە (١٣) کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤.

**دوێنێ (من).. من بووم**

**بشێ ئەمڕۆش**

**هەر ئەو (من)ەی دوێنێ بم**

***

**چ بکەم**

**هاوڕێتیم لەگەل خۆمدا پێ ناکرێ**

***

**خۆمم لەسەر شۆستەی خودی خۆمدا**

**لەیادچووە**

***

کۆمەڵە هۆنراوەی (ددانی پاشەڕۆژ وەك ددانی جەنگی سپییە) لاپەڕە (٤٥–٧١–٩٩)، ٢٠٠١، سلێمانی، لەتیف هەڵمەت.

***

ئەم نموونە شیعرییانەی خۆم دیکۆمێنت و بەڵگەی ڕاستەوخۆی ئەوەن کە حەمە کاکەڕەش شێوازو بیرۆکەو زمانی شیعری ئاماژە بۆ کراوەی خۆی لەم شیعرانەی منەوە وەرگرتووەو ئەم شێوازو هەناسە شیعرییە مولکی منەو مۆرکی منی گرتووەو حاڵەتێکی سۆفییانەی خۆمەو کاکە حەمە وەریگرتووەو هیچ ئاماژەیەکی بۆ وەرگرتنەکەی نەکردووەو هیوادارم خوێنەرانی خۆشەویست دەقی تەواوی شیعرە لەمن وەرگیراوەکەی حەمە کاکەڕەش و دەقی تەواوی شیعرە لێوەرگیراوەکانی منیش لەو سەرچاوانەدا بخوێنێتەوە کە من ئاماژەم بۆ کردوون.. بۆ ئەوەی ڕاستی و دروستی لەلا ڕوونبێتەوەو من دووبارەو بەسەرگەرمی و بەبێ دوودڵی دەڵێم کەس بەر لە من لەئەتڵەسی کۆن و نوێی شیعری کوردیدا لەبابەتی وەك (خۆم و –من–دا) کاری شیعری نەکردووەو دەبوایە حەمە کاکەڕەش ئەوەی بزانیایە دەنگی لەتیف هەڵمەت نادزرێ و لاسایی ناکرێتەوە...خۆ ئەگەر ئاماژەیەکی بچووکیشی بۆ من و دەستپێشکەری من بکردایە.. من هەرگیز شەڕە قەڵەمم لەگەڵدا نەدەکرد...

مـن بەڕاسـتی دەیڵێم ئـەو شـیعرەی کاکـە حەمـە کاکـەڕەش لاسـاییکردنەوەی مـن و ویستوویەتی بەدرێژەدان بەشیعرەکەو دووبارەکردنەوەی ماناکان و درێـژدادڕیی لـەفۆرمی شیعرەکەیدا کاریگەریی و مۆرکی من لەشـیعرەکەدا ونبکـات.. یـا بیـسڕێتەوە، بـەڵام ئـەو بێئــەوەی پێــی بزانێــت و بــەو درێژدادڕییــەی لەشــیعرەکەیدا کەوتۆتــە هەناســەبڕکێ و ناچاربووە ناوەرۆکەکان دووبارە بکاتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەو جـۆرە شـێوازە شیعرە شـێوازی شـیعری خـۆی نییـە نـەیتوانیوە کـۆنترۆڵی بکـات و نازانێـت ئـەمجۆرە شـیعرە نەفەسی کورتی دەوێت و دەبێ لەفۆڕمێکی چڕو پڕو کورتدا بنووسرێت، جگە لەوەش ئەم جیاکردنەوەیەی (من) لە (خۆم)و بەدووکەسکردنی (من) یاخود (خۆم) لەچـەند شـیعرێکی دیمدا بەجۆرێکی دی مامەڵەم لەگەڵ کردووە، هەر بۆ نموونە:

**دوو وێنە**

**بۆ یەکدی**

**هەر دەدوێن بەکپی**

**مناڵی دەم و روو بەخەندە**

**پیاوێکی موسپی**

***

**دوو وێنە**

**وێنەی منداڵیی و پیرێتی**

**یەک شاعیر**

**دوو وێنە**

**بەدوو رێی جیاوازدا**

**دەچوون و هەردەچوون... هتد**

***

گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (٢٤) ئازاری ٢٠٠٥، لەتیف هەڵمەت.

**من دووانم دووان**

**یەکێکیان خۆمم و**

**ئەوی دییان**

**راوچییەکە مانگ راو دەکا**

**لەگوێی سیروان**

***

**من دووانم دووان**

**یەکێکیان**

**نوێژ بۆ خوا دەکات و**

**دووەمیان**

**قوتابییە لەلای شەیتان**

***

گۆڤاری هەنار، ژمارە (١٣)، ساڵی دووەم ٢٠٠٧، لەتیف هەڵمەت.

***

لەڕاستیدا حەزمدەکرد ئەو برادەرانەی کە لەسەر شیعرەکەی کاکە حەمە بیروڕای خۆیان خستبووەڕوو ئاگاداری ئەم راستییە بن و ئیتر بێ سێ و دوو لەسەر هیچ دەقێك نەنووسن...

ئیتر دەڵێم کاکە حەمەی برام دڵنیابە.. دڵنیا قسەم بێ درۆیە بۆیە وەك چەقۆیە... تۆ شاعیریشی بۆیە وەڵامم دایەوە.. ئەگینا سوێند بەخوای مەزن من وەڵامی فەریکە شاعیرو هێلکە شیعرنووس نادەمەوەو نایشارمەوە تۆ شاعیرێکی لەو شاعیرانەی زۆر شیعرتم بەدڵەو بەلامەوە جوانە، بەڵام برا گیان ئەمە دووەمجارە هەڵەی وا دەکەیت، توخوا ئەم هەڵەیە سێبارە مەکەرەوە تۆ خۆت دەوڵەمەندی بۆ دزی دەکەیت...؟!

# دانیلفسكی

# و

# لێكدانەوەی شارستانێتی

# بۆ

# مێژوو



## (توێژینەوەیەكی شیكاریی-رەخنەییە)

نووسینی: كامەران محەمەد

**پێشەكی:**

شارستانێتی لەسادەترین پێناسەیدا تەواوی ئەو دەسكەوتە ماددی و مەعنەوییانە دەگرێتەوە كە رۆڵەكانی كۆمەڵگەیەك لەكۆمەڵگەكان لەماوە مێژووییەكانداو لەپێناو باشتركردنی ئاستی گوزەرانیان بەدیدەهێنن. بۆیە توێژینەوەی ئەو شارستانێتییانەی كە لەكۆمەڵگە مرۆییە جیاوازەكاندا دەركەوتوون و دیاریكردنی هۆكارەكانی دەركەوتن و پەرەسەندن و هەڵوێستەكردن لەسەر هۆكارەكانی لاوازیی‌و لەناوچوونیان ئەو بناغەیە پێكدێنن كە فەلسەفەی مێژووی لەسەر رادەوەستێت و ئەو ئامانجە ناوەندییەش

دروستدەکەن کە مێژوونووسان و جگە لەوان لەمیانەی توێژینەوەی مێژوودا هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن.

ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو جۆرە توێژینەوە فەلسەفییە شارستانێتییانە دەیانگەیەنێتە کۆمەڵە راستییەکی هەمەکی(الکلی)، کە یارمەتیدانانی چەند یاساگەلێك دەدات بۆ تێگەیشتنی مێژووی مرۆڤایەتیو پێشبینیکردنی داهاتووەکەی. هەروەکو نموونەی ئەو توێژینەوانە هەوڵی زانینی ئەو هۆکارە گشتیانە دەدات کە لەپشت دیاردە (کۆمەڵایەتیو ئابوورییو سیاسییو...هتد)کانەوە راوەستاوە.

لێرەوە لێکدانەوەی شارستانێتی بۆ مێژوو سنووری رووداو و دیاردە تاکێتییە مێژووییەکانی، وەك (مێژووی سەرکردەیەك، رێکخراوێك، خێڵێك، قەوارەیەکی سیاسیی دیاریکراو و...هتد) تێدەپەڕێنێتو بەرەو ئاستێکی فراوانی وەك شارستانێتی (بەهەموو رەگەزە پێکهێنەرەکانییەوە) هەنگاودەنێت. واتە لێکدانەوەی شارستانێتی واتایەکی فراوان بەمێژوو دەبەخشێتو سنوورەکانی هێندە فراوان دەکات کە بتوانرێت گوزارشت لەمێژوو بکات و ئەو چەمکە (چەمکی مێژوو) لەتاکە رەگەزێکی دابڕاودا قەتیس نەکات.

لەم سەربەنەوە نەبوونی ئەو جۆرە توێژینەوانە لەکایە مەعریفیو ئەکادیمییەکانی ئێمەدا تائێستاو بۆئەوەی بتوانین لەڕەهەندگەلێکی فراوانەوە مێژوو بخوێنینەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. نەك تەنیا لەتاکە رەهەندێکی وەك سیاسەتەوە. ئەمەش بۆئەوەی بتوانین بەو هۆکارانە ئاشنابین کە دەبنە هۆی دروستکردنو پێشکەوتنی شارستانێتیو لەپرۆسەی بنیاتنانی شارستانێتیماندا لێی بەهرەمەند ببین.

لەبەرئەوە بەگرنگمانزانی ئەم توێژینەوەیە بۆ تیۆری(جۆری شارستانێتییە-مێژووییەکان)ی فەیلەسوفی رووسی (دانیلڤسکی) تەرخان بکەین، کەبەیەکێك لەڕێبەرانی لێکدانەوەی شارستانێتی بۆ مێژوو دادەنرێتو لەو بوارەدا پێش هەریەك لە (ئشبنگلەرو توینبی)کەوتووە.

ئەوەی زیاتر گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەخاتەڕوو توێژینەوەی تیۆرێکە کە لەدەرەوەی شارستانێتی ئەوروپی رۆژئاوا نووسراوەو تێڕوانینێکی جیا لەو تێڕوانینە باوانەی سەر بەو شارستانێتیە پێشکەشدەکات. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە زۆر گرنگی بەتێڕوانینەکانی نەدراوە، یاخود فەرامۆشکراوە.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەش لەپێشەکییەك‌و حەوت تەوەری سەرەکی پێکهاتووەو دواتر لەدووتوێی چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانیشمان خستووەتە ڕوو:

لەتەوەری یەکەمدا باسمان لەژیان و بەرهەمەکانی دانیلڤسکی کردووە.

لەتەوەری دووەمیشدا لەئامانجی توێژینەوەکەی دانیلڤسکی دواوین.

لەتەوەری سێیەمیشدا باسی بواری توێژینەوە مێژووییەکانمان کردووە.

لەتەوەری چوارەمیشدا پۆلێنکردنی شارستانێتییە مێژووییەکانمان خستووەتە ڕوو.

لەتەوەری پێنجەمیشدا لەقۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانێتییەکان دواوین.

لەتەوەر شەشەمیشدا باسمان لەڕووخانی شارستانێتییەکان کردووە.

لەتەوەری حەوتمیشدا تیۆری جۆری شارستانێتییە مێژووییەکانی(دانیلڤسکی)یمان هەڵسەنگاندووە.

لەکۆتاییداو لەمیانەی چەند خاڵێکدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدێکی(شیکاری–ڕەخنەییە). شیکارییە بەو واتایەی تەواوی خاڵە پانەکانی تیۆرییەکەمان شیکردووەتەوە. ڕەخنەیشە بەو واتایەی بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە مامەڵەمان لەگەڵ تیۆرییەکەدا کردووەو هەڵمانسەنگاندووە.

بێگومان چەند سەرچاوەیەکی بنەڕەتی پشکیان هەبوو لەگەڵاڵەکردنی ئەم توێژینەوەیەداو لەپێش هەموویانەوە کتێبی(مستقبل الحضارة)ی (چ.دی بویس) کەتەواوی دەقە ڕەسەنەکانی (دانیلڤسکی)یمان سەبارەت بەو تیۆرە وەرگرتووەو کەلێنێکی گەورەی توێژینەوەکەی پڕکردەوە. هەروەها سوودمان لەچەند سەرچاوەیەکی ئەلکترۆنی وەرگرت کەزانیاری دەوڵەمەندو گرنگیان دەربارەی ژیانی و تیۆرەکەش لەخۆگرتبوو. لەو سەرچاوانەش: بابەتی:

(Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia. (http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky)

ئەم توێژینەوەیەش وەك هەر توێژینەوەیەکی دیکە بێ گیروگرفت نەهاتووەتە بوون، بەڵکو گەورەترین گرفتی ئەم توێژینەوەیە نەبوونی دەقی تەواوی تیۆرەکە بوو، بەڵام کتێبەکەی(چ.دی بویس) بەشێکی زۆری ئەو گرفتەی بۆ چارەسەرکردین. هەروەها

نەبوونی سەرچاوەی پێویست سەبارەت بە(دانیلڤسکی) گرفتێکی دیکەی توێژینەوەکە بوو.

لەکۆتایدا هیوادارین توانیبێتمان بەم پشکدارییە خزمەتێکی خاکییانەمان بەمێژووو شارستانێتی نەتەوەکەمان کردبێتو ئومێدەوارین ئەم توێژینەوەیە ببێتە دەسپێكو رێخۆشکەرێك بۆئەوەی لەناوەندە زانستیی و زانکۆکانی کوردستاندا چەندەها توێژینەوەی دیکەی بەدوادا بێت.

## ژیان و بەرهەمەکانی دانیلڤسکی

### ژیانی:

نیکۆلای یاکۆڤیچ دانیلڤسکی ( Nikolay Yakovich Danilevsky) لە٢٨ تشرینی دووەمی (١٨٢٢) لەگوندی ئۆبێرتس(Oberets) لەئوریل ئۆبلاست(Oryol Oblast) لەدایکبووە. وەك یەکێك لەخێزانە خانەدانەکانلە تسارسکۆی سیلۆلیوسیم( Tsarskoye Selo Laceyum)خوێندویەتیو پاش دەرچوونی لەنووسینگەی وەزارەتی سەربازیی دامەزراوە. دواتر لەپیشەی سەربازیی بێزاردەبێتو لەزانکۆی سانت پیترسبیرگ( st petrsburg)دەستی بەخوێندن کردووەتەوە. لەوێدا(فیزیاو ماتماتیك)ی خوێندووەو خۆی بۆ داکۆکیکردن لەنامەی ماستەرەکەی کە لەسەر رووەکی ناوچەی دەریای رەشی روسیای ئەوروپیی بوو، ئامادەکرد. پاشان لەساڵی(١٨٤٩) بەهۆی ئەندامێتی بەناوەندی سیاسیی(پیتراشڤیسکی)* دەگیرێتو لەقەڵای پیترۆ بۆڵ بۆ ماوەی (١٠٠) رۆژ زیندانییکرا. دواتر بۆئەوەی لەژێر چاودێریی پۆلیسدا بژی بۆ ڤۆلگا (Vologda)یان ناردو لەوێ لەبەڕێوبەرێتیی هەرێمیدا کاری دەکرد[١].

لەساڵی (١٨٥٢)دا بۆ گەشتێکی دۆزینەوە بەسەرۆکایەتی (کارل ئرنست ڤۆن بەیر- Karl Ernst Von Baeer)، کە مەبەستیان نرخاندنی پیشەسازیی ماسیگرتن بوو لە(ڤۆلگا)و (دەریای کاسپیان) دایانمەزراندو ئەم گەشتە چوار ساڵی خایاند. دواتر لەفەرمانگەی کشتوکاڵیی وەزارەتی سامانو زەویوزار دامەزرێندرایەوە. بۆماوەی زیاتر لەبیست ساڵ سەرپەرشتی گەشتەکانی دەریای سپی، دەریای رەش، دەریای ئەزۆن، دەریای کاسپیانو ئۆقیانووسی ئەدریاتیکی دەکرد. ئەو شارەزاییانەی لەمیانەی ئەو

گەشـــتانەیدا بەدەســـتیهێنا، بـــووە هـــۆی دانـــانی کتێبێـــك لەســـاڵی(١٨٧٢) بەناونیشانی(پشکنینی بارودۆخی ماسیگرتن لەروسیا)[٢].

لـەپاڵ ئـەو کارانـەی کـە لەسـەر بەرهەمـەکانی ماسـیگرتن و بازرگـانیکردن بەسـەگی دەریـا-ماسـی خۆرەکـان (Seal)ئەنجامیـدابوون، لـەماوەی نێـوان سـاڵانی (١٨٧٢-١٨٧٩)شـدا سـەرۆکی ئـەو لیژنـە لێکۆڵینەوەییـە بـوو کـە رێکخستنی ئـەو یاسـایانەی لەئەستۆگرتبوو، کە بۆ سوودوەرگرتن لەئاوی باران لەناوچەی کریمیا(Crimea) دانرابوو. هـەروەها لـەماوەی سـاڵانی(١٨٧٩-١٨٨٠)باخـچەی نیکتـسکی بۆتانیکـەڵ ( Nikitsky Botanical)ی بـەڕێوەدەبرد. دواتـر بـووە ئەنـدامی ئـەو لیژنـە لێکۆڵینەوەییـەی کـە بـۆ لێکۆڵینەوە لەپەتای مێشی ترێ دیاریکرابوو. هەروەها نووسراوەکانی لەسەر کەشناسییو جیۆلـۆجیو جیۆگرافیـاو رەگەزناسـیی روسـیا وایلێکـرد کـە مـەدالیای زێـڕین لەلایـەن (کۆمەڵگەی جـوگرافی رووسـی)یـەوە بەدەسـتبهێنێت. دانیلڤسکی لـە(٧تـشرینی دووەمـی ١٨٨٥) لـە(تـەفلیس-Tiflis) وڵاتـی جۆرجیـا کۆچـیی دواییکـردو لەموڵکەکـەی خـۆی( مشانکە-Mshanka) لەکەناری کریمیا بەرانبەر بە(ئەستەنبوڵ) نێژرا[٣].

## بەرهەمەکانی:

## بەرهەمە سەرەکییەکانی دانیلڤسکی بریتیبوون لە:

### پەرەسەندن-Evolution:

بەرهەمی سەرەکی دانیلڤسکی لـەم بـوارەدا بریتیبـوو لـەئامادەکردنی توێژینەوەیـەك لەســـاڵی (١٨٨٥) بـــەناوی (داروینیـــزم: توێژینەوەیـــەکی رەخنەگرانـــە-Darwinism:Critical Research) کـە زیـاتر لـە(١٢٠٠)لاپـەڕە پێکهـاتبوو و تێیـدا بەڵگەگەلێکی زۆری دژ بـەتیۆری پـەرەسـەندنی داروین لـەخۆگرتبوو. بەشـێکی زۆری ئـەو بەڵگانە، کۆکراوەی ئەدەبیاتی ئەو کاتە بوو کە دژ بەو تیۆرە نووسـرابوون. ئەمـە بـەرگی یەکـەمی بەرهەمـە دوورو درێژەکـەی بـوو، بـەرگی دووەمـیش تیۆرییـەکانی دانیلڤـسکی لـەخۆگرتبووو بـە(لاهوتناسـیی سروشـتی) ناسـراوە، بـەڵام مـردن رێگربـوو لەبـەردەم تەواوکردنی ئەم بەرگەیدا، ئەوەش کە لـەدوای مردنـی بەچـاپ گەیـەنرا، تـەنیا توێژینـەوە رێخۆشکەرییەکانی لەخۆگرتبوو[٤].

دانیلڤسکی کـەوتبووە ژێـر کاریگـەریی (ڤـۆن بـەیر)و گەشـەی بەتیۆرییـە (غائیـە) پەرەسەندنییەکەی دا. ئەمەش ئەوی بـەرەو رەخنـەگرتن لـەتیۆری پەرەسـەندنی داروین لەساڵی(١٨٧٠) ئاراستە کرد. دانیلڤسکی لـەتیۆری (ڤـۆن بـەیر) بیرۆکـەی زیلـسترێبگاتو مـداش(Zielstrebigkeit & Mdash)وەرگـرت، کـە بـەزمانی ئـەڵمانی واتـای (تـاکێتی مەبەست)دێت[٥]، بەڵام دانیلڤسکی بۆ مەبەستە ئایینییەکە بەکاری هێناو ئەوەی دەگووت کە بەدیهێنانو پەرەسەندنی جیهان مەبەسـتێکی ژیرانـە لەپـشتیەوەیەتی و دوای ویـستی بەدیهێنەرە خواییەکەی کەتووە.

## ١) تیۆری جۆری شارستانێتییە مێژووییەکان:

لەسـاڵی (١٨٦٩) دانیلڤـسکی لـەگۆڤاری (زاریـا–Zarya)زنجـیرە وتـارێکی بەناونیـشانی:(روسـیاو ئـەوروپا: تێڕوانینێـك دەربـارەی پەیوەندییـە شارسـتانێتیو سیاسـییەکانی نێـوان جیهـانی سـلاڤیو جیهـانی جـەرمانی رۆمـانی– Russia and Europe:A look at the cultural and political relations of the Slavic world to the Romano-German world)، بڵاوکـردەوە[٦]، بـەڵام دواتـر بەشـێوەی توێژینەوەیـەکی زانـستیی (Monogragh)بڵاویکـردەوە[٧]. دانیلڤـسکی بـەم کـارەی ناوبـانگێکی جیهـانی بەدەسـتهێنا. بڵاوبوونـەوەی ئـەو وتارانـە لـەکاتی خۆیـداو لەڕوسـیا گرنگییەکی زۆری پێدرا، بـەڵام تاساڵی (١٨٩٠) بـۆ زمـانی فەڕەنـسیو سـاڵی (١٩٢٠) بـۆ زمـانی ئـەڵمانی وەرنـەگێڕدرا، بـەڵام بـۆ زمـانی ئینگلیـزی هـەر وەرنـەگێڕدرا، بۆیـە بۆچوونەکانی لەجیهانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا وەك پێویست نەناسران[٨].

## ئامانجی تیۆری جۆری شارستانێتییە مێژووییەکان

وەك لەناونیـشانی تیۆرەکـەدا دەردەکـەوێت دانیلڤـسکی مەبەسـتی دۆزینـەوەی فەلسەفەیەکی بەراوردکاریی شارسـتانێتییەکان نـەبوو، بـەڵکو لەبنەڕەتـدا تێڕامانێك بـوو لەپەیوەندییـەکانی نێـوان روسـیاو ئـەوروپاو روونکردنـەوەی ئـەو هۆکارانـە بـوو، کەدوژمنایـەتی بەسـەرئەو پەیوەندییانـەدا سـەپاندووەو ئەوەشـی روونکردووەتـەوە، کـە بۆچی بەو شێوەیەو بەو تێپەڕبوونە تەمەنی چەندەها نەوە وەك خۆی ماوەتەوە. نووسەر

ئەو راستییە بۆ رقی زگماکی ئەوروپپیەکان بەرانبەر بەڕوسیا دەگێڕێتەوە. ئەو رقەش تەنیا خۆی لەسەر تاکە ئاستێك نانوێنێت، وەك خۆی دەڵێت:"بڕوانە هەر وتارێك لەهەر رۆژنامەیەکی ئەوروپی کە دەربارەی روسیا نووسرابێتو گوزارشت لەهزری بەئاگایانی جەماوەر دەکات و بڕوانە ئەو بڵاوکراوە فەرمیانەش کە حکومەتە ئەوروپپیەکان سەبارەت بەڕوسیا دەریانکردووە، لەهەموو شوێنێکدا هەمان گیانی دوژمنکاریی بەدی دەکەیت، کە شێوەی گومان یا رق یاخود بەکەمزانینی ئاست...هتد لەخۆدەگرێت"[٩]. لەبەر ئەوە بەلایەوە ئەوروپا روسیا بەوڵاتێکی نامۆ لەخۆی دادەنێت. ئەو رقەش بۆ ئەو دۆخە رووخاوییە دەگەڕێتەوە کە شارستانێتی ئەوروپی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەمە لەکاتێکدا شارستانێتی رووسی لەبووژانەوەدایە[١٠].

## بواری توێژینەوە مێژووییەکان

دانیلڤسکی بەپێچەوانەی زۆر لەو مێژوونووسانەوە کە مێژووی (نەتەوەیەکی دیاریکراو) یاخود (دەوڵەتە نەتەوەییەکان) بەبواری توێژینەوە مێژووییەکان دادەنێن، ئەو وایدەبینێت کە (شارستانێتی) یەکەی راستەقینەی توێژینەوە مێژووییەکانە. لەم سەربەنەوە ئەستەمە لەیۆنانی کۆندا مێژوویەکی تایبەت بە(ئەسینا) یاخود (ئەسپارتە)و جیا لەچوارچێوەی شارستانێتی یۆنانیدا ببینین، بەهەمانشێوەش ئەوروپا، واتە ئەستەمە بەتەنها لەمێژووی هەریەك لەفەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو...هتد بەدەر لەرەوتی شارستانێتی ئەوروپا بکۆڵینەوە[١١].

بێگومان دوای نیو سەدە زیاتر (ئەرنۆڵد توینبی)** هاتو جەختی لەسەر هەمان بابەت کردەوەو بەشی یەکەمی شاکارەکەی توێژینەوەی مێژوو (**study of history**) بۆ(یەکێتی توێژینەوەی مێژوویی) تەرخانکردووە[١٢]. دوائەوەی چەند نموونەیەکی هاوشێوەی ئەوەی دانیلڤسکی دێنێتەوەو دەڵێت:"ئەوەی بەکرداریی بۆمان روونبووەوە، ئەوەیە، کە گۆڕەپانی توێژینەوەیەك بەتەنیا خۆی شایەنی تێگەیشتن بێت، بەدڵنیاییەوە (کۆمەڵگە)یە، کە ژمارەیەك لەکۆمەڵگەکان لەخۆدەگرێت، لەوجۆرەی کە بەریتانیا دەینوێنێت، نەك بەریتانیا بەتەنیا، بەڵکو فەرەنساو ئیسپانیاو هۆڵەندەو وڵاتەکانی ئەسکەندەنافیاو...ئەوانی دیکە. ئەو بڕگەیەش کە وەك گەواهیدەرێك لەئاکتۆن

هێنامانــەوە پەیوەنــدی نێــوان ئــەو گــشت(الكــل)و بــەش(الاجــزاو )انــەمان بــۆ ڕووندەكاتەوە"[١٣].

بێئاگابوونی زۆر لەمێژوونووسان لەو كارەی دانیلڤسكی وای لەهەنـدێكیان كـردووە كـە (توینبی) بەپێشەنگی ڕاڤەی شارستانێتی بۆ مێژوو دابنێن[١٤]. دواتر دانیلڤسكی لەمێژووی شارستانێتی رادەمێنێت و كۆمەڵگە مرۆییەكان لەسەر بنەڕەتی شارسـتانێتیبوون بـەراورد دەكـاتو بـۆ سـیٚ جـۆر كۆمـەڵ پۆلێنیـان دەكـات و ئـەو قۆناغانـە دیاریـدەكات كـە ئـەو كۆمەڵانـەی پێـدا تێدەپـەڕن و ئـەوجۆرە شارسـتانێتییە مێژووییانـەش دیاریـدەكات و لەپاشـاندا بـەراورد لـەنێوان هـەردوو شارسـتانێتی ئـەوروپی(پـیر)و شارسـتانێتی سـلاڤی (لاو)دا دەكات.

## پۆلێنكردنی شارستانێتییە مێژووییەكان

بـەلای دانیلڤـسكییەوە شارســتانێتییە مێژوویــەكان بەدابەشــبوونێكی ســەرەكی مرۆڤایەتی دادەنرێن[١٥]. چەمكی شارستانێتیش چەمكێكی فراوانەو چـوار شـێوە چـالاكی دەگرێتــەوە، ئــەوانیش (ئـایینیو سیاسـیو ئـابووریی–كۆمەڵایـەتیو ڕۆشـنبیرین). ئـەو چــالاكییانەش بوونەتــە هــۆی پێكهێنــانی دوانــزە شارســتانێتی لەمێــژوودا[١٦]، ئــەو شارستانێتیانەش بریتین لە: میسرییەكان، چینییەكان، ئاشوری–بابلی، فینقـی–كلـدانی، هنـدی، فارسـی، جولەكـە، گریـك، ڕۆمــان، موسـڵمان، سـلاڤ، ڕۆمانــە جەرمانــەكان (ئەوروپیەكان)[١٧]. لەجیهانی نوێشدا شارستانێتی مەكسیكو پیرۆمان هەیەو هـەردووكیان پێش ئەوەی سوڕی ژیانیان تەواوبكەن تووشی ڕووخانێكی توند هاتوون[١٨].

بەمشێوەیە هەریەك لەم شارسـتانێتیانە (ئـایینو سیاسـەتو ئـابووریی–كۆمەڵایـەتیو ڕۆشنبیریی) تایبەت بەخۆیان هەیـەو چـالاكی هەریەكـەیان لەیـەكێكی دیكـەیان جیـاوازە. دانیلڤسكی گەل و كۆمەڵە مرۆییەكان بەپێی ئەو ڕۆڵەی كـە لەشارسـتانێتیدا دەیبیـنن بـۆ سیٚ كۆمەڵ پۆلێن دەكات:

## کۆمەڵی یەکەم: هێزە بەدیهێنەرەکان:

ئـەم کۆمەڵەیـە ئـەو هێـزە ئیجابیانـەن کـە دوانـزە شارسـتانێتییەکەی پێـشوویان بەرهـــەمهێناوە. بـــەهێزیی‌و بەدیهێنـــەرێتی ئـــەم کۆمەڵیـــەش بەتـــەواوی چـــالاکییە بنەڕەتییەکانی وەك ئایین و سیاسەت و ئابووریی–کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی هەر هێزێکی بەدیهێنەرەوە بەندە. تا ئەو چالاکییانەش ریشەدارو بەهێزو خاوەن کاریگەرێتیی بن، ئەوا پرۆسەی بەدیهێنان خێراتر دەکەن‌و بەردەوامی پێدەبەخشن. شارستانێتی ئەورووپیش کـە تا ئەو کاتە شارستانێتییەکی هەژموونداربووە بەسـەر بەشێکی فراوانـی جیهانـدا، بـەلای دانیلڤسکییەوە لەدواسـاتەکانی سـوڕی ژیانیدایـە، بۆیـە هێـرش دەکاتـە سـەر ئـەو (خـۆ بەناوەند زانین)ەی رۆژئاواو بەتوندی بەگژ تێڕوانینی رۆژئاواییـەکان سـەبارەت بەمێـژوو و شارستانێتی دەچێتەوە. هەروەك دەڵێت:"شارستانێتی ئەورووپی بەهـەربارێك لەبارەکانـدا شارستانێتییەکی جیهانیی نییـەو شارسـتانێتی دینـامیکی یـاخود تاکـە شارسـتانێتییەکی پێشکەوتوو نییە، بەڵکو شارستانێتییەکە لەو شارستانێتییە زۆرانەی کە دروستبوون‌و ئەم بەتـــەنیا دەکەوێتـــە ناوچـــەی شارســـتانێتی جـــەرمانی رۆمانییـــەوە، تەنانـــەت زۆری شارسـتانێتییەکانی دیکـە بەشارسـتانێتی گریکیـشەوە–بـە ئەندازەیـەك– لـەدەرەوەی ئـەوروپا دروسـتبوون. وەك ئـەوەی رووسـەکان کردیـان، چـونکە روسـیا شـوێن ئـەوروپا ناکەوێت بەو پێیەی بەشێك یـاخود لقێك بێـت لەشارسـتانێتییەکەی. بـەهیچ پـشکێکیش لەژیان‌و ئـەزموونی ئەورووپیـدا بەشـداری نـەکردووە، بـەڵکو خـاوەن قەوارەیـەکی تایبـەت بەخۆی بووە."[١٩].

دانیلڤسکی ئەوروپا–کەتا ئەو کاتە شارستانێتی باڵای جیهان بوو– بەوە دادەنێت کـە تووشی (تێکشکانی رۆحـی)بـووەو لەدواسـاتەکانی ژیانیدایـە. ئـەو شارسـتانێتییەش کـە بـەدوای ئـەودا دێتـە سـەر شـانۆی ژیـان‌و کۆتـایی بەشارسـتانێتی ئـەورووپی دەهێنێـت‌و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتە شارستانێتییەکی باڵاو تـاکی جیهـان شارسـتانێتی (سلاڤی)یە بەڕێبەرێتی کردنی روسیا[٢٠]. بۆیە ئامۆژگاری هـەموو تـاکێکی بەرەگـەز سـلاڤ دەکات، کە کوستەنتینییە (ئەستەنبوڵ)ی پایتەختی ئیمپراتۆرێتی بێزەنتی ئەرسەدۆکسی پێـشوو بگێڕنـەوەو سـلاڤەکان هانـدەدات، کـە خۆیـان لەهـەژموونی تـوورکی‌و ئـەڵمانی

رزگاربکەن‌و بۆ پێکهێنانی یەك ئیمپراتۆرییەتی سلاڤی مەزن بەسەرکردایەتی قەیسەری روسی بچنە پاڵ روسیا[٢١].

## کۆمەڵی دووەم-هێزە رووخێنەرەکان:

ئەم کۆمەڵەیەش نەك هەر ناگەنە ئاستی بنیاتنانی شارستانێتی، بەڵکو دەبنە هۆکارو رەگەزی رووخێنەر بۆ ئەو شارستانێتییانەی کە بەدەست لاوازییەوە دەناڵێنن، چونکە ئەم کۆمەڵە چالاکییە ئایینیی‌و سیاسیی‌و ئابووریی-کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکانی لەئاستێکی زۆر سەرەتایی‌و نزمدایەو، زیاتر چالاکی خێڵایەتی هەیەو ناجێگیرە، واتە چالاکییەکانی لەو ئاستەدا نین کەببنە (بنەڕەت)ێك بۆ دامەزراندنی شارستانێتی.

دانیلڤسکی لەم بارەوە دەڵێت :" لەپاڵ جۆرە ئیجابییەکانی شارستانێتیدا، لەجیهانی مرۆیدا هۆکاری کاتی‌و دابڕاو بەدیدەکرێت، وەك (هۆن)و (مەگۆل)و (تورکە کۆنەکان)، کەڕۆڵی رووخێنەریان بینی‌و یارمەتی رووخانی ئەو شارستانێتیانەیان دا کە لەڕێگەی رووخاندا بوون‌و پاشماوەکانیان پەرت‌و بڵاوکردەوە، بەو شێوەیەش گەڕانەوە باری نەبوون، ئەوبارەی پێش بنیاتنان تێیدا دەژیان. دواتر نەیانتوانی بمێننەوەو دیارنەمان. بۆیە دەتوانین ناوی (هۆکارە سلبییەکان)ی مێژوویان لێبنێین"[٢٢].

ئەگەر لەهەریەك لە(هۆن)و (مەگۆل)و (تورکە کۆنەکان) رابمێنین، ئەوا کۆمەڵە خێڵێکمان بەرچاو دەکەوێت کە داخراوی ئادگارێکی دیاری ژیانیانەو دەتوانین کۆمەڵگەکانیشیان بە(کۆمەڵگەی سروشتی) نەك (کۆمەڵگەی مێژوویی) ناوزەد بکەین. کۆمەڵگەی سروشتیش بەو واتایەی کۆمەڵگەیەکی وەستاوی مەشخەڵ نەگۆڕە، وەك کۆمەڵگەکانی هەنگ‌و مێرووله، خێڵە ئەفریقییەکانی پێش سەردەمی کۆلۆنیالیزم و خێڵە عەرەبیەکانی پێش هاتنی ئیسلام لەم شێوەیە بوون[٢٣].

خێڵیش بالاترین دامەزراوی کۆمەڵایەتییە کە زۆرترین ژمارەی لێکۆدەبێتەوە یان پەیوەستن پێی لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، کە دوو هۆکاری سەرەکی ئەو پەیوەست بوونە دروستدەکەن، (ئەوانیش پەیوەندی خوێن‌و پەیوەندی دەمارگیرییە)[٢٤]. واتە خێڵ ئەو یەکە خاوەن خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەیە کە خاوەنی کەسێتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی‌و جوگرافی‌و مینۆکی خۆیەتی، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتەیەکی داخراوەو تێکڕای

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسنووری خۆیدا جێبەجێدەکات، لەمانەش پەیوەندی ژن‌و ژنخوازیی، هاتوچۆو پەیوەندی ئابووریی‌و...هتد، وەك یەکەیەکی سەربەخۆو دابڕاو لەدەوروبەر ئیشدەکات، خاوەنی موڵك‌و سامان‌و لەوەڕگەو ئاژەڵی خۆیەتی‌و سنووری جوگرافیای دیاریکراوی خۆی هەیەو بەهەموو شێوەیەکیش دەیپارێزێت[٢٥]. (ئیبن خەلدون)دەڵێت:" ئەو مەبەستەی کە دەمارگیریی لەدوای دەڕوات موڵکەو موڵکیش مەبەستێکی سروشتییە بۆ خێڵ‌و ئەوەش شتێك نییە بەئارەزوو بەدوایدا بڕوات، بەڵکو وەك پێویستییەك بوون کە ڕێکخستنی خێڵ دەگەیەنێت"[٢٦].

جا ئەگەر کۆمەڵگە گەلێك نەتوانن لەگەڵ کاتدا هەنگاوی بەرەوپێشەوە بنێن‌و دەسەوسان بن لەوەدا کە بچنە نێو مێژووەوە، ئەوا بێگومان جگە لە(شێواندن)و (سلبییەت) لەژیاندا کارێکی دیکە بەرهەم ناهێنن. ئەو شارستانێتیانەش کە بەدەست لاوازییەوە دەناڵێنن ئەو خێڵانە وەك ڕەگەزێکی مانەوەی خۆیان لەموڵکەکەی رادەمێنن‌و بەپێویستی ژیانی خۆیانی دادەنێن‌و بەو پەڕی زبرییەوە هێرش دەکەنە سەری‌و کۆتایی بەڕەوتەکەی دێنن. دیارترین نموونەش رووخانی شارستانێتی ئیسلامی بوو لەلایەن (مەغۆل)ەکان‌و هێرش‌و پەلاماردانەکانی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی بوو لەلایەن (هۆن)ەکانەوە.

## کۆمەڵی سێیەم-هێزەناخەملیوەکان:

ئەم کۆمەڵەش ئەو گەلانە دەگرێتەوە کەنەگەیشتوونەتە ئاستی شارستانێتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی رووخێنەر نابینن وەك(هێزە رووخێنەرەکان)، بەڵکو ئەمان ئەو جەماوەرە ناخەملیوە لەخۆدەگرن، کە چ بەئاراستە ئیجابیەکەی یاخود ئاراستە سلبییەکەی مێژوویەك دروست ناکەن، بەڵکو هێزە مێژووییە ئیجابی یاخود سلبییەکان وەك ماددەیەکی سلبیی بۆ چالاکی‌و کاری خۆیان بەکاریدێنن. (دانیلڤسکی) لەم بارەوە دەڵێت:" لەکۆتایدا کۆمەڵە خێڵك یاخود گەلانێك هەن کەلەبەر هەر هۆیەك بێت توانا بەدیهێنەرەکەیان لەقۆناغی سەرەتایدا وەستاوە. بۆیە دواتر نابنە هۆکاری مێژووی ئیجابیی یاخود سلبیی، بەڵکو ئەوان تەنیا(ڕەگەزگەلێك لەدروستبوونی بنەچە (سلالە)داو جۆرێك لەهۆکارە نائەندامییەکان دەنوێنن، کە دەچنە نێو پێکهاتە مێژووییەکانەوە، واتە

شێوە شارستانێتییە مێژووییەکان. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو خێڵانـە جـۆراو جـۆرێتی شێوە مێژووییەکان زیادو دەوڵەمەند دەکەن، بەڵام لەسنووری خۆیانـدا هـیچ مێژوویـیـەکی جیا پێکناهێنن[٢٧]".

بێگومان (گەل)ێك کاتێك ناتوانێت بوونێکی مێـژوویی هـەبێت کەبـەو دۆخـە سـاکارەی ژیانی رەزامەند بێت، واتە بوونێکی (هزر)یی ئەوتۆی نییـە، کـەپێی بڕوانێتـە ئاسـۆ دوورو داهاتووییەکان، ئەگەر بیرکردنەوەیەکی لەوشێوەیەش نـەبێت، ئـەوا ئـەو (ویـست)ەی کـە هەیە لەو قۆزاخەیەدا دەمێنێتەوە کە تەنیا ژیانی سادەو سەرەتایی پـێ بـەڕێوە دەبـات. بێگومان ئەگەر (هزر)و (ویست) نـەیانتوانی سـەرەتایەتی ژیـان تێبپـەڕێنن، ئـەوا چـالاکی ئاینییو سیاسییو ئابوریی–کۆمەڵایتیو رۆشنبیریش دەرناکەوێت، یاخود ئەگـەر دەریـش بکەوێت گەشـە ناکـاتو لەئاسـتێکی سـەرەتایدا دەمێنێتـەوە، دواتـر دەسەوسـان دەبێـت لەوەی کە بتوانێت بوونێکی مێژوویی سەربەخۆ بۆخۆی پێکبهێنێتو ناتوانێت وەك گەلانی دیکە بخەملێت. گەلێکیش نەتوانێت شارستانێتییەك بۆخۆی پێکبهێنێـت، ئـەوا دەکەوێتـە ژێـر هـەژموونی هێـزە بەدیهێنـەرەکان یـاخود هێـزە رووخێنەرەکانـەوە. هەرکامێکیـشیان بـەکاریان بێـنن ئـەوا بێگومـان بـۆ ئامـانجو مەبەسـتەکانی خۆیـان بـەکاریان دێـنن. بۆیـە سەبارەت بەنەتەوە بەکارهاتووەکە سلبیی دەبێت.

## قۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانێتییەکان

بـەلای (دانیلڤـسکی)یـەوە تـەواوی شارسـتانێتییە جیاوازەکـان بەسـێ قۆنـاغی گەشەکردندا تێدەپەڕن، ئەوانیش قۆناغی کۆن و قۆناغی ناوەندو قۆنـاغی کۆتـایی یـاخود شارسـتانێتییە[٢٨]. بۆیـە جەختکردنـەوە لەسـەر گرنگـی جۆراوجـۆرێتیو سـەربەخۆیی ماددەی بنەچەیی (سلالیە) بۆ شارستانێتی بەیەکێك لەیاسا گرنگەکان دادەنێت کە بەسەر تەواوی ئەو گەلانەدا پیادە دەبێت کە لەقۆناغەکانی پێشکەوتندان. ئـەم تێڕوانینـەش بـۆ تاکێکی سەدەی نۆزدەیەم شتێکی نامۆ نەبوو، چونکە پـۆلێنکردنی گـەلان بـۆ نەژادگـەلی بەرز یان باڵاو نەژادگەلی دواکەوتوو یاخود نـزم، بـەلای خـەڵکانی سـەدەی نـۆزدەوە وەك بەڵگەنەویستێك سەیرکراوە. هەروەك(هاشم سالح)دەڵێت:" دەتوانین بڵێین تاڕادەیەك هیچ بیریارێك نییە خۆی لەدەستی دەرباز کردبێت"[٢٩]. سـەبارەت بـەڕەوتی ئـەم قۆناغانـەش دانیلڤسکی هـاتو تیـۆرە(غـائی)یەکـەی خـۆی سـەبارەت بەپەرەسـندن بەسـەر رەوتـی

گەشـەکردنی شارسـتانێتییەکاندا جێبـەجێکرد[٣٠]. واتـە هـەروەك چـۆن بـەدیهێنان‌و دەسـپێك‌و پەرەسـەندنی جیهـان مەبەسـتێکی ژیرانـە لەپـشتیەوەیەتی‌و دوای ویـستی بەدیهێنەرە خواییەکەی کەوتووە. بەهەمانشێوەش دەسپێك‌و پەرەسەندنی شارستانێتییە جیاوازەکان مەبەستێکی ژیرانە لەپشتیەوەیەتی و دوای ویستی بەدیهێنـەرە خواییەکـەی کەوتووە.

دانیلڤسکی ئەو سێ قۆناغە مێژووییەی لەیاسایەکی بنەڕەتییەوە هـەڵێنجاوە، کەئەمـە دەقەکەیەتی" بێگومان رەوتی پێشکەوتنی جۆری شارسـتانێتییە مێژوویـیەکان لـەڕەوتی ژیـانی ئـەو شـێوە بەردەوامانـە دەچـێت کـە قۆنـاغی بەرەوپێشـچوونی بـەبێ کۆتـایی بەردەوامـدەبێت، بـەڵام کـە دەگاتـە لوتکـە مـاوەی پرشـنگداریتی‌و بەرهەمبەخـشینی بەشێوەیەکی رێـژەیی کـورت دەبێـت‌و تووشـی لەناوچـوون‌و نـەزۆکی دێـت بەشـێوەیەکی کۆتایی"[٣١].

لەمیانـەی داڕشـتنی ئـەو یاسـایەدا دانیلڤـسکی بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە جـۆری شارستانێتی مێژوویی-هەمیشە-بەسێ قۆناغی گەشەکردندا تێدەپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە:

قۆناغی یەکەم، یاخود کۆن: ئەوە قۆناغی ماددەی بنەچە(السلالیە)یـە، کـە هـەزارەها سـاڵ بەردەوامـدەبێت‌و بەگواسـتنەوە لەشـێوە ژیـانی بنەچـەیی رووتـەوە بـۆ کۆمەڵگـەی رێکخراو کۆتایی دێت.

قۆنـاغی دووەم یـاخود ناوەنـد: ئـەم قۆناغـەش کـرداری بنیاتنـانی سـەربەخۆیی رۆشـنبیریی‌و سیاسـیی لـەخۆدەگرێت‌و قۆنـاغی کۆکردنـەوەو رێکخـستنێکی هێـزە بەدیهێنەرەکانە بۆ ئەوەی ببنە رێخۆشکەرێك بۆ قۆناغی سێیەم.

قۆناغی کۆتایش کە ئەو ناوی (قۆناغی شارستانێتی) لێدەنێت، لـەم قۆناغـەدا جـۆری شارستانێتی مێژوویی دەگاتە ترۆپکی گەشەسەندنی توانابەرهەمهێنەرە بەدیهێنەرەکانی‌و بەدیهێنانی ئەو نموونە باڵایانەی کە پەیوەنـدی بـەتاك‌و خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵایەتییـەوە هەیە.[٣٢] ئـەم قۆناغـەش بەشـێوەیەکی رێـژەیی کورتـەو نزیکـەی چـوار تـا شـەش سـەدە دەخایەنێت.

## رووخانی شارستانێتییەكان

دانیلڤسكی پێیوایە چالاكی بەدیهێنەر وەك بەلوعەیەك وایەو هێزەكانی لێدەڕوات، بۆیە هەموو گەلێك ماندوو دەبێتو لەكۆتایدا هێزە بەدیهێنەرەكانی لێ خاڵی دەبێتەوە. بۆیە لەمێژوودا شارستانێتییەك بەدیناكەین كە پێشكەوتنی بێكۆتایی بەشی بووبێت. دواتر ئەو پێشكەوتنو پرشنگدارییە -بەناچاریی- لەناوچوونو لێكهەڵوەشانی شارستانێتی بەدوای خۆیدا دێنێت.

پرۆسەی لێكهەڵوەشانیش وەك زۆری كردارەكانی سروشت پێش تێبینیكردنی دیاردە دەرەكییەكانی بەماوەیەكی درێژ دەردەكەوێت. وەك چۆن گەرمی هاوین كاتێك دەگاتە لوتكە كە رۆژ جارێكیتر دەست بەكورت بوونەوە دەكات. بەهەمانشێوەش بەرزترین پلەی گەرمی رۆژ لەو كاتەدا روودەدات كە خۆر دەست بەتێپەڕاندنی ستونێتی خۆی دەكات. هەروەك بەرزترین خاڵ لەژیانی مرۆڤدا لەناوەڕاستی تەمەنیدایە پاش تەواوبوونی قۆناغی ئەوپەڕی توانا بەرهەمهێنەرەكانی، بەهەمانشێوەش رووخانی شارستانێتی لەو كاتەدا دەست بەداڕووخان دەكات كە هەر پرشنگدار دیارەو لەبەر چاوان وادەردەكەوێت كە لەوپەڕی لوتكەدا بێت.

گرنگترین ئەو هۆكارانەش كەدەبنە هۆی داڕووخانی شارستانێتییەكان بەلای (دانیلڤسكی)یەوە بریتین لە:

یەكەم: (خۆقەتیسكردن)و (دۆگمابوون)و (رەزامەندبوون بەوەی كە هەیە)، هۆكارێكی سەرەكین بۆ ئەوەی كە ئەو شارستانێتییە چاو نەبڕێتە ئاسۆ دوورەكانی داهاتوو و بكەوێتە لاساییكردنەوەی شێوەكانی رابردوو. واتە ناتوانێت لەگەڵ هەڵكشانی كاتدا هەڵبكشێتو بەردەوامی بەڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوویی خۆی بدات. بەمشێوەیە لەو واقیعە داخراوەدا خۆی قەتیسدەكاتو توانا بەدیهێنەرەكانی خۆی وندەكاتو بەئەندازەی ونكردنی تواناكانیش بەرەو دۆگمابوون دەڕوات.

دووەم: كاتێك ئەو ململانێو دژایەتییە سیاسییو كۆمەڵایەتیانەی گیانو جەستە پێكەوە لەتدەكەن. باڵ بەسەر ئەو شارستانێتییەدا دەكێشنو توانا بەدیهێنەرەكان پەرت دەكەنو دواتر پەكیان دەخەن، بۆیە ئەو ماوەیە لەتەمەنی ئەو شارستنێتییەدا دەبێتە

ماوەی ناكۆكیو بێئومێدیی. لەكۆتایشدا ئەو ماوەیە بەرەو دۆخی(قەتیسبوونو دۆگمابوون) دەگەڕێتەوە[٣٣].

دانیلڤسكی دەربارەی رووخانی شارستانێتییەكو سەرلەنوێ دروستبوونی شارستانێتییەكی دیكە لەسەر پاشماوە روخاوەكانی ئەو شارستانێتییە دەڵێت:" هەندێ كاتیش، شارستانێتییە روخاوەكان بۆ ئاستی ماددە بنەچەییەكە(سلالیە) شیدەبنەوە، تا بنەمایەكی دروستكەری بەدیهێنەری نوێ دەربكەوێتو رەگەزەكانی بەتێكەڵەیەك لەڕەگەزگەلێكی تر ببەستێتەوە، لەوەشەوە بنیاتنانێكی شارستانیی نوێ پێكبهێنێت. دواتر ئەو بنەما نوێیە دەیگەیەنێتە ژیانێكی مێژوویی سەربەخۆ لەشێوەی پەیكەرێكی مێژوویی–شارستانێتی نوێ، نموونەی ئەوەش ئەو گەلانەن كە ئیمپراتۆرێتی رۆژئاوایان دامەزراند، پاش لێكهەڵوەشانی ئیمپراتۆرێتی بووە (ماددەیەكی بنەچەیی)، دواتر جارێكیتر لەشێوەیەكی نوێدا دەركەوت كە بەگەلانی رۆمانی ناسراوە، پاشئەوەی تووشی رەگەزی جەرمانی ببیەوە."[٣٤].

بەبۆچوونی دانیلڤسكی داڕووخانی شارستانێتی ئەوروپی لەگەڵ دەسپێكی سەدەی حەڤدەیەمدا دەستیپێكرد، بەڵام بەشێوەیەكی روون داڕووخان لەسەدەی نۆزدەدا دەركەوت، كاتێك كە لاوازیی داهێنانو لاوازی ئایین بینرا. ئەوروپا ویستی ئەو لاوازییانەی خۆی بەزاڵبوون بەسەر جیهاندا لەبوارەكانی سیاسەتو ئابووریيو رۆشنبیریی پڕبكاتەوە، چونكە بەلای (دانیلڤسكی)یەوە هەركاتێك هێزە بەدیهێنەرەكان لاوازبوون، ئەوا حەزی فراوانخوازی زیاد دەكاتو حەزی زاڵبوون بەسەر جیهاندا گەشە دەكات. جا لەبەر ئەوەی ئەوروپا هەوڵی سەپاندنی شارستانێتی خۆی بەسەر تەواوی جیهاندا دەدات، ئەوا ناتوانرێت هاورێیەتی لەنێوان ئەو و شارستانێتی روسیای (لاو)دا گەشەپێبدرێت، كە ئەمیان هەڵگری پەیامێكی مێژووییە كە ئەویش كپكردنی ئارەزووە بێسنوورەكانی ئەوروپایە بۆ خۆزاڵكردن بەسەر جیهاندا.

هەروەها دانیلڤسكی پێیوایە كاتێك كە بارودۆخی ناوخۆی ئەوروپاش جێگیربێت، ئەوا ناتوانێت خۆی لەو جەنگە دووربخاتەوە كە لەنێوان ئەو و سلاڤە یەكگرتووەكاندا رودەدات، لەو جەنگەشدا گلۆتی سلاڤی بەسەركەوتوویی دێتە دەرەوە بەسەر ئەوروپای پیروخاڵی بوو لەهەموو هێزێك كە بتوانێت سەركردایەتی جیهانی پێ بكاتەوە[٣٥].

## هەڵسەنگاندنی تیۆری جۆری شارستانێتییە-مێژووییەکان

بێگومان تیۆری جۆری شارستانێتییە–مێژووییەکان لەگەڵ ئەوەدا کە لێکدانەوەیەکی شارستانێتیانەیە بۆ مێژوو، هاوکات لەهەڵەو ناتەواوی و نەسازیی بەدەر نییە، بۆیە دەتوانین ئەم رەخنانەی خوارەوەی ئاراستە بکەین:

(١) ئەو تیۆرە لەڕووی سەرچاوەی مێژووییەوە زۆر لاوازەو نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی راست دەربارەی شارستانێتییە مێژووییە جیاوازەکان پێشکەش بکات، چونکە زانینە مێژوییەکانی دانیلڤسکی لەسەر ئەو شارستانێتیانەی کە دەکەونە دەرەوەی شارستانێتی ئەوروپی روسی هێندە سنوردار بووە، نەک نەیتوانیوە وێنەیەکی ئەو شارستانێتییە مێژووییانەی بخاتەڕوو، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی باسی چەند شارستانێتییەکی کەمی کردوون، تەنانەت ئەو باسکردنە لەدووتوێی چەند ئاماژەیەکی خێرا تێپەڕناکات[٣٦].

(٢) دانیلیڤسکی لەئەنجامی تێڕامانێکی ورد لەشارستانێتیە مێژوییە جیاوازەکان تیۆرەکەی خۆی گەڵاڵە نەکردووە، مەبەستیشی گەڵاڵەکردنی بابەتێکی لەو شێوەیە نەبووە، بەڵکو ئەو ویستی رەهەندێکی شارستنێتی بەتەرزە سیاسییەکەی ببەخشێت و ویستی جیامەندێتی و باڵایەتی رەگەزو شارستانێتی سلاڤی بەسەر رەگەزو شارستانێتی ئەورووپیدا بسەلمێنێت. هەر بۆیە جەختی لەسەر گرنگی جۆراو جۆرێتی و سەربەخۆیی ماددەی بنەچەیی بۆ (شارستانێتی) دەکردو بەیاسایەکی گرنگی تیۆرەکەی خۆی دانا. واتە دانیلیڤسکی دەیویست تیۆرەکەی لەخزمەتی سەرخستنی رەگەزو ئاینزای سلاڤییەکاندا بێت. نەک خستنەڕووی تەرزێکی زانستی نوێ.

(٣) کەموکورتییەکی دیکەی ئەم تیۆرە بریتییە لەنەبوونی دیدی داهاتوێتی، ئەمەش لەسەربەنی تێگەیشتنی بەپەلەو خێرای بزوتنەوەی مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە. بێگومان هەڵوێستی دانیلیڤسکی وەک فەیلەسوفێکی مێژوو لەبواری زانیندا هەڵوێستێکی باڵایانە نییە بەسەر بزوتنەوەی مێژوەوە، بەڵکو هەڵوێستێکی مێژووییەو لەمێژوودا نغرۆ بووە. واتە لەم روانگەیەوە فەلسەفەی مێژوو دیاردەیەکی مێژووییە. لەڕاستیدا رێکخستنی ژیری واتە زانینی مێژوویی وەک رێکخستنێکی هزریی، بۆئەوەی لەگۆڕەپانی زانستیدا رەوایەتی بەدەستبهێنێت، دەبێت باڵاتر بێت لەمێژوو، واتە

لەمێژوودا نغرۆ نەبێت، تا ئەو پلەیەی تەنیا ببێتە کاردانەوەیەکی بارودۆخی ئەو سەردەمە مێژووییەی کە فەیلەسوفی مێژوو (مەبەست دانیلیڤسکی)یەی تێدادەژی[٣٧]. هەربۆیە نەیتوانیوە لەتیۆرییەکاندا قوڵ ڕۆبچێت و چارەسەری تەواوی ئەو کێشە مەعریفیانە بکات، کەلاوازی بەتیۆرەکە بەخشیوە، وەك کێشەی چۆنێتی داڕووخانی شارستانێتییەکان.

(٤) هەربۆیە بەشێکی زۆری پێشبینییەکانی دانیلیڤسکی نەك هەر راست دەرنەچوون، بەڵکو زۆر بەپێچەوانەوە روویاندا. بۆ نموونە شارستانێتی ئەوروپی نەك لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا هەر نەڕووخا، بەڵکو لەکۆتاییەکانی سەدەی دواترو ئێستاش لەهەڵکشاندایە. شارستانێتی روسیاش نەك لەسەر بنەڕەتی ئاینزای ئەرسەدۆکسی و یەکگرتنی خۆویستانەی رەگەزی سلاڤی یەکنەخست، بەڵکو ئەو گلۆتە بەهێزەی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)ش کەدروستبوو، لەسەر بنەڕەتی بێباوەڕی و داگیرکردن هاتە ئاراوەو دواتر نەك هەر نەیتوانی بەرانبەر شارستانێتی ئەوروپی رابوەستێت، بەڵکو نەیتوانی بەرگریی لەو یەکێتییە زۆرەملێیەش بکات کەچەندەها ساڵ بەرگریی لێکرد، بۆیە لەساڵی (١٩٩١)دا لێکهەڵوەشا. ئەوە سەرەڕای ئەوەی نزیکەی زیاتر لەسێ چارەکە سەدەش دوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی ئەستەمبوڵ، هەر بەشارێکی تورکی مایەوەو نەبووە پایتەختی جیهانی سلاڤی–ئەرسەدۆکسی.

(٥) یەکێك لەو هەڵە گەورانەی کە هەندێك کۆمەڵناس و مێژوونووسی تێکەوتووە، چواندنی شارستانێتییە بەبوونەوەری زیندوو[٣٨]، دانیلیڤیسکیش بەهەمان هەڵەداچووەو شارستانێتی بەبوونەوەر چواندووەو قۆناغەکانی ئەو بوونەوەرەی بەسەر شارستانێتیدا پیادەکردووە. بەکارهێنانی وشەکانی (لاوێتیو پیرێتیو...هتد) بەڵگەی ئەو راستییەن. بێگومان ئەوچواندنە دەبێتە هۆی هەڵەتێگەیشتن لەسروشت و پێکهاتەو شێوازی کارو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شارستانێتیدا دێت[٣٩]. بێگومان بوونەوەری زیندوو– بۆ نموونە مرۆڤ یەك بەدیهێنراوەو لەدایکدەبێت و بەناچاریی بەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندا تێدەپەڕێت، جا ئەگەر ئەندامێك لەئەندامەکانی لاشەی لەدەست دا، ئەوا ناتوانێت بیگێڕێتەوەو، کە قۆناغێکی تەمەنی تێپەڕاندو گەیشتە قۆناغێکی دیکە، ئەوا هەرگیز ناتوانێت بگەڕێتەوە قۆناغی پێشتر، بۆیە ئەوە لاشەیەکی تەواوەو کۆمەڵە ئەندامێکی

هەیە کە هەر کامێکیان ئەرکێکی دیاریکراوی خۆی هەیە. ئەگەر ئەندامێکیش لەکارکەوت ئەوا هیچ ئەندامێکی دیکەی لاشەکە ناتوانێت ئەرکەکەی بۆ ببینێت. واتە تێکڕای ئەندامەکان بەڕێکخستنێکی تەواو لەنێوانیاندا کاردەکەن. جا ئەگەر ناتەواوییەك کەوتە ئەنجامدانی ئەو کارانەوە، ئەوا دەبێتە هۆی تێکچونی تەواوی لاشەکە دواتر ئەو ناتەواوییە ئەگەر چارەنەکرا ئەوا دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی لاشەکەو کۆتایی هاتنی، بەلاّم هەر شارستانێتییەك لەکۆمەڵە تاکێك پێکهاتووەو هەموو تاکێك بوونێکی سەربەخۆی هەیە، هەرچەندە بەهۆی وابەستەیی خزمایەتی و بەرژەوەندیی و پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی و خواستی ژیان پشت بەیەکتر دەبەستن، بەلاّم ئەو پەیوەندییانە دەرەکی و نائەندامین، تەنانەت پەیوەندیی شیرەخۆرە بەدایکییەوە پەیوەندییەکی دەرەکییە، چونکە شیرەخۆر دەتوانێت دەسبەرداری دایکی ببێت، ئەگەر کەسێکی دیکە شیری پێدا، یاخود ئەگەر بەڕێگەیەکی دیکە جگە لەشیر خۆراکی دەستکەوت. یاخود کوڕو باوك لەڕووی سۆزو مرۆیی و ئابورییەوە زۆر کات بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بەلاّم هەریەکەیان لەوی دیکە جیایەو مردنی باوك نابێتە هۆی مردنی کوڕ. یاخود ئەگەر خێزان تاکێك لەتاکەکانی لەدەستدا، ئەوا نابێتە هۆی لەناوچونی خێزانەکە، ئەگەر هەندێك کاتیش ژیان و پێکهاتەی بگۆڕێت، تەنانەت ئەگەر خێزانیش بەتەواوی لەناوبچێت ئەوا نابێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵ و شارستانێتی[٤٠]. واتە شارستانێتی و بوونەوەر دوو بوونی تەواو جیاوازیان هەیەو چواندنیان بەیەکترو قسە لەسەرکردنیان لەڕوانگەی ئەوی دیکەیانەوە بەهەڵەی گەورەیاندا دەبات. لەو روانگەشەوە لێکۆڵینەوەکان بەئەنجامێکی راست ناگەن.

**ئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێکمان لا گەلاّلە دەبێت، کە دەتوانین لەم خالاّنەدا کورتیان بکەین:

(١) دانیلیڤسکی بەیەکێك لەڕێبەرانی لێکدانەوەی شارستانێتی بۆ مێژوو دادەنرێت و لەوبوارەدا پێش هەریەك لە(ئەسوالد ئشپنگلەر) *** و (ئەرنۆڵد توینبی) کەوتووە.

(٢) دانیلیڤسکی بەپێچەوانەی زۆر لەو مێژوونووسانەوە کە مێژووی (سەرکردەیەك) یا (نەتەوەیەکی دیاریکراو) یاخود (دەوڵەتە نەتەوەییەکان) بەبواری توێژینەوە مێژووییەکان

دادەنـێن، (ئـەو) وای دەبینێـت کـە (شارسـتانێتی) یەکـەی راسـتەقینەی توێژینـەوە مێژووییەکانە.

(٣) دانیلیڤسکی لەڕێگـەی توێژینەوەیـەکی زانستیی ویستی تیۆرێك پێشکەشبکات، کەجیامەنـدێتی و باڵایـەتی رەگـەزو شارسـتانێتی سلاڤی بەسـەر رەگـەزو شارسـتانێتی ئەوروپیدا بسەلمێنێت. واتـە ئـەو لەئـەنجامی تێڕامـانێکی ورد لەشارسـتانێتییە مێژوویـە جیاوازەکان تیۆرەکەی خۆی گەڵاڵە نەکردووە، مەبەستیـشی گەڵاڵـەکردنی بابـەتێکی لـەو شـێوەیە نـەبووە، بـەڵکو ویـستی رەهەنـدێکی شارسـتانێتی بەتـەرزە سیاسـییەکەی ببەخشێت.

(٤) بەلای دانیلیڤیسکییەوە شارستانێتییە مێژووییەکان وەك دابەشبوونێکی سەرەکی مرۆڤایەتین و چەمکی شارستانێتیش چوار شێوە چالاکی لەخۆدەگرێت، ئەوانیش (ئاینیی وئابوریی‌و سیاسیی‌و کۆمەلآیەتی و رۆشنبیریی)ن.

(٥) ) دانیلیڤسکی ئەو رۆڵەی کە گەل یاخود خێڵ بەرانبەر بەشارستانێتی دەیگێڕێت، سێ رووی هەیە: یا رۆڵێکی ئیجابیی بەدیهێنەرە لەسەر شـێوەی مێـژوویی-شارسـتانێتی، کەئەمەش لەمێـژوودا دوانـزە شارسـتانێتی بـەدیهێناوە. یـارۆڵێکی روونخێنـەرە، ئـەوەش ئەوەیە کە بەسزای خودایی دەناسرێت، کەشارستانێتی لەلوتکەی چالاکییەوە بۆ پیرێتیی و سـزا دەبـەن. یـاخود ئـەو رۆڵـەی کەخزمـەتی کەسـانی دیکـە دەکـات وەك ماددەیـەکی بنەچەیی.

(٦) هەر شارستانێتییەك بەسێ قۆناغی کۆن و ناوەنـدو کۆتاییـدا تێدەپـەڕێتو لـەدوا قۆناغیشدا کاتێك دەگاتە ترۆپك ئەوا بەهۆی (خۆقەتیسکردن ) و ( دۆگمابوون) و ململانێ سیاسیی و کۆمەلآیەتییەکان دەست بەلاوازیی و لەناوچوون دەکات.

(٧) بێگومان ئەو تیۆرییەی دانیلیڤسکی بەدەست کۆمەڵە کەموکورتییەکی زانستیی و بابەتییـەوە دەناڵێنێـت. لەوانـەش: لاوازیـی سەرچـاوە مێژوییـەکان و روکەشـێتی و خوێندنەوە بەپەلەو خێراکانی رووداو و دیاردە مێژووییەکان و بـوونی قـایلبوونی (قناعـە) پێشوەخت و نەبوونی دیدی داهاتوێتی و چواندنی شارستانێتی بەبوونەوەری زیندووە.

**پەراوێزەکان:**

(١): (Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia.(http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky).

(٢)Ibid.

(٣) Ibid.

(٤) Ibid.

(٥) Ibid.

(٦) ض.دي بويس: مستقبل الحضارة،(ترجمة:لمعي المطيعي)،تقديم: ماهر نسيم، دارالكرنك للنشر والطبع والتوزيع، القاهرة، ١٩٦١، ل٢٧.

(٧) :(Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia.(http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky).

(٨) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

(٩) -an "interview" of sorts- Europe will recognize only a Russia which rejects herself, Parlamentskaya Gazeta, No. ٢٠١ (٠٥٨١), Friday, October ٢٠, ٢٠٠٠:( http://www.stormfront.org/archive/t-١٨٦٧٤٣Twain_on_Black/t-٨٠٨٤٥.html).

(١٠) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

(١١) ض.دي بويس:هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

(١٢) ارنولد توينبي، مختصر دراسة للتاريخ، (ترجمة: فؤاد محمد شبل)، الجزء الاول، الطبعة الاولي، ١٩٦١، ل٠٣.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل٧.

(١٤) هاشم يحي الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ (دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية و النقدية)، المجمع العلمي، بغداد،١٤٢٦ه-٢٠٠٥م، ل٤٤٩.

(١٥) What differs Russia from the West? http://www.epwijnants-lectures>com/russiasnewmap.ht ml.

(١٦) Mikhail Epstein: From Culturology to transculture:( http://www.emory.edu/INTELNET/tc_١.html).

(١٧) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

:(Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia.(http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky).

(١٨) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(١٩) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٢٠) What differs Russia from the West? http://www.epwijnants-lectures>com/russiasnewmap.ht ml.

(٢١) Ibid.

(٢٢) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٢٣) مالك بن نبي: ميلاد مجتمع شبكة العلاقات الاجتماعية، (ترجمة: عبدالصبور شاهين)، دار الفكر، الطبعة الثالثة، دمشق-سورية،١٩٨٦،ل ٩.

(٢٤) عەتا قەرەداغی: بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی (دەمارگیریو خوێن-نەسەب)و تەریقەت، گۆڤاری سەراب، ژمارە(٣-٤)، هەولێر، زستانی ١٩٩٦،ل١٢.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ل١٢-١٣.

(٢٦) ابن خلدون: المقدمة، دار القلم، بيروت-لبنان، ١٩٧٨، ل ل١٣٩-١٤٠.

(٢٧) ض.دي بويس: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

(٢٩) پێشەکی کتێبی: گۆستاڤ لۆبۆن: سایکۆلۆژیای جەماوەر، (وەرگێڕانی: ئارام جەمال)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، ل٤٥.

(٣٠): (Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia.(http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky).

(٣١) ض.دي بويس:سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٣٢) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(٣٤) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

(٣٦) کامەران محەمەد: ڤیکۆو فەلسەفەی مێژوو( لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-ڕەخنەیی)، سلێمانی،٢٠٠٦، ل١٧٨.

(٣٧) هەمان سەرچاوە، ل ل ١٨١-١٨٢.

(٣٨) حسين مؤنس: الحضارة(دراسة في اصول وعوامل قيامها وتطورها، عالم المعرفة، الكويت،١٩٧٨،ل١٤٠ودواتر.

(٣٩) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

(٤٠) هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

* سەنتەری پیتراشڤیسکی (petrashevsky circle):

ئەو ناوەندە سیاسییە بوو کە ئەرکی لێکۆڵینەوەی کاری سوسیالیزمە فەڕەنسییەکان بوو، دەوڵەت بەناوەندێکی مەترسیداری لەسەر ئاسایشی خۆی دادەناو بەشێکی زۆری ئەندامە چالاکییەکانیان ڕووبەڕووی لەسێدارەدان و زیندانی هەتا هەتایی بوونەوە، لەگرنگترین ئەندامەکانی فیۆدۆ دۆستۆ ڤسکی (fyod or dostoe vsky) و دانیلیڤسکی. هتد بوون.

**ئەرنۆڵد توینبی(١٨٨٩-١٩٧٥):مێژوونووسی بەناوبانگی بەریتانی خۆی بەبەختەوەر دادەنێت، لەبەرئەوەی لەماوەی پشێوی سیاسیی‌و دوو جەنگی جیهانیدا ژیا، ئەوەش ماددەیەکی بەپیتە بۆ مێژوونووس. لەتوێژینەوەی گریك‌و لاتینی‌و ناسینی شارستانێتی هیلینی ڕۆچووبوو، کە ئەو بەگرنگی دەزانین بۆ تێگەیشتن لەشارستانێتی ڕۆژئاوا. جەنگی یەکەمی جیهانیی سەرەڕای کتێبەکەی ئشبنگلەر (داڕووخانی شارستانێتی ڕۆژئاوا) خستیە بارێکی دڵە ڕاوکێوە سەبارەت بەچارەنووسی شارستانێتی ڕۆژئاوا. بۆیە ڕۆچوو لەتوێژینەوەی شارستانێتییە کۆنەکان‌و لەهۆکارەکانی داڕووخان‌و لەناوچوونیانی کۆڵییەوە. ئەوەش نزیکەی چل ساڵی خایاند(١٩٢١-١٩٦١)، تا لەئاکامدا شاکاری توێژینەوەی مێژوو(**study of history**) لە(١٠)دە بەرگدا لێبەرهەمهات.(احمد محمود صبحي: في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٤،ل٢٦٠).

***ئەسوالد ئشبنگلەر(١٨٨٠-١٩٣٦):لە شاری بلاکنبورگی هرتسی ئەڵمانیا لەخێزانێکی مەسیحی پرۆتستانتی لەدایکبووە. بەلای ئشبنگلەرەوە مێژوو زنجیرە

ڕووداوێکی بەدوایەکدا هاتووی تاکێتی تەواوە کەئەو بەشارستانێتی ناوزەدی دەکات و بەلایەوە هەموو شارستانێتییەك مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام سەبارەت بەخولی ژیانیان هەموویان لەیەك دەچن. بەناوبانگترین بەرهەمیشی بریتیبوو لە(داڕووخانی شارستانێتی رۆژئاوا)، کەتەواوی بنش و فەلسەفەی خۆی دەربارەی مێژوو وشارستانێتی تێدا خستبووە روو.

(احمد الشيباني:مقدمة لكتاب: اسوالد اشبنجلر: تدهور الحضارة الغربية، الجزء الاول، دار مكتبة الحيات–بيروت، ١٩٦٤، ل٨–٩" ر.ج.كولنجوود: فكرة التاريخ، (ت: محمد بكير خليل)، الادارة العامة للثقافة، الطبعة الثانية، القاهرة ١٩٦٨،ل ل٣٢٠–٣٢١.

****ئاینزای ئەرسەدۆکسی: یەکێکە لەئاینزا سەرەکییەکانی مەسیحێتیو لە دەوڵەتەکانی روسیاو چیكو سلۆڤاکو پۆڵەندەو بولگاریاو سلۆڤانیاو کرواتیاو سربیا ئاینزای فەرمیەو مەڵبەندی پیرۆزی ئەم ئاینزایەش تا رووخانی ئیمپراتۆرێتی بێزەنتی کوستەنتینە بوو، بەڵام دوای ئەو مێژووە روسیا بووە مەڵبەندی ئەو ئاینزایە.

*****سلاڤەکان: بەشێکن لەڕەگەزی هیندۆئەورووپیەکانو لەناوچەکانی روسیاو چیكو سلۆڤاکو پۆڵندەو بولگاریاو سلۆڤانیاو کرواتیاو سربیادا بڵاوبوونەتەوە.(شاكر مصطفي سليم: قاموس الانثروبولوجيا(انكليزي–عربي)، جامعة الكويت،الطبعة الاولي، ١٩٨١،ل ل٨٨٧–٨٨٨.

## سەر چاوەکان:

(١) ابن خلدون: المقدمة، دار القلم، بيروت–لبنان، ١٩٧٨.

(٢) احمد محمود صبحي: في فلسفة التاريخ، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٤.

(٣) ارنولد توينبي، مختصر دراسة للتاريخ، (ترجمة: فؤاد محمد شبل)، الجزء الاول، الطبعة الاولي، ١٩٦١.

(٤) اسوالد اشبنجلر: تدهور الحضارة الغربية، الجزء الاول، دار مكتبة الحيات–بيروت، ١٩٦٤.

(٥) ض.دي بويس: مستقبل الحضارة، (ترجمة:لمعي المطيعي)،تقديم: ماهر نسيم، دارالكرنك للنشر والطبع والتوزيع، القاهرة، ١٩٦١.

(٦) حسين مؤنس: الحضارة(دراسة في اصول وعوامل قيامها وتطورها، عالم المعرفة، الكويت،١٩٧٨.

(٧) ر.ج.كولنجوود: فكرة التاريخ، (ت: محمد بكير خليل)، الادارة العامة للثقافة، الطبعة الثانية، القاهرة ١٩٦٨.

(٨) شاكر مصطفي سليم: قاموس الانثروبولوجيا(انكليزي-عربي)، جامعة الكويت،الطبعة الاولي، ١٩٨١،ل ل٨٨٧-٨٨٨.

(٩) عەتا قەرەداغی: بنەما مێژووییەکانی کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی (دەمارگیریو خوێن-نەسەب)و تەریقەت، گۆڤاری سەراب،ژمارە(٣-٤)، هەولێر، زستانی ١٩٩٦.

(١٠) کامەران محەمەد: ڤیکۆو فەلسەفەی مێژوو( لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری-رەخنەیی)، سلێمانی،٢٠٠٦.

(١١) مالك بن نبي: ميلاد مجتمع شبكة العلاقات الاجتماعية، (ترجمة: عبدالصبور شاهين)، دار الفكر، الطبعة الثالثة، دمشق-سورية،١٩٨٦.

(١٢) هاشم سالح:پێشەکی کتێبی:گۆستاڤ لۆبۆن:سایکۆلۆژیای جەماوەر، (وەرگێرانی: ئارام جەمال)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)،چاپی دووەم،٢٠٠٦.

(١٣) هاشم يحي الملاح: المفصل في فلسفة التاريخ (دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية و النقدية)، المجمع العلمي، بغداد،١٤٢٦ه-٢٠٠٥م.

**سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

**(١٤) (Nikolay Yakovich Danilevsky:Wikipedia,The free encyclopedia. (http://en.wikipedia.org/wiki/ Nikolay_ Yakovich_ Danilevsky).**

**(١٥) What differs Russia from the West? http://www.epwijnants-lectures>com/russiasnewmap.ht ml.**

**(١٦) Mikhail Epstein: From Culturology to transculture:( http://www.emory.edu/INTELNET/tc_١.html).**

**(١٧) an "interview" of sorts- Europe will recognize only a Russia which rejects herself, Parlamentskaya Gazeta, No. ٢٠١ (٠٥٨١), Friday, October ٢٠, ٢٠٠٠:( http://www.stormfront.org/archive/t-١٨٦٧٤٣Twain_on_Black/t-٨٠٨٤٥.html).**

# کورتەیەک دەربارەی ژیان و فەلسەفەی نیچە



مەریوان عەبدول

## یەکەم: ژیانی نیچە

فردریك نیچە لەساڵی ١٨٤٤ لە (ریکن) لەنزیك لوتسین لەهەرێمی سەکسۆنیای ئەڵمانیا لەدایکبووە، باوکی ناوی (کارڵ لۆدڤیج نیچە) بووە، قەشە بووە، لەساڵی ١٨٤٩ کاتێك باوکی مردووە نیچە منداڵ بووە[١]، نەك تەنها باوکی بەڵکو زۆربەی باوانی لەدایکی و باوکییەوە پیاوی ئاینی بوون، دایکیشی زۆر خۆپارێز بوو و ریتواڵە (طقوس) ئاینییەکانی بەباشی جێبەجێدەکرد، نیچە خۆشی لەمنداڵییدا کەسێکی پابەندبوو بەئاینی مەسیحییەوە، بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی ئینجیل بووەو چێژی لەتەنهایی وەرگرتووە، یان زۆرجار ئینجیلی بۆخەڵکی خوێندۆتەوە بەجۆرێکی کاریگەری ئەوتۆ خستونیەتە گریان، لەگەڵئەوەشدا جۆرێك لەگەورەیی و شانازیی لەدەروونیدا هەبووەو هەوڵی شاردنەوەی سۆزی خۆی و بەدەستهێنانی رەندی و بەهێزکردنی جەستەیی و عەقڵیی و دەروونیی داوە. بەڵام کاتێك تەمەنی گەیشتۆتە ١٨ ساڵی بڕوای بەخواو ئاینی مەسیحی لەدەستداوە[٢].



دوای ئەوەی باوکی مردووە کۆمەڵە ئافرەتێکی پارێزکار لەخێزانەکەیدا پەروەردەیان کردووە، زیادەڕۆییان کردووە لەلاواندنەوەو سۆز پێدانیدا، تائاستێك هەستی زۆر ناسك بووەو زیاد لەپێویست سۆزداربووە، بەجۆرێك سەرزەنشتی هاوڕێکانی دەکرد کاتێك ئازاری باڵندەیەکیان دەدا یان میوەیەکیان لەباخچەیەك ببردایە، تاوای لێهاتبوو لەقوتابخانە ناویان نابوو قەشەی بچکۆلە[٣].

نیچە هەر لەمنداڵییەوە وەك کەسێکی بلیمەت دەرکەوت، هێشتا تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو پلەی پرۆفیسۆری لەفیلۆلۆژیادا بەدەستهێنا، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە زوو خانەنشین کرا[٤].

نیچە جارێك کەوتووەتە ناو خۆشەویستییەوە، ئافرەتێکی خۆشویستووە بەناوی (لۆسالومی)، بەڵام ئەو هیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەر بەنیچە نەبوو، پێدەچێت هەر ئەمەش بوو بێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی توند دژی ئافرەت بنوسێت و بۆچونەکانی دەربڕێت[٥].

ستایشکردنی نیچە درەنگ بوو، چونکە کاتێك ستایشی نیچە کرا چیدی نیچە هۆشی لای خۆی نەمابوو، کۆتایی ژیانی بەشێتی بەسەر برد، ئەگەر چی بەدروستی نازانرێت لەچ ساڵێکدا هۆشیاری لەدەستداوە، بەڵام (دە) ساڵی کۆتایی ژیانی لەتاریکی و داڕووخانی عەقڵیدا بەسەربردووە، ئەوەش بەنوسینەکانیەوە دیارە. تا دایکی مابوو چاودێری دەکرد، لەدوای مردنی دایکیشی خوشکەکەی چاودێری دەکر تا لەساڵی ١٩٠٠ ژیانی لەدەستداو مرد[٦].

## دووەم: بەرهەمەکانی نیچە

کتێب و بەرهەمەکانی نیچە زۆرن، یەکەم بەرهەمی لەساڵی ١٩٧٢ بڵاوکرایەوە بەناوی (لەدایکبوونی مەرگەسات)[٧]. گرنگترین کتێبی نیچە (وەهای گوت زەردەشت)ە، لەساڵی ١٨٨٣ بڵاویکردۆتەوەو بەشێوە زمانێکی شیعری داڕێژراوەو گوزارشت لەهزری نیچە دەکات[٨].

لەکتێبی وەهای گوت زەردەشتدا لەسەر زمانی پیرێکی داناوە بەناوی زەردەشت فەلسەفەکەی دەخاتەڕوو، گرنگترین شت کە لەگوتەکانی زەردەشتدا هاتووە، نیچەی پێناسراوەو زۆرجار لەو خاڵەوە قسە لەسەر نیچە دەکرێت و رەخنەی لێدەگیرێت، ئەویش ئەو گوتەیە کە زەردەشت دوای ئەوەی دەگات بەپیرێکی خواناس و گفتوگۆی لەگەڵدەکات، پیرەکەش باسی ئەوەی بۆ دەکات کە خەریکی موناجات و پەرستشی خوایە، بەڵام زەردەشت بەجێیدەهێڵێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێت: (شتێکی سەیرە، بۆ ئەم پیرە لەم دارستانەدا نەیزانیوە خوا مردووە))[٩].

یەکێکیتر لەکتێبە گرنگەکانی نیچە کتێبی (دوژمنی مەسیح)ە کە لەساڵی ١٨٩٥ بڵاوکراوەتەوە[١٠]، سەرەتای ئەم کتێبە رەخنەگرتن و دژایەتیکردنی مەسیحیەت و بەهاکانیەتی، لەشوێنێکدا بەم جۆرە پەسنی مەسیحیەت دەکات و دەڵێت: (مەسیحیەت ئارەزوومەندی هەر شتێکە کە لاوازو روخێنەرو مایەی سەرنەکەوتنە)[١١].

لەکتێب و بەرهەمەکانی دیکەی نیچە:

- مرۆڤانە– مرۆڤانە زۆر، لەساڵی ١٨٧٨ دەرچووە کە رەخنەگرتنی ریشەییە لەداڕووخانی ئەخلاق و هونەرو فەلسەفەو ئایین.
- بەیانی (الفجر) لەساڵی ١٨٨١ دەرچووە.
- زانستی پەرتکردن، لەساڵی ١٨٨٢ دەرچووە.
- لەئەو دیو چاکەو خراپەوە، لەساڵی ١٨٨٦ دەرچووە.
- ویستی هێز، لەساڵی ١٨٨٦ نوسراوەو لەساڵی ١٩٠٦ بڵاوکراوەتەوە.
- بنەڕەت و بنەچەی ئەخلاق، لەساڵی ١٨٨٧ دەرچووە.
- ئائەمەیە مرۆڤ، لەساڵی ١٨٨٨ دەرچووە.
- دەججال، ١٨٨٨[١٢].

## سێیەم: فەلسەفەی نیچە

بەچاوپۆشی لەئەوەی لەناوەندە ئـەدەبی و فەلـسەفیەکاندا بـاس لەنیـچە دەکرێـت و هەر ناوەندێکیان دەیانویست بیخەنە دەرەوەی کایەی خۆیان. بەڵام هەرچۆنێك بێت نیچە یەکێکە لەفەیلەسـوفە کاریگـەرەکان لەسـەردەمی خـۆی و تـا ئێستاش، ئەگـەر چـی ئـەو زمانێکی ئەدەبی یان زیاتر لەوەش زمانێکی شیعری بـەکارهێناوە، بـەڵام ئەمـە لەبایـەخی فەلسەفی کتێبـەکانی کەمناکاتـەوە[١٣]. چـونکە فـۆرمی نوسـین لەخزمـەتی ناوەرۆکدایـەو ناوەرۆك پێش فۆرم دەکەوێت[١٤].

نیچە کاریگەری شوپنهاوەری زۆر لەسـەر بـووە، کاتێـك لەسـاڵی ١٨٦٥ کتێبـە بـەناو بانگەکـەی (جیهـان وەك ویـست و بیرۆکـە)ی کەوتـە دەسـت زۆر بەپەرۆشـییەوە دەیخوێندەوەو بەزمانی خۆی باس لەو کاریگەرییە دەکات و دەڵێت: (ئاوێنە یەك بـوو کـە جیهـان و ژیـان و سروشـتی دەروونـی خـۆم تێـدا بینـی، وێنـا کرابـوو بەگەورەییـەکی ترسـێنەر))، لەگـەڵ ئەوەشـدا نیچە کاریگـەربوو بەفەلـسەفەی شـوپنهاوەر، بـەڵام رقـی لەڕەشبینی دەبووەوە، ئەگەر چـی زۆربـەی ئەوانـەی بـاس لەنیچە دەکـەن بـەڕەش بـین پەسنیدەکەن، بەڵام ئەو رەشبینی بەنیشانەی لاوازی و داڕووخـان دادەنێت، گەشـبینیش بەنیـشانەی رووکەشـی هـزرو کـورتبینی دادەنێـت، بـەڵام گەشـبینی پـەژارەئامێز یـان گەشبینی لەتراژیدیادا بەتایبەتمەندی پیـاوی بـەهێز دادەنێـت[١٥]. نیچە وەك شـوپنهاوەر رقی لەژیان بووەو بەکەمی دەزانـی، بـەڵام نیچە بانگەشـەی سـەرکەوتنی دەکـرد بەسـەر ژیاندا بۆ دروستکردنی مرۆڤی باڵا (سوپەرمان)، بـەڵام شـوپنهاوەر بانگەشـەی دەکـرد بـۆ دانانی سنورێك بۆ ژیان لەڕێگەی خۆکوشتنەوە[١٦].

جگە لەشوپنهاوەر کاریگەری (سپێنۆزا) و (گۆتە) و (هۆڵدەرلین)ی شـاعیری ئـەڵمانی و (ڤاگنەر)ی لەسەربووە، کاریگەری گۆتە لەسەری تا ئاستێك بووە گۆتەی بەنزیك دانـاوە لـەو مرۆڤـە باڵایـەی باسـی کـردووە[١٧]، نیچە رەخنـەی زۆری لەفەلـسەفەو فەیلەسـوفان گرتووە، لەو فەیلەسوفانەی نیچە زۆر هێرشـی کردونەتـە سـەر (سـوکرات)ە ئـەو پێیوایـە لەسوکراتەوە چاخی زێڕینی فەلسەفە ئاوا دەبێت و فەلسەفە بەرەو داڕووخـان چـووە[١٨]، (ئەفلاتون)ی قوتابی سوکراتیش بەهەمانشێوە بێبەش نەبوو لەڕەخنەکانی نیچە، ئـەوەتا نیچە مەسیحییەت و ئەفلاتوونیەت بەیەکەوە گرێدەدات، ئەگەر داڕووخانی جیهـان لەگـەڵ

ئەفلاتووندا دەستی پێکردبێت ئەوا باوەڕی مەسیحییەت، فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەتی ئەفلاتوونیەتی گرتە خۆی و کردیە نمونەی بەڵگە هێنانەوە[١٩].

سەیر لەوەدایە لەگەڵ ئەوەی نیچە سودێکی زۆری لەهزری ئەفلاتوون وەرگرتووە، بەڵام هێرشی کردۆتە سەر، بۆ ئەم بارە (ول دیورانت) ئاماژە بەوە دەکات نیچە بەتایبەتی هێرشی کردۆتە سەر ئەوانەی قەرزداریان بووەو سودی لێوەرگرتوون[٢٠].

فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت)یش لەتیری رەخنەکانی نیچە رزگاری نابێت، هۆکاری سەرکەوتنی کانت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرکەوتنی لاهوت، کانت بەیەکسانی لەگەڵ (لۆتەر) و (لایبنز) بەربەستبوون لەبەردەم پاکێتی ئەڵمانێتیدا، پاشان توندتر هێرشی دەکاتە سەرو دەڵێت ئەگەر چی هاوچەرخی گۆتە بووە، بەڵام گەوج بووە، بەم شێوەیە پەسنی دەکات و دەڵێت: (شومی جاڵجاڵۆکە لەفەیلەسوفانی ئەڵمانی ژمێردراوەو تائێستاش هەروا دەژمێردرێت)، جگە لەوە پێیوایە رووخانی فەلسەفەی ئەڵمانی بریتییە لەکانت[٢١].

لەنێوان فەیلەسوفاندا نیچە (هیراکلیتس) بەرز رادەگرێت و خۆی دەڵێت: (ناوی هیراکلیتس هەڵاوێرد دەکەم، لەگەڵ تەواوی رێزی پێویست بۆی)[٢٢]، بەدەر لەوەی نیچە خۆی سەرسامیی خۆی دەردەبڕێت بۆ هیراکلیتس، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کاریگەری فەلسەفەی هیراکلیتس بەڕوونی دیارە بەسەر فەلسەفەی نیچەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بەویستی هێزو جەنگەوە، لەپێش نیچەدا هیراکلیتس گوزارشتی لیێ کردووەو ویستی هێزو جەنگی بەهۆکاری گۆڕان داناوە[٢٣]، هەروەها بیردۆزی گەڕانەوەی هەتاهەتایی کە نیچە گوزارشتی لێکردووە بەهەمانشێوە لای هیراکلیتس دەبینرێت ئەگەرچی لەوانەیە جیاوازی هەبێت لەنێوانیاندا[٢٤].

## ئاوابوونی بتەکان

نیچە بڕوای وایە مرۆڤ بەردەوام و تائێستاش خەریکی پەرستنی بتگەلێکە، بتی ئەخلاق، بتی فەلسەفە، بتی سیاسەت و ...هتد، تێبینی ئەوە دەکەین تەنانەت فەلسەفە یان زۆرێك لەفەلسەفەکانیشی بەبت داناوە[٢٥]، هەرئەمەشە وایکردووە ئەو رەخنەیە لەنیچە بگرن ئەو وەك فەیلەسوفێك رەخنەی لەفەلسەفە گرتووە، نەك وەك رۆژنامەنوسێك[٢٦]، بۆیە نیچە بەئەرکی خۆی زانیوە پەردە لەسەر ئەو بتانە هەڵبماڵێت و تێکیان بشکێنێت.

نیچە دەیویست بڕوابوون بەخود بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە لەڕێگەی هێرشی توند بۆ سەر ئەخلاقی بڵاو و بەها باوەکان. بۆ ئەوەی ئەم کارەش بکات خۆی داڕنی لەئەخلاقی گشتی

و بەتوندی تێدەکۆشا دژی کەڵچەری ئەخلاقی، ئەم هەڵوێستەی خۆی بە (بێئەخلاقی) ناو بردووە، واتا ئەو بێلایەنە لەئەخلاق نەك بەمانای لادان و دابڕاو لەچاکەو خراپە بەمانا باوەکەی[٢٧]. نیچە لەدوو کتێبدا بەناوی (لەسەرو چاکەو خراپەوە) و (مێژووی زنجیرەی ئەخلاق) تێکۆشاوە بۆ تێکشکاندنی ئەخلاقی کۆن و دانانی سەرەتایەك بۆ ئەخلاقی مرۆڤی بالاّ (سوپەرمان)[٢٨].

نیچە باس لەدووجۆر ئەخلاق دەکات: ئەخلاقی خانەدانەکان و ئەخلاقی ژێردەستان، ئەخلاقی خانەدانەکان بریتییە لەڕابواردنی ژیانی خۆشگوزەرانی، بەلاّم ئەخلاقی ژێردەستان واتە رابواردنی ژیانی پڕسکالاّ و ڕق و تورەیی[٢٩]، سۆزی بەهێز لەئەخلاقی ژێردەستاندا بریتیە لەکینەو رق لێبوونەوە، ئەم لاوازانە بەرامبەر بەبەهێزەکان بۆیان دروستدەبێت، کاتێك دەرفەتی تۆڵەسەندنەوەیان بۆ دەڕەخسێت[٣٠]. نیچە باوەڕی بەڕێژەگەرایی هەیە لەئەخلاقدا، پێیوایە حوکمە ئەخلاقییەکان لەدەرەوەی زەمان نین و رەها نین، دەکرێت بەڵگە بهێنرێتەوە بۆ ڕێژەییان لەبەرامبەر مێژوو و کۆمەڵگەدا[٣١]. سەبارەت بەچاکەو خراپە، ئەوەی بەهێزو تەواوتر بێت ئەوە کەسی چاکە، بەلاّم ئەوەی ملکەچ و شوێنگەی نزم بێت ئەوە کەسی خراپە[٣٢].

هەرچی پەیوەندی بەئاینیشەوە هەیە بەتایبەتی ئاینی مەسیحی، نیچە زۆر بەتوندی لەکتێبی (دوژمنی مەسیح)دا هێرشدەکاتە سەر ئاینی مەسیحی، بەئارەزومەندی لاوازی و رووخێنەرو سەرنەکەوتووی دادەنێت، نیچە ئاینی مەسیحی و بوزیش بەدوو ئاینی سەر بەنیهلیزم و پوچگەرایی و داڕووخان دادەنێت، بەلاّم ئەوەندە هەیە ئاینی بوزی سەدان جار چاکترە لەئاینی مەسیحی، چونکە ئاینی بوزی بەشێوەیەکی بابەتیی گرفتەکان چارەسەردەکات[٣٣].

نیچە چۆن هێرشی کردۆتە سەر ئایین بەهەمانشێوەش هێرشی کردۆتە سەر عەقڵ، عەقڵی بەمەترسیدار داناوە، چونکە بانگەشەی زانینی گشت شتێك دەکات، خۆ ئەگەر بەم شێوەیە بوایا ئەوا خەڵکی نەیاندەتوانی زۆر بژین، لەم بارەیەوە دەڵێت: ( ئەگەر مرۆڤایەتی بەپێی ئەوەی عەقڵ دەیەوێت بڕۆشتایە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لەسەر پەیڕەو و زانیارییەکانی عەقڵ بڕۆشتنایا ئەوا لەمێژ بوو لەناوچوو بوو))[٣٤].

نیچە لەفەلسەفەکەیدا هێرشی کردۆتە سەر عەقڵ و تێکیشکاندووە، ئەو گومانی لەو متمانە رەهایە کرد کە درابوو بەعەقڵ، لەبەرامبەردا گرنگی بەهۆکاری نا عەقلانی داوە

کەرۆڵی هەبووە لەئاراستەکردنی بزاوتی مێژوودا، هەروەك بەشێك لەڕەخنەگرتنی عەقڵ، نیچە ڕەخنەی لەسەردەمی مۆدێرنەو ڕۆشنگەری گرتووە، بەتایبەتی خەسڵەتە نێگەتیڤەکانی مۆدێرنەی پۆزەتڤستی و پیشەسازی[٣٥].

هێرشکردنی نیچە بۆ سەر عەقڵ، لەهەمانکاتدا هێرشکردنە بۆ سەر فەلسەفە، چونکە عەقڵ و فەلسەفە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، ئەمەش لەهێرشی نیچەدا بۆ سەر فەیلەسوفان دەردەکەوێت سەبارەت بەمە دەڵێت: (هەموو ئەوەی فەیلەسوفان لەهەزارەکاندا تاوتوێیان کردووە هیچ نەبووە جگە لەمۆمیای هزرەکان، هیچ شتێکی راستەقینە لەژێر دەستیاندا دەرنەچووە)[٣٦].

## ویستی هێز

بەشێکی گرنگی فەلسەفەی نیچە گرنگی دانە بەپرسی ویستی هێز، زۆر جار لەگەڵ ناوی نیچەدا باس لەم پرسە دەکرێت، ئەو هەموو خێرو چاکەیەك لەهێزدا دەبینێتەوە، هەموو خراپەیەکیش لەلاوازیدا دەبینێتەوە، پێویستە لاوازەکان لەناو بچن چونکە سەرنەکەوتوون، ئەمەش بەخۆشەویستی دەزانێت بۆ مرۆڤەکان، جگە لەوە یارمەتیدانە ئەگەر رێگە خۆشکەر بین بۆ لەناوچونیان[٣٧].

ویست پاڵپێوەنەری هەموو هزرو کارێکە. ویست وەك ئەوەی (شوپنهاوەر) باسی لێدەکات کوێرنییە، بەڵکو ئامانجی خۆی هەیە، وەك پارێزگاری لەخود، گەشەپێدانی هەستکردن بەژیان و توانای ژیان، بردنەوەی هێزو توانا، نیچە لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەم جیهانە، جیهانێکە لەهێزی سەپاندن، بەبێ سەرەتاو کۆتایی گەورەو پتەو بەهێز... ئەم جیهانە بریتییە لەویستی هێز، هیچ شتێك نییە جگە لەمە !)[٣٨] نیچە هێز لەسەرو گشت شتێکەوە دادەنێت نەك تەنها لەدیدی خۆیەوە، بەڵکو لەدیدی مرۆڤەکانیشەوە بەهەمانشێوەیە، ئەو پێیوایە شەیتانی رەگەزی مرۆیی بریتییە لەخۆشەویستی مرۆڤ بۆ هێز[٣٩].

## گەڕانەوەی هەتاهەتایی

یەکێك لەو پرسانەی نیچە گرنگی پێداوە بیرۆکەی گەڕانەوەی هەتاهەتایی بووە، مەبەستیش لەم گوزارەیە ئەوەیە هەموو شتێك کاتێك روودەدات، بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە لەسەردەمی جیاوازدا[٤٠]، واتە هەر هەبوویەك

پاش لەناوچوون و نەمانی جارێکتر وەك خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان، ئەمەش بەشێوەیەکی خولیی و بازنەیی بەهەمیشەیی بەردەوام دەبێت[٤١].

نیچە ئەم بارە بەم شێوەیە وێنادەکات: (ئەم ژیانە... پێویستە لەسەرت جارێکیتر تیایدا بژیت، چەند جارێکی تریش... کاتژمێری بوونی لمی هەمیشەیی ناوەستێت لەهەڵگەڕانەوەی نوێ- تۆش لەگەڵیدایت- ئەی دەنکی خۆڵ لەناو خۆڵدا!)[٤٢] ، لەم گوتەیەی نیچە دەتوانرێت ئەوە هەڵبگۆزرێت بوون وەك کاتژمێرێکی لمی وایە هەرکات خولی خۆی تەواو کرد بەبێ وەستان و بەردەوام لەهەڵگەڕانەوەدایە، ژیان شێوەیەکی خولیی و بازنەیی وەردەگرێت، بەردەوام لەسوڕانەوەدایە، تۆی مرۆڤیش یەکێکی لەدەنکە خۆڵەکانی ناو ئەو کاتژمێرەو بەشداری تیایدا.

نیچە یەکەم کەس نییە یاخود داهێنەری بیرۆکەی گەڕانەوەی هەتاهەتایی نییە، بەڵکو لەپێش ئەودا (هێراکلیتس) باسی لەم پرسەکردووە، بەداهێنەری دادەنرێت، ئەگەرچی جیاوازی هەیە لەوردو درشتی تەواوی بۆچوونەکانیان[٤٣].

## مرۆڤی باڵا (سوپەرمان)

یەکێك لەو پرسانەی نیچە گرنگی پێداوە مرۆڤی باڵایە، گرنگیدانی بەمرۆڤی باڵا بەئەندازەیەك بووە ئامانجی هەموو مرۆڤایەتی ببەستێتەوە بەدروستکردنی مرۆڤی باڵاوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی مرۆڤی باڵا، زیندوویێتی و عەقڵ و بەرزی دەروونە[٤٤]، مرۆڤی باڵا مرۆڤێکی داهێنەرە نەك داهێنراو، بۆ ئەوەی داهێنەربێت ئازار دەدرێت و خەڵکی خۆیانی لێی بەدور دەگرن، بەساتانێکدا تێدەپەڕێت گومان لەخۆی و ئامانجەکانی دەکات، لاوازەکان بەهۆی زۆری ژمارەیان دژایەتیان دەکەن، ژیانی لەمەترسیدا دەبێت و بەرامبەر بەخۆی و شوێنکەوتوانی هیچ سۆزێك نانوێنێت چونکە ئامانجی سەرکەوتنە[٤٥].

یەکێك لەو بنەمایانەی پێویستە بۆ دروست بوونی مرۆڤی باڵا خوێن یان رەگەزە، بۆیە ئەو داوای ساغی و رەسەنی رەگەز دەکات، چونکە دوای بەدیهێنانی باش لەدایکبوون، هەنگاوی دووەم دەستپێدەکات بۆ داڕشتن و دروستکردنی مرۆڤی باڵا[٤٦]، کەواتە دروستکردنی مرۆڤی باڵا تەنها بەلیبڕانی مرۆڤەکە نییە، بەوەی دەست بگرێت بەکۆمەڵێك خەسڵەتی وەك عەقڵ و بەرزی دەروون و گرتنەبەری رێگەیەکی بێئامان، بەڵکو

لەسەرو ئەمانەوە ساغی و رەسەنی رەگەزی مرۆڤەکەو خوێنەکەی رۆڵێکی گرنگ دەبینن لەدروستکردنی مرۆڤە باڵاکەی نیچەدا.

ئەو مرۆڤەی ئێستا هەیە هیچ نییە جگە لەگوریسێکی شەتەکدراو نەبێت لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤی باڵادا، جگە لەوە هەموو مرۆڤێك ناتوانێت بگاتە پلەی مرۆڤی باڵا، بەڵکو کەمینە دەتوانن بەو پلەیە بگەن، لەگەڵ ئەوەشدا نیچە بانگەشەی ئەوەی نەکردووە خۆی ئەو مرۆڤە باڵایەیە، یان ئەو مرۆڤە بوونی هەیە، بەڵام گۆتە بەکەسایەتی و رەفتاری توانیویەتی لەو مرۆڤە باڵایە نزیك ببێتەوە(٤٧).

## نیچە و مێژوو

نیچە پێیوایە مێژوو بەشێوەیەکی خولیی دەگوزەرێت، بوونیش بەردەوام لەگۆڕان و خولدایە تا ناکۆتایی، هەرکاتێك خولێك تەواو دەبێت خولێکی تر بەدوایدا دێت(٤٨)، ئەمەش لەگەڕانەوەی هەتاهەتایی وەرگیراوە، بەڵام ئەم تێڕوانینە دەچێتە کایەی تێڕوانین بۆ مێژوو.

مێژوو تراژیدیاو مەرگەساتە، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ئارام و هێمن ناگوزەرێت، چونکە ئەوەی ئاراستەی مێژوو دەکات عەقڵ و عەقڵانیەت نییە، بەڵکو زۆرجار هۆکارە ناعەقڵانییەکان رۆڵی خۆیان دەبینن لەمێژوودا(٤٩)، لای نیچە مێژوو پێناسە ناکرێت و دەڵێت: ((بەتەنها ئەوە پێناسە دەکرێت کەمێژووی نییە))(٥٠)، واتە هەرشتێك مێژووی هەبێت پێناسە ناکرێت، بەدەر لەوە دەتوانرێت ئەوەشی لێ بخوێنرێتەوە مێژوو خۆشی پێناسە ناکرێت، جگە لەوە وادەردەکەوێت ئەم تێڕوانینەی نیچە زیاتر لێدان بێت لەمێژوو و سەیرکردنێکی نێگەتیف بێت بۆی، چونکە نیچە لەشوێنێکیتردا بەخراپ باسی مێژوو دەکات: (رزگاری پێویستە لەوێژینگەی (وهم) هەستەکان، لەجوڵەو گۆڕانی بەردەوام ، لەمێژوو، لەرووپامایی (الریاء)! مێژوو هیچ نییە جگە لە باوەڕهێنان بە هەستەکان، باوەڕهێنان بە درۆ))(٥١)، ئەوەی نیچە دەربارەی مێژوو دەیڵێت روونە، بە ئاشکرا لێدان و بەنێگەتیف باسکردنی مێژووە، باوەڕهێنانیش بە مێژوو بەهیچ نازانێت جگە لە باوەڕهێنان نەبێت بە درۆ.

## پەراوێز

(١)بدوي، عبدالرحمن: موسوعة الفلسفة، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٤، ج٢، ل ٥٠٩.

(٢)ديورانت، ول: قصة الفلسفة من افلاطون الى جون ديوى، ت: فتح الله محمد مشعشع، ط١، منشورات مكتبة المعارف، بيروت، ٢٠٠٤، ل٣١٠.

(٣)هـ. س. ل.

(٤)بيۆهمە: گۆتە، فەرهەنگی سۆفیا، و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٢١

(٥)ديورانت: قصة الفلسفة...، س. پ. ل٣١١– ٣١٢.

(٦)هـ. س. ل ٣٣٧.

(٧)كلنبرگر، جى: كركگور و نيچه، ترجمه ابو توراب سهراب و الهام عطاردى ، چاپ اول ، مؤسسه اينتشارات نگاه، تهران ، ١٣٨٤ ، ل ٩٧.

(٨)رونى: س. پ، ب٢، ل ٥١٣.

(٩)نيتشه، فردريك: هكذا تكلم زرادشت، ت: فليكس فارس، مكتبة الثقافية، بيروت، دون سنة، ل ٣٠.

(١٠)كلنبرگر: س. پ، ل ٩٦ .

(١١)هـ. س. ل ٩٦ .

(١٢)نيتشه، فردريك: عدو المسيح، ت: جورج مخائيل ديب، ط١، دار الحوار، سورية، ٢٠٠٤، ل٢٤.

(١٣)كونزمان، بيتر و اخرون: اطلس– dtv الفلسفة، ت: جورج كتورة، ط١، المكتبة الشرقية، بيروت، ٢٠٠١، ل١٧٩.

(١٤)عەزیز، حەمید: فردریك نیتشێ وەك دیاردەیەك لە نێوان فەلسەفەو ئەدەبدا، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٠٢، ساڵی دەیەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٣٧.

(١٥)كولنجوود، ر. ج: مقال فى منهج الفلسفى، ترجمة و دراسة وتحقيق فاطمة اسماعيل، مجلس الاعلى للثقافة، قاهرة، ٢٠٠١، ل٣٢٦.

(١٦)ديورانت: قصة فلسفة...، س. پ، ل٣١١، ٣١٣

(١٧)شلق، على: العقل فى مجرى التاريخ (قبل الاسلام و بعده)، ط١، دار المدى للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٨٥، ل١٥٩.

(١٨)الحفني: س. پ، ب٢، ل١٤٣٧ و دواتر.

(١٩)نيتشة: افول الاصنام، ت: حسن بورقية و محمدالناجي، مطابع افريقيا الشرق، دار البيضاء، ١٩٩٦، ل٢٠.

(٢٠)ولداباه، السيد: التاريخ والحقيقة لدى ميشيل فوكو، ط١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٤، ل٥٤.

(٢١)ديورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل٣٣٤.

(٢٢)نيتشة: عدو المسيح، س. پ، ل٣٩ و دواتر.

(٢٣)نيتشة: افول الاصنام، س. پ، ل ٢٦.

(٢٤)پۆپەر، كارڵ: كۆمەڵگەی كراوە و دوژمنەكانی، و: ئيدريس شێخ شەرەفی، چ١، دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی موكريانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ، ل٤٢.

(٢٥)بدوی: موسوعة الفلاسفة، س. ث، ب٢، ل٥٣٦

(٢٦)هـ. س، ل ٥٠٩

(٢٧)ناتاف، اندريه: الفكر الحر، ت: رندة بعث، ط١، دار المدى للثقافة و النشر، بيروت–سورية–بغداد، ٢٠٠٥، ل١٣٠.

(٢٨)كامل، فؤاد: اعلام الفكر الفلسفى المعاصر، ط١، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٣، ل١٨٨.

(٢٩)ديورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل ٣٢٠.

(٣٠)ڤێرژۆلی، بيتران: فيلسۆفەكانی مۆدێرنيتە لەديكارتەوە تا هايدگێر، و: محەمەد رەحيم ئەحمەدی، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٩.

(٣١)كامل: س. پ، ل١٩٠.

(٣٢)كونزمان واخرون: س.پ، ل ١٧٧.

(٣٣)بدوي: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ل٥١١

(٣٤)نيشه: عدو المسيح، س. پ، ل٦٠،٢٨.

(٣٥)بدوی: موسوعة الفلاسفة، س. پ، ل٥١٣

(٣٦)سالّح، هاشم: فیکری خۆرئاوا، و: شوان ئەحمەد، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٩٠-٩٢.

(٣٧)نیتشه: افول الاصنام، س. پ، ل٢٥

(٣٨)نیتشه: عدو المسیح، س. پ، ل٢٥.

(٣٩)وەرگیراوە لە کونزمان و اخرون: س. پ، ل١٧٩

(٤٠)عبالجبار، نبیل عبدالحمید: الفلسفة لمن یرید، مطبعة حاج هاشم، اربیل، ٢٠٠٤، ل٩٤.

(٤١)هانکسون، جیم: المرشد الی الفلسفة، ت: جورج خوري، ط١، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٠، ل ٣١.

(٤٢)کەمال، محەمەد: نیتشەو پاش تازەگەری، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٩٧.

(٤٣)وەرگیراوە لە کونزمان واخرون: س. پ، ل١٧٩.

(٤٤)بدوي: موسوعة الفلسفة، س. پ، ب٢، ل٥٣٦

(٤٥)دیورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ل١٢٤-١٢٥

(٤٦)الحفنی: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، س. پ، ب٢، ل١٤٣٩

(٤٧)دیورانت: قصة الفلسفة...، س. پ، ت٣٢٥.

(٤٨)الحفني: موسوعة الفلسفة والفلاسفة، س. پ، ب٢، ل١٤٣٩.

(٤٩)هـ. س، ل١٤٤.

(٥٠)سالّح: س. پ، ل٩٠-٩٢.

(٥١)اشبنغلر،اسوالد: تدهور الحضارة الغربیة، ت: احمد الشیباني، دار مکتبة الحیاة للطباعة و النشر، بیروت، ١٩٦٤، ج١، ل٣٠١.

(٥٢)نیتشه: افول الاصنام، س. پ، ل٢٦

**سەدو یەک شەوە**

سەباح رەنجدەر

**بێدەنگی بۆ من**
**ئاوەدانیبوو**

رۆژ هەڵەبجەیی

**نهێنی**

کامەران ئاریا




**بەرەو زەوییەکی دی**

عومەر جەلال

**قەسیدەی سەفەری**
**خەونێکی وەنەوشەیی**

ئەحمەد قادر سەعید

**زەینەب خانی بەرپەنجەرەکە**

محەمەد حسێن

# دەق

# سەدو یەک شەوە

سەباح رەنجدەر

## حەسرەتدار

ئەی بێ نیشتیمانتر لەحاجی لەقلەقەکەی
کە لەئێمە بەگومان نەبوو
دڵم بچووکبووەتەوە
هێندەی کونی دەرزی دایکم
کاتێک قۆپچە وەریوەکانی
کراسە ئوتوو نەکراوەکەم توند دەکاتەوە
چاوم رەنگی سووری
برای شیعریم ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا
بەشەقامی شار دەپژێنێت
خوێنی شیعر لەگورچیلەی پاراو دەبێت
چەتر هەڵدەدەم
لەکۆترێکیش سووکتر هەڵدەفڕم
ئەستێرە لەسەر باڵی خاوەنی خورپەیە
جەزبەو دڵخەبەردان دەفامێ
فڕین بەتەنیا هەر بۆ باڵندە نییە
بیر لەزەنگ و مۆسیقای ناشتنیش دەکەمەوە

## ویست

لەشاخێک کە داڵدەی چەند شەڕکەرێکی دابوو
تونێلی هەڵکۆڵی
لەناوەڕاستی تونێلدا ماڵێکی شێوە
شوێنەواری بۆ خۆی دامەزراند
دەشیەوێت ئاگای لەئەستێرەکشان بێت

## نووسین

پرۆژەی نووسینی داستانێک
بووە خولیام و یەکەم هاواریم رژاند
پاڵەوانەکانی یەک دوای یەک
لەسەر رووپەڕ قەڵەمی دەست و پێیان شکا
عارەبانەی زبڵڕێژ بەکۆڵاندا تێپەڕی
بەدوایەوە غارم دا
بەپەڕەکان باری ئەسپەکەم گران کرد
گەڕامەوە ژوورەوە
چاوم بەهەموو شتێکدا گێڕا
لەسەر کورسییەکی پلاستیک دانیشتم
پێیەکانم خستە سەتڵە ئاوێکی شلەتێنەوە
بیریشم لەقرژاڵ دەکردەوە
مێژووی لەکوێ بخوێنمەوە
ئەرێ مێژووی دەربار بۆ کوێمان دەبەیت
ئەو بەیانییە مێژوو پێش خەڵکی شار لەخەو هەستا

بەکۆڵانی حەڵواچیان هەڵات و بەتەواوەتی ون بوو

## حەکایەت

بەرانبەر دوو کۆتر راوەستام
کە بەدیار باڵەفڕینی بێچووەکانیانەوە
سەرسامن
لەم راوەستانەمدا
ئەم لاو ئەولای ژیانم ماچکرد
حەکایەتی تا هەتایە دروست بوو

## مانەوە

ئاوێنەیەک لەژووری دانیشتن مابووەوە
باپیرم دەموچاو و مرادخانی لەبەری رێکخستبوو
باوکیشم
منیش
هەروەها کوڕەکەشم
لەمردنی هەریەک لەباپیرم و باوکم
قردێلەی رەشی لەناوچەوانی بەست
کەچی ئێستاش لەپێشوازیدا
دەمودووی گەرمەو چاوی هەر پڕشنگدارە

## زانین

ئەو مانگەی کە بەسەر ئێمەدا هەڵهات

سێبەری گەورەو نزم و ئاشتی پەروەرە

ئەو ڕێگایەی پێیدا نەڕۆیشتم
برادەرانم لێوەی سروودو رازی زەوییان
کردبووە ژووری خۆشحاڵی سرووش و دیدار
بۆ ڕێکەوتێکی ترم دواخست
ئەی مانگ بێکەس بە وجاغزادەت بزانە
لەباوەشی دایکا نەتدەزانی
کۆترو هەڵۆ
هەر یەکەیان چەند بەرزدەبنەوە
کەمێکن لەو شتانەی
خواوەندو گیانی پاک
دەربارەی زەوی بە وجاغزادەی خۆیان وتووە

## خوان

ئێوارە بەناو کۆڵان گەڕامەوە
با بۆن و بەرامەی خواردنی
تازە لێندراوی ماڵەکانی بەرزدەکردەوە
کەشێکی تەواو جۆشابوو
مرۆڤ حەزی دەکرد
شەقام درێژتر ببێتەوە
دەست بەتەمبوورو پڕهەست گەیشتمەوە ماڵ
خوانێکی سادەو چەند دڵێکی

بەخورپەو لێورڕێژی سۆز

منیش تێکەڵەیەک بووم لەبۆن و بەرامەی

خواردنی گەڕەک

دانیال قەساب

سرووش و رەنگی

تابلۆی منارەی

لەهەڵمی چێشتی گەرم وەرگرتووە

هەڵم نانیشێتە قووڵایی چاڵەکانەوە

یۆتۆپیای قەڵاو قووڵلەیە

## ئەستێرە

شەوەو پەنجەرە داخراون

ئەستێرە هەموو چاو و چاودێرن

مانگیش تاقانەی دایکیەتی

بەڵام تەنیا چاو دەدەنە

ئەو ئادەمییانەی گەنجینەی بەهرەو جوانی دەوڵەمەند دەکەن

لەناو باخچە دانیشتم

فەرامۆشی فرمێسکی خواوەندو دەنگی دەف

ئەو منداڵەی ناو دڵمیان دەلاواندەوە

زیندەوەرێک لەژێر زەوی هاتەدەرێ

هەوایەکی پاراوی هەڵمژی و بەچاو نزایەکی کرد

سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەڕەسێلکە

کە نەیهێشت

ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بكات

درۆیان بەدەمییەوە كردووە

## ئاشق

گوڵەبەڕۆژە ملكەچترین ئاشقە

بەشەو ئەشقی بەتاڵ دەبێت

كەواتە نیو دڵی هەیە

نیو دڵ لەژێر گومان و چاودێریدایە

## نەترسان

لەسەریەک لەتەختەكانی باخچەی گشتیی شار

كەشكۆڵی پێغەمبەرانم بەجێهێشت

بۆئەوەی ورەو هێزو توانا

بدەمە پیاوێكی دڵشكاو

لەزەوی رەق نەترسێت

## سوێند

دیلان خەریكە مەلۆتكەیەک دەباتە گردی سەیوان

لەدار ئەرخەوانێكی نزیک دەكاتەوە

مامەكرێنوو وەک میوەیەكی ئاولێ گیراو

هاتە پێشچاوی و بۆ میواندارییەک دەچوو



ناوچەوانی هەژا

لێی پرسی

ئەرێ کەسوکارو برادەرانت

هیچ لێتیان پرسیوەتەوە

لەژێر خۆری ساکاردا

کەسێبەرەکان تێکەڵ نابن

هاتوچوون بەردەوامە

دیلانیش لەنزیک کردنەوەی

پارچە شووشەکانی شەبەنگ دروستدەکەن

مامەکڕنوو هێلکەی سەمەند [illegible]ر بوو

گاڵتەو گەپی هەڵێنا

ژیاو سوێندیشی بەدرۆ نەخوارد

## کاتژمێر

بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە

بابێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت

درەخت گۆرانیبێژو خاو و خێزانیش کۆرس

کەلوپەلیش گوێگر

ئەستەمە لەماڵێکدا دەنگ ئاواز نەڕسکێنێت

کاتژمێری هەڵواسراو

کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درۆزن و فریودەر

مۆمم لەهەموو پەنجەرەی

ژوورەکانی ماڵم داگیرساندووەو گۆرانی دەڵێم

سڵاو لەئاڵای وڵاتەکەم



سێبەرەکانی تێکەڵ نەکرد

بەختیار زێوەر گوڵی سەربەستی

لەدەستی نزیک خستەوە

بەکۆڵانەکاندا بڵاویکردەوە

درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی

بۆنی تێدا نەما

## سڵاو

ئەم بەیانییە سەیری قەڵاو بازاڕم کرد

فوئاد ئەحمەد دۆندرمەی

سەر بەگوێزو فستق و باوی بەدەستەوە بوو

بەچاوێک گیاکەڵەی بینی کە دەوری

یەنگی دنیاو قۆزاخەی داوە

چۆکم شلە

گردو تەپۆڵکەکانی دەوروپشتم خەریکە دادەکەون

بەچاوەکەی تر

ناوچەوانی هەمووومانی بەخەبەر هێنا

بەچینی گۆرانییەکانی گەیشت

خودا هێزێکی لەدەنگ رواند

ژیان بۆنداره بەجوانی و بینین

ئەم بەیانییە لەماڵەکەی خۆمدا بینیم

ژنەکەم مەمەشیری دا بەنەوەکەمان

پاشان مەمە شووشەکەی شووشت

گوڵی لێواری پەنجەرەی پێ ئاودا

سڵاو لەوێنەکەی رەسووڵ گەردی

کە بەدیواری ماڵ و دوکانەکانتان هەڵواسراوە

## چلچرا

پیربال مەحمود رەشنووسی شیعرێکی

خستە ناو شووشەیەکی بەتاڵ و دەمی بەست

هەڵیدایە ناو رووبارێکی پڕ مەلەوانی نامراد

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ

لەلامان دانیشت

زوو زوو کورسییەکەی دەگۆڕی

نیازت چییە

ئەزموونی دوای مردنم کردووەتە شیعرێک

دەمەوێ بێمەوە ناوتانەوە

لەسەر سەکۆی پەیکەری گیوی موکریانی

بیخوێنمەوەو خورپەیەک بخەمە دڵتانەوە

چلچراش بەناوچەوانی خانووەکانتانەوە ببەستم

بەشاخی کەڵەکێویش بڵێم

داوای لێبووردن دەکەم

بۆ جوانییان کوشتووی

## پوولفرۆش

جەنگاوەرانی هێزی بووژانەوەو بەرگرییان لە

قۆزاخەی ئاوریشم وەرگرتبوو

لەدەفتەری بیرەوەرییان نووسیوە

ئەو پوولفرۆشەی نامەکان بۆ دنیا دەنێرێت

میوەی نایلۆنی نەخستووەتە زەمبیلەوە

بەردی نەگرتووەتە باڵندەی تەختە

کەروێشکی لەسوورڕی مانگانەی راونەکردووە

خەم و نیگەرانی جەنگیشی گرتووەتە دڵ

لەپاش جەنگدا

کلیلی سندووقی پۆستە

دەم دەبەخشێننە ئەو پیاوانەی

لەسەر سەکۆ دانیشتوون

# بێدەنگی بۆ من

# ئاوەدانیبوو

ڕۆژ هەڵەبجەیی

من هێزێک جادووی لێ کردووم،
بۆیە پڕم لەپرسیاری پێچاو پێچ...
ئەما گەرەکمە بەقەدی وەڵامێکا هەڵکشێم..
کەچی ناگەمە تروپکی هیچ رازێک..
ئەم نادیارییە دەگاتە کوێ و
بەپلیکانەی چ تیشکێکا سەرکەوم،
تا بگەمە ناخی ژوورە تاریکەکەی خۆم..
لەکۆڵانی چ بایەکدا پێیەکانی ویقارێک هەڵدەقوڵێ،
هەتا بڵێم بوەستە هاوڕێ..
بەچ شەوێکی شین بگەم،
دڵ چاوەڕوان نەبێ لەتونێلی بەردێکا..
لەچ پرسیارێکی مەلول مەلولدا..
حەقیقەت دەگاتە وەسوەسەی وەڵامێک
خودایە من ماندووم... ماندووبوون
بەسەر شەپۆلی شعورمەوە نیشتووەتەوە
من هێزێک جادوی لێکردووم
بۆیە تەسلیم بووم بەموناجات و تێفکرین..
کتێبی ئەم هەموو گەڕان و چوونە بۆ نەگەشتە،

رەفەی ئارشیفێک...

تۆ سەیرکە بەفەرموودەی ئیمامێک

دالی ئەم هەموو عیشقە دائەگیرسێ،

کەچی من مەدلوولی شکستە،

بەدەستەکانمەوە خورەی دێ...

قامچی ئەم هەموو هەورە،

ئێسکی چرپاکەم رووت دەکاتەوە

کەچی قیژەی بارانێک لەگریان ناگا...

پەرۆی ئەم هەموو گومانە سەرم دەپێچێ،

کەچی بەپووچی یەقینەوە،

دەچمەوە سەر نایلۆنترین نزا...

من ئەوەندە گومانم لێ رژا،

تا هەموو کراسەکەی بەرم خوساو

چلێ، چلێ دوگمەی سنگم بووە هێلانەو

دەزوولەیەک باڵ لەشەقژنەوە نەهاتەوە،

دەنووکی نەڕژا...!

ئێمە هەر وابووین لەئەزەلەوە هەروا بووین

سوهراب ئاسا چاومان نەشۆرد..

چووون جریوەی نائومێدییەکمان بەدەستەوە نەگرت و

بڕۆینەوە ئەو بەری چۆلەکەیەک و بڵێین:

مەرحەبا فڕین

ژیان جریوەیەکە لەعیشق..

بەناو لێوی جادەیەکدا پیاسەیەکمان چنی و

دەرفەت نەبوو بڕۆینەوە ئەوبەری ماچێکی پەژموورردەو بڵێین:



خەمی خەونەکان مەشکێنە،
عیشق هەردەم کوێرایی مەرگە...
سادە دڵ، خەیاڵ زەدەبووین و
نیگامان تێکەڵ بەخڵتەی گێلێتی،
پردی پەڕینەوەیەک نەبوو بۆ،
پەرداخێک حیکمەت و
بڵێین زەمەن چرایەک ناکوژێنێتەوە،
گەر دڵۆپە تیشکەکانی لەعیشق بێ...
من، تۆ، ئێمە، ئێمە هەروا بووین،
لەئەزەلەوە هەر وابووین...
من بەدڵێکی گەرم و سەرێکی سەربەخەیاڵاتەوە هاتم،
خودایە چۆن ئەم تەنهاییە تەریوەم بهێنمەوە
هەتا بگەمە تۆو عیشق ئاشتبکەمەوە..
من رۆژانە ئەستێرە لەناو دڵما دەخەوێ،
بەتاریکی دائەپۆشم کە بوومە تیشکدان..
شەوانە شەوەزەنگ لەسەر بەرماڵی جەستەم
نوێژدەکاو بەڕووناکی دەیشێلم تاریکستان...
کەچی من هەر ناگەمە تەریقەتی تەجەللایەک...!!
رۆژانە من دەڕۆم تا موتڵەق، تاسێبەر، تا دوورییەکان
تا چوار گۆشەی چوار شەممەیەک،
لەئاستانەی مەزارێک
تا شەپۆلدانی هەینییەک،

**لەبەر قاچی مزگەوتێک..**

**تا دەست لەدیواری قریوەی مێرووولەیەک،**

**بۆ لەتێک ژیان**

**تا باڵقبوونی باڵی چەترێک،**

**بەواژۆی باران...**

**کەچی من هەر ناگەمە حەقیقەتی مەنسوورێک..!!**

***

**من لەم سەری تەنهاییەوە دەگەمە ئەو سەری تەنهایی..**

**ئیتر باسی چیبکەم؟!**

**ئا ئەوەتا لەناو جانتاکەمدا شتگەلێک هەن پووچ گەرا...**

**گوڵ لەناویا پێئەکەنێ و سوپای نەسیم نایە..**

**جۆگە سەما دەکاو فەرتەنەی ئاو قوڵپی نایە...**

**تریفە نەزیفی دەڕواو چڵێ تاریکی لەرەی نایە..**

**باران بەبەهانەیەو سڵاوی چەمێک نایە..**

**باسی چی بکەم دەست بۆ هەر خەیاڵێک دەبەم**

**مردنی لێ دەچۆڕێ..**

**وەک منالانی گوێ چەم بەگرەوی گەمەوە،**

**بەرد دەگرنە بۆقەکان**

**کەچی لەو لاترەوە مردن دەپژمێ...**

**بەدارلاستیکی گۆرانییەوە باڵی ریشۆڵەیەک دەکەنە بێژنگ**

**کەچی لەولاترەوە مردن جگەرە دەکێشێ..**

**دەست لەبەرگی کتێبی ئاو ئەدەم، کە هەناسە ئەدا**

**کەچی لەولاترەوە پەڕە، پەڕە وشکاییە مردن..**

**تۆ پێت وتم: لەگەڵ شتێکا تەبابە مردن بکوژیَ..**

**من وتم: هەرچەندە ئارایشتی تفەنگ بکەم،**

**لەفەنتازیا هەڵیکێشم**

**هەر مردن لەدەم و لێوییەوە دەباریَ..**

**هەرچەندە خۆم نزیک بکەمەوە، لەخەمی چەقۆ**

**هەر سەربڕین دێتەگۆ**

**هەرچەندە تەبابم لەگەڵ کەمەری خەنجەرێک**

**هەر بۆ مەنەلۆژی کوشتن دەگەڕیَ..!!**

**تۆ وتت ئەم هەموو مردنە چ واتایەک دەبەخشیَ**

**من وتم: مردن شتێکە کۆن، بەڵام هەمیشە تازە..**

**مردن پێکە پەرۆشەکەی خەییامە،**

**کە کۆکردنەوەی بەهەدەر چوو**

**بۆیە لەقەهرا بۆ یاداشت،**

**رژانی شەرابی کردە کفر...!**

**مردن لەسوچی سێوێکی سوورە**

**لەزەمبیلەی لەزەتا چۆن ئارام دەخەویَ**

**کە شەڕی دەمودان چووەتە ئەوپەڕی هەناسەبڕکیَ...**

**مردن کامڵبوونی هەنارێکە،**

**بەخەتمی دواهەمین تشرین،**

**کە هەنارستان لەتاو زوڵمەتی، دەست و پەنجەی بەربەری**

**چووەتە ئەو پەڕی خەجاڵەتگیریی..!!**

**من وتم تەبابوون لەگەڵ مردن، چ مەخسەرەیەکە**

**تەبابوونیش لەگەڵ ژیاندا چەند درۆیەکە گەورە...**

تۆ سەیرکە ئەزیزم تۆ سەیرکە

ژیان چ درۆیەکی گەورەمان پێدەفرۆشێ...

هەڵۆ بەو هەموو جەنابازییەی چاوەوە،

رۆژێک دێ پایتەختی لوتکە نەبینێ...

پەپوولە بەو هەموو ئایەتە رەنگینانەوە،

کەباڵی ئەز بەری دەکا...

رۆژێک دێ لەمەحشەری گوڵ نەگا...

کۆتر بەو هەموو منارەی فڕینەوە کە دەچێتە ترۆپکی رستەوە

رۆژێک دێ فڕین ئیکمال بێ لەڕستەدا..!!

کەناری بەو هەموو پەلکە رەنگینەی دەنگی

رۆژێک دێ نغرۆ لەبێدەنگی..!

چەند بێشەرمە ژیان..

ئەم نوتفە پووچانەی من دەبێت چیبێ؟!

کە دەچێتەوەسەر ژوانگەی ژنێک،

تەزیوو بەتەنیایی،

لەبەر قاقای سمێڵ و خێڵ

باوەڕ بەعاتیفەی ئاگر دەکا..!

کە دەچێتەوەسەر نەسلی باڵندەیەک تەزیو بەتراویلکە،

لەبەر قاقڕبوونی ئاسمان،

قەفەس بۆ خۆی چێدەکا...!

کە دەچێتەوەسەر زەینی درەختێک

تەزیو بەتەمومژ

لەبەر دەمەوەریی باخچە

قولانجێک ڕێگا ڕۆ ناکا..!!

چەند بێشەرمە ژیان..

دواجار هەموو چۆلەکەکان دەمرن و

دڵی پاسارێک حوزن هەڵناگرێ،

هێلانەیەک فێری فڕین ناکا..

دواجار هەموو ماسییەکان دەمرن و

شەبقەی ڕووبارێک نوچ نادا،

تیمساحانە چاوی پڕ لەگریان ناکا..

دواجار هەموو گوڵەکان دەمرن و

دەمی ئینجانە ئۆفێک ناکێشێ،

دەست ناکاتە واوەیلا..

دواجار هەموو هەرمێیەکان دەمرن و

باخچە یەخەی دانادڕێ،

خۆی ڕەشپۆش ناکا..

دواجار منیش و یادەوەرییەکانیش دەمرین و

کرمێک لەخاکی دڵم ناپرسێ،

ئەرێ تۆی عاشق سەر بەنەتەوەی،

چ ریشی چڵە گیایەکی؟!

ئەفسوس لەم هەموو سەفەری ژیانە،

کە دواسەفەر پێچی کۆڵانێکە مردن..

لەوێ لەکۆڵانی مردن

نەپێیەکان پێڵاو دەناسن و

نەڕێگاکان ئاشنا بەپێڵاو..

**ئەفسوس من چیم داوە لەم سەفەری ژیان و مردنە**

**من ئەوەم لەبیر چوو، هێزی جادوویەک فێریکردم**

**بێدەنگی بۆ من ئاوەدانییە..**

**بەبێدەنگیش دەڵێم: چەند گەمژەیە پرسیارکردنی کرمستان و..**

**چەند کورتە باڵایە ژیان و**

**چەند مەخسەرەیە مردن و**

**چەند فڕینێکی رەها، رەهایە**

**هەر حیکایەتەکانی عیشق و عیشق**



٢٠٠٨/٣/٢١

# نهێنی

**کامەران ئاریا**

پێشکەشە بەنهێنییە ئاشکراکان



**قەڵەم بەنهێنییەکانتدا**

**تێ دەپەڕێ**

**دێڕێک بەردەوام دەچەمێتەوە**

**کە ژیانی تۆیە**

**کاڵبوونەوەیەک بەتاڵێکەوە**

**دەفڕێ**

**رازی من بەقژتەوە سروودێ ئەڵێ:**

**جەستەم چیرۆکێک لەبەر ئەکا**

**پاڵەوانەکەی رووت و قووتە**

**هەنگاوێک پاڵم پێوە ئەنێ و**

**تاریکی فریوم ئەدات**

**ئەم گەشتە هەر نهێنییەو**

**ئەم بەژنە نەهەر حەیزەرانە**

**ئەم خەونە هەر مەلۆتکەیەو**

**ئەم یادە هەر بێ ئاسۆیە**

**ئەم ئاسۆ هەر ئەرخەوانە**

**ئەرخەوانە**

**نیشتمانم..**

**ئەرخەوان**

٢٠٠٨/٢/١٢



# بەرەو زەوییەکی دی

عومەر جەلال

ئاو لەگەڕان وەڕس بوو
بەرد هێند تامەزرۆی رۆیشتن بوو نابینا بوو
نابینایی لەچاوەڕوانی رووناکیدا بووە تارمایی
تارمایی بەهۆگریی ئاسوودەییەوە شێت بوو
شێت بوون لەعاشق کوشتن راوەستا
کتێب بەخەمی رامانەوە پەڕەکانی زەردو شێوا
باران لەدووبارەبوونەوەی بارینی گۆڕا
بەفر سەمای بووە مەرگ و رەش هەڵگەڕا
نسێ هێند بووە نسێی سروشت
بەتیشکێکی رزیوی خۆر خۆی هەڵواسی
ئەم زەوییە شوناسی مەرگی گرتووە
خوێن تەنیا رووبارە بەشەپۆلەکانی تەڕمان دەکات
جەنگ وەک گەمەی منداڵانە چاوشارکێمان لەتەک دەکات
ئاگر بەسادەییەوە راڤەی مردنی ئاو دەکات
ئاو بەشۆخییەوە دەست لەملی ئاگر دەکات
جەلاد خۆی ساز دەکات بۆ کۆنسێرتی لەسێدارەدانی گوڵ
گوڵ لەوەتەی هەیە قوربانییە
عاشقە دۆڕاوەکان پەڕە پەڕەی دەکەنەوە بۆ بەختی نووستویان
شاعیرە گەمژەکان بەبێ بۆن دەیکەنە پەیڤی شیعرەوە
مەرگی گوڵ کۆتاهێنانە بەئەفسانە

ئەفسانە جەنگێکە بەڕێگای قاچاخ بۆ زەوییەکی دی
زەوییەک هێندەی دەریاکان خوێنی بەرهەمهێناوە
زەوییەک هێندەی وەرینی گەڵاکانی پایز ئافرەتی تێدا کوژراوە
هەموو ئاخێکی مرۆ هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم زەوییە
هەموو گەڕانەوەیەک بۆ منداڵی یەکسانە بەدابەشبوونی ڕۆحی زەوی
مەنفا پەنجەرەیەکە بۆ ڕامان لەسکێچی زەوییەکی دی
تەنیایی پرۆڤەی مەرگی ئەم زەوییەیە تێدا دەژین
پێکەنین بەسوتانی شاعیرێک ئاماژەیە بۆ تڕۆکردنی ئەم زەوییە
گریان بۆ ئایندە خەوێکی قوڵە لەبەردەم باراندا
خۆکوشتن ترۆپکی سڕینەوەی زەوییە لەتەختەڕەشی فەرامۆشیدا
پێشوازیکردن لەمردووان پێشوازییە لەزەوییەکی دی
ئاهەنگ گێڕان لەگۆڕستان یانی گەڕان بەدووی ڕێگایەک بۆ ڕەشکردنەوەی تەرمی زەوی
بێدەنگبوون لەجەنگ بێدەنگبوونە لەتارماییەکانی دۆزەخ
بەدەستهێنانی زەوییەکی دی
خوێندنەوەی دیوە شارەوەکانی بەهەشتە
بوون و توانام لەوەدا کۆکردووەتەوە ئەز،
زەوییەکی دیکە فەراهەم بکەم
زەوییەک وەک ئاسمان تەنیا منداڵیی لیٚ بژێت
زەوییەک وەک ئاو بەسادەییەوە بمبات
وەک شیعرێکی نەمر بەخوێندنەوەی تەمەنم درێژتر بکات
زەوییەک بەبۆنی عەشق هەناسە بدەم

شەونمی سەر گوڵە پەژمووردەکان خواردنەوەی بەیانیم بێت
جێگەم لەناو باران راخرابێت
خۆر ئاوابوون دواین هاوڕێی تەنیایم بێت
زەوییەک بۆنی خوێن و جەنگی تێدا نەبێت
ماڵەکانی لەگەڵا درووستکرابێت
مرۆڤەکانی شەهیدانی رێگای عەشق بن
چ بەخشندەییە لەزەوییەک بیت جەنگی تێدا نەبێت
چ ئاسوودەییەکە لەماڵێک بیت تەنیا خەیاڵ و بۆنی یاری تێدابێت
چ دۆڕانێکە شکستخواردوو بیت و گۆرانی بۆ ئەم زەوییە بێژییت
هێندە پێم بەر گیای ئەم زەوییە کەوت مردم و زیندووبومەوە
هێندە گوێبیستی تراژیدیا بووم خەندەم بیرچووەوە
-با-وەک منداڵی بردمی و بەدێوانەییی هاتمەوە
-ئاو-وەک عەشق هێند گومانی لا دروستکردم کۆمبوومەوە بەئەندازەی بەرد
-باران-بەو هەموو هێزەی شۆردمیەوەو لەبۆنی غەمی ئەم زەوییە پاک نەبوومەوە
پاکبوونەوە یانی داوەتکردنی یار بۆ ماڵی دڵی شکاوی لەعەشق بەجێماو
رووتکردنەوەی سروشت جۆرێکە لەشۆڕشی دژە زەوی
فڕینی باڵندە نەفرەتکردنی زەوییە بەزمانی فڕین
کوشتن میزکردنە بەڕێساکانی ئەم ژیانە پووچە
نەهیلیستیەت دوا کتێبە هاورێکانم مژۆڵی خوێندنەوەین
خۆسوتاندن دواین گەمەیە کچە تەنیاکانی نیشتمان موعتادی بوون

ئەی هاوڕێم (من) ...

جگەرە نەما نەیکێشی بەکوڵت دا

شەو نەما بەمەستی گوزەر نەکا

ئێوارەکانت هەمووی لێوان لێو بوون لەغەمباری

جەنگ نەما ئەزموونی نەکەیت

فرمێسکی ئەم ژیانە هەمووی سەردانی کردیت

تەرمی پەپولەکان لەگیرفانەکانتدا خۆیان حەشار دابوو

ببورە هاوڕێ (خۆم)...

ئەم زەوییە سوودی نەماوە زووکە جێی بهێڵە

ئەگینا شیعرەکانت دەدڕێنن

شاعیرانی سادەو خوێنەری سادە دەبنە پاڵەوانی ئەدەب

لەبری مۆزیک لولەی تفەنگەکان دەبنە هاوڕێی گەنجەکان

لەبری گۆرانی گوێبیستی هاڕەی ئەو فیشەکانە دەبین دەینێن بەمرۆڤە بێدەنگەکانەوە

ئەو مرۆڤانەی هەمیشە خەون بەزەوییەکی دییەوە دەبینن و مەرگ رێگایان پێ نادات

ئەی خۆم (هاوڕێ)...

کاتی ئەوە نەماوە بەخوێندنەوەی کتێبەکانەوە رابمێنیت

شوێنی ئەوە نییە بەدەنگی بەرز بانگی یار بکەیت و رەتت بکاتەوە

درەنگە دەرگای زەوی دادەخرێت

ناوی عەشقی لێبنێ و دواین سوێند بەشیعر

بێژە بەکپیی

ئەمە دواین شیعرە دەینووسم لەسەر گۆی ئەم زەوییە

ئەمە دواین پەیامە بۆ کچێک رەقتر لەبەرد

ئەمە دواین هەناسەیە لەسەر ئەم زەوییە

ئیدی نامەوێت

چارەی رەشی ئەو مرۆڤانە ببینم هاورێکانمیان بەکوشتن دا

ئەو مرۆڤانەی بێ سۆزبوون بەرانبەر بەهەشتی ئەم زەوییەو

دۆزەخی ئاگراوییان بەدیاری هێنا بۆ وڵاتەکەم

ئەی من (هاورێ)..

پێبکەنە تا تخووبی شێت بوون

بۆ ئەو رۆژانەی سیزیف ئاسا ژیایت

نـــەفرەت بکـــە لـــەو مامۆســـتایانەی وانـــەی تـــرس و ئیرەییـــان فێردەکردی

ئەو قوتابخانە بەردباران کە

چارەکە سەدەیەک تەمەنی دزی و زیندانی کردی

وەک شێت

بەرد بگرە ئەو مەلایانەی باسی دۆزەخیان بۆ کردی

ئەو مەلایەی وای لێکردی بجەنگی دژی مرۆڤ

لێبووردەی بگۆڕیتەوە توندووتیژی

سیلەی کۆڵان لەخوێندا نابینرێت

ماڵە ساردو سڕەکەی تەنیایی ئاگری تێبەربووە

زەوی جەستەی کون کون بووە

بەئەندازەی ئەو شەهیدەی لەبەیانیەکی شەرمندا گوللەباران کرا

زەوی دەستی برینداربووەو هەر خوێنە

بەسەری ئێمەدا دەیهێنێ ئەگەر بەجێی نەهێڵین

غەمی من نووسینەوەی زەوییە

ئەو هەموو ئازارو شکستە چۆن جێ بکەمەوە

ئەو گۆرانییە کوژراوانە چۆن بنێژم

شیعرە پووچەکان چۆن راڤە بکەم

چ شەرمە بۆ زەوییەکی دی تراژیدیا بەکۆڵ بەرم

ئەم زەوییە شەرمەزارییە بۆ کەسێک

بەرەو زەوییەکی دی بڕوات

من دەستپێشخەری ئەوانی دیم

یەکەم کەسم ئەم زەوییە جێدەهێڵم

یەکەم کەسم کۆڵانەکانی منداڵیی جێدەهێڵم

پشت لەو زەوییە دەکەم تێیدا ژیام

یەکەم کەسم لەپاش شکستی عەشق هەمیشە عاشق دەبمەوە

لەپاش سوتانی ئەم شیعرە بەخەمەوە دەینوسمەوە

مانیڤێستی زەوییەکی دی

دەبێتە مارشی شۆڕشم

omerjelal@yahoo.com

# قەسیدەی سەفەری
# خەونێکی وەنەوشەیی

ئەحمەد قادر سەعید

بیرێکی چیرۆکئامێز

شەوێ..

لەنیوە شەودابوو، درەنگانێ

بەدەم باڵەفڕەی وەنەوزی خەونەوە

لەناکاوێ.. بووم بەسوارێ

هەر زوو، خۆزگە تەریوەکانی ژیان هەڵیانگرتم

سواری یاڵە سپییەکانی تریفەی مانگیان کردم

نەمزانی چۆن لەچاوتروکانێکدا

تریفە باڵی گرت و

بەناو باخچەی پڕ لەگوڵ و دارستانی چڕدا

بەسەر لوتکە چیای سەر بەتەمدا

بەناو رووبارو نشێوو زەمەندا

بەدامێنی بنارو لاڕێ و رەوەزدا

دوورو نزیک... بەرزو نەوی

تریفە ئەو ڕێگا پڕ لەتەلان و هەورازەی دەبڕی

لەناو دنیای ئەم خەونەمدا

بۆ هەر لایەک کە دەمڕوانی

سروشتم دەدی بەکاڵای زیوین داپۆشرابوو

بەڕیتمێکی شیرین.. بەهێمنی

ئاوازی نوێبوونەوەی ژیانی دەچڕی



من کە بێئاگابووم

لەڕێڕەوی ئەم سەفەرە

کاتێ کە چاوم هەڵێنا

یاڵەکانی تریفەم بینی

کەزییەکانی شەبەنگی بەیانی.. دادەهێنا دادەهێنا

تا لەگەڵ چەپکە گوڵی ئەم کاتە بێ هەستەدا

کەژاوەی هاتنم، بەئاونگ بشۆنەوە

خەندە بکەنە دیاری میوانداریم

ئەوجا کە ماندوویی ڕێ

لەگیان و لەشم هاتە دەرێ

لەسەر سەکۆی بەگوڵ داپۆشراو دامنێن

بەدڵنیایی، دیرۆکی عەشقم بۆ داڕێژنەوە

ڕۆژانی رابردووی تاڵم لەبیربەرنەوە

لەدوا دەما، پێم بڵێن:

ئەوە تاسەو هەست و خۆسووتانەکانی تۆیە

خووناوی حەسرەت دەڕژێنێتە ناو دەریای

شەونخوونی و ماندووبوونتەوە

ئەوەش گەردوونی سەرەڕێژ لەنائومێدی تۆیە

لەم تافە ناسکەدا بێداربۆتەوە

زەمەن دەیەوێ پێت بڵێ:

ژیان ئەگەر بوونی هەبێ

عەشق و ئەوین و خۆسووتانە

شەونخوونی و ماندووبوون و کۆڵنەدانە

هەنسکە، نسکۆیە، دڵشکانە



ئەفسونی ناو دنیای تەنیایی شەوانە

خوناوی سەر گۆنای بەیانە

من هەر لەلێکدانەوەی ئەم قسانەدا

بیر پەژارەو سەر جەنجاڵ بووم

کاتێ سەرم هەڵبڕی

شەبەنگ و تریفەم بینی

هێمن، هێمن..

ئاوێزانی یەکتری ببوون

دەیانویست سروود بۆ ئەستێرەکانی

پێش هاتنی بەیان بچڕن و

لەگەڵ شنەبای ئەم شەوە درەنگ وەختەدا

بۆیەکتری بشنێنەوە

ئامێز بۆ ئومێد بکەنەوە

ئەوان دەیانویست هەستە تاساوەکانی ئەویندارانی شەو

بگرنە باوەش

چاوە خەواڵوەکانی سپێدە

بەکلچێوکی کازیوە برێژنەوەو

دەروازەی خانەکانی

عەشق والاکەن و

مانا نەمرەکانی شیبکەنەوە

من لەم جێژوانی ئاوێتەبوونەی ئەواندا

بەدڵ بێدار بووم.. هۆشم بەئاگابوو، بەچاو دەمدی

نیگا ئەفسوناوییەکانی بێدەنگی شەو

چۆن لەگەڵ تریفەو شەبەنگدا بەئەسپایی

پێکەوە کەوتبوونە دوان

تریفە دەیویست

پەندەکانی خۆسووتانی پەپوولەو

دارمانی لەمپەرەکانی دووری و

وەلانانی مانا پووچەڵەکانی ژیان

شیبکاتەوەو بیانکات بەداستان

تا لەناو داستانی بووژانەوەی رۆحدا

گوڵی نەمری تەمەن چرۆ بکاتەوە

هەستە زیزبووەکانی هزری پێ ئاشتکاتەوە

**هەر لەگەرمەی ئەم خەونە ئەرخەوانییەدا بووم**

**کاتێ چاوم کردەوەو سەرم هەڵبڕی**

**شەبەنگم دی، لەگەڵ بوومەلێڵدا**

**بۆ ماڵئاواییکردن لەتریفەی مانگەشەو**

**دەستیان لەسەر چاوانیان دانابوو**

**ئاماژەیان بۆ من دەکرد**

**تا لەناو هەمان کەژاوەدا**

**ئەو جارە، بەسواری تاڵەکانی بوومەلێڵدا**

**بەرزو نەوی، بمهێننەوەو**

**لەناو ئامێزی ئەوینێکی نەمردا دامنێنەوە**

**تا ئەگەر هەستم بووژایەوە**

**خۆزگە تاساوەکانی دووری و**

**هیلاکی ساڵانی ڕاڕاییم لەیاد بچێتەوە**

**لەم ساتە ناسکەدا، من وڕو کاس بووم**

**بێدەنگ بووم**

**شەبەنگ و بوومەلێڵ، ڕووی دەمیان تێکردم**

**پێیان گوتم:**

**-دەزانی بۆ لەمکاتە بێهەست و سرکەدا**

**لەدوا دەمەکانی شەوانی بێداریدا**

**هەڵمانگرتی**

**بەناو دەشت و نشێودا**

**سواری باڵە سپییەکانی تریفەمان کردی**

**بەمجۆرە باڵمان پێگرتی؟**

**بەهەرچی بەرامەی بۆنی خۆشی**

**کەژو کێوو بەندەن بوو**

**بۆنرێژمان کردی؟**

**دەزانی بۆ کردمانیەوە بەدیاری**

**دامانیەوە، لەبەرۆکی بەهەشتی یادگاری**

**من، هێندەی نەمابوو دەم بکەمەوە**

**شەبەنگ وەڵامی لێوەرگرتم و**

**پێی گوتم:**

**کاتێ کە خەبەرت دەبێتەوە، هەستە**

**سستی مەنوێنە، بۆ ساتێکیش رامەوەستە**

**بەرەو نزرگای دێرین**

**هەی پێ لەهەنگاوەکانت بکە**

**بەناو گیای نەرم و شلی بەهارا**

**بەرەو جێژوان رێ بکە**

**لەهەر جێیە، گوڵاڵە سورێکت دی، گۆنای ماچ کە**

**کە ماندووبووی، لەکانیاوە سازگارەکانی دامێنی چیا**

**ئەوکت تەڕکە**

**هێندە نابا دەگەیە دوامەنزڵگای ئەوین**

**ئەوجا لەوێ، سەردانەوێنە**

چاو لێکبنێ و سرووده نەمرەکەی ئەڤین

کە هەردەم وێردی سەر زمانت بوو، بخوێنەوە

تا وانەکەی

لەتامی نەمری عەشق ناگەی

لەزەتی خۆسووتانی پەپوولەت بۆ ئاشکرا نابێ

تێناگەی بۆ چۆلەکە بەهاتنی بەیان دڵخۆشە

یا عەشق، چ واژەیە بەژیان دەبەخشێ

گریان لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ

ئەو کاتە تێدەگەی، بۆ پێشوازیی لەنەمری

دەبێ لەدەروازەی کام دڵ بدەی

ئەگەر ئارامی، لەباوەشتدا ئارامی گرت

ئەوکاتە بەرامەی نەمری دەچنیەوە

بەیەکجاری بەئاگا دێیەوە...

ئەمەبوو نیازی ئەم سەفەرە

کە شەبەنگ لەقسان بۆوە

مەلی خەون لەشەققەی باڵیداو هەڵفڕی

بارانی هۆش دابارییەوە سەر گیانم

کەتێک رابووم وامدەزانی

ترپەی دڵم، بەئەسپایی

دەدا لەهەرستی هەناسەی ناسکێ و

بەنیازی دەرفەتێکە

**باخچەی ئامێزو عەشقی بۆ بکاتەوەو**

**لەناو بەرامەی هەمە چەشنەدا داینێتەوە**

**تا ملوانکمەی یادگارییەکانی دێرین**

**بهۆنێتەوەو**

**وەک تابلۆیەکی نەخشین**

**بیداتەوە لەگەردنی کێلی**

**نەبادا حەسرەتی ئەم عەشقە**

**جارێکی تر**

**هۆشی لەبیر بەرێتەوە**

**گیانی، بەتەنیایی سەر بنێتەوە..**

سلێمانی

کانوونی دووەمی

٢٠٠٦



چیرۆك:

# زەینەب خانی بەرپەنجەرەکە

## محەمەد حسێن

سەرەتاکانی ئەم رووداوە بۆ سێ ساڵ و سێ مانگ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو رۆژانەی کە تازە شەڕی سەخت و نهێنی نێوان زەینەب خانی دراوسێمان و کەژاڵ خانی هاوسەری پارێزگار دەستی پێکردبوو. شەڕێك دواتر هێندە پەرەیسەند خەریك بوو سەدان کەس دەبوونە سوتەمەنییەکەی، بەڵام کەس پێشبینی ئەم ئەنجامانەی لێ نەدەکرد، کەس بەتەما نەبوو بەهۆی ئەم شەڕەوە شارەکەمان بەو جۆرەی ئێستای بکەوێتە سەر زاری هەموو میدیا جیهانییەکان.

ئێستا من تەنها راسپێردراوی زەینەب خانم بۆ گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، تەنها منیش دەزانم لەشەوانی بەر پەنجەرەکەیدا چیکراو چی وترا، چیش دەبوایە نەوترایەو نەکرایە. بێئەوەی خۆم ئارەزوم کردبێت، بێئەوەی هیچ دەورو نەخشێکم لەڕەوتی رووداوەکانیدا هەبێت، ناچاری ئەم گێڕانەوە کراوم، هەرچەندە تانەبووە یەکێك لە ١٠٠ ژنە هەرە ناودارەکەی دنیا، تا نازناوەکەی لەزەینەب خانی بەرپەنجەرەکەوە نەگۆڕا بۆ شەهرەزادی سەدەی بیست و یەك، نەموێرا بەئەرکی ئەم گێڕانەوەو نوسینە هەستم .. ئەرکێك هەر لەسەرەتاوە دەبوایە بەمنی نەسپێردرایە .. چونکە بۆمن زەحمەت بوو بەئاشکرا ئەم چیرۆکانە بنوسمەوە، پەردە لەسەر نهێنیەکانی پیاوانی شار هەڵماڵم و پێیان بڵێم: "کوڕینە ئەو ژنەی ئێوە بەتۆمەتی سۆزانیبون شاربەدەرتان کرد، بلیمەتێکی گەورەبوو .. لەهەمووومان زیرەکترو بوێرتر دەیویست تۆڵەی خۆی لەخانمی یەکەمی شار بکاتەوە .. زیرەکانەتر شەڕی ئەو ژنە بەهەیبەتەی دەکرد کە هەموو شار لەبەر دەمیدا دەلەرزی .."سەرەتا لەگەڵ زەینەبدا وەها رێککەوتین ئەم چیرۆکە ناو بنێین (یاداشتەکانی گرەوێکی کەس لێ نەبراوە)، بەڵام ترسی زۆر شت ناچاریکردم ناوێکی تری بۆ هەڵبژێرم، ناوێك لەگێچەڵی پیاوە بریندارەکانی بەرپەنجەرەکەی لامبدات، لەهەموو ئەو بەڵاو

نەهامەتیانـەیش کەدەشێـت جاسـوس و پیاوکارەکـانی کـەژاڵ خـان بـۆم دروسـت بکـەن دورمبخاتەوە ..

سەی نەجیم کە بیستی من خەیاڵی نوسینەوەی چیرۆکێکی وام هەیە، پێیوتم:

-- " رۆڵە کـەرێتی وانەکـەیت .. لـەم شـارەی ئێمـەدا ئـەوەی دەمـی خـۆی نـەگرێت هەمیشە بەشی تێهەڵدان دەبێت .. ئەگەرخانمی یەکەمی شار ببیستێتەوە ... داردەبڕێتـە قونت، هااااا .. دوایی نەڵێیت ... " .

بەڵام ئەو رۆژەی وەك یەكێك لەداهێنەرانی سـاڵ هەڵبـژێردرا، وەك یـەكێك لـە ١٠٠ژنـە سەرکەوتوەکەی جیهان دیاریکرا، ئیتر بـۆم دەرکـەوت بومەتـە مـیرزای چیرۆکنوسـینی چ فەرهادکوژێك .. ژنێك هەر بەڕاستی سەرقاڵی فرۆشتنی عەورەت و شەرەفی شارەکەمانە .. بێشەرمانە شوڵی لێهەڵکێشاوەو هەر رۆژەو نهێنی یەكێك لەپیاوە ناودارەکانی شار دەکاتە کارەکتـەری نوسـینەکانی .. هـەموو ئـەو نهێنیانـەی ئـەم پیاوانـە بەدرێـژایی ژیانیـان پاراسـتویانە، ئێـستا ئـەو دەیکاتـە پاڵـەوانی کورتـە چـیرۆکەکانی و رۆژانـە سـەرقاڵی فرۆشـتنیەتی بەکۆمپانیایـەکی چـاپ و بڵاوکردنـەوە... هـەر بەوەیـشەوە ناوەسـتێت، لەپەراوێزی هەر چیرۆکێکیشدا دەنوسێت :

" ئەمـەیش یـەكێکی تـرە لەچـیرۆکە راسـتەقینەکانی نێـوان خـۆم و پیاوەکـانی شارەکەم..."

***

تکایە لەگەڵمدا بەوەو پەلە مەکە، لەم نوسینەدا ناتوانم هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، ئەمەی بەردەستت تەنها چیرۆکی ئەو چیرۆکانەیە زەینەبی کردە کەسـایەتیەکی جیهـانی، یەكێك لەو ١٠٠ ژنە سەرکەوتووەی داهێنانی هەبووە لەساڵدا.

هەم وەك لێزانترین کارەکتەرێك کە بەژیانی خۆی چیرۆکی دروستکردووە.

هـەم وەك چـالاکێکی سیاسـیی ئاشـتیخوازیش کـە بـەڕێگای ناتوندوتیـژی شـەڕی دیکتاتۆرەکەی شارەکەی خۆی کردووە..

بـەڵام بەداخـەوە مـن درەنـگ تێگەیـشتم لـەو نهێنیانـەی ئەفسانەی زەینـەب خـانی دروستکردوە، سەردەمێك کار لـەکارترازا بـوو، ئـەو هـەموو پیـاوانی گـەڕەکی بەنامـەردی تاقیکردبوەوە، ئەوانیش بەنامەردی خۆیان ئەمیان شاربەدەر کردبوو .. رێك شەش مـانگ

دوای ئـەو ڕۆژەی مـەلا قوتبـەدین فـەتوای کوشـتنەکەی دەرکـرد.. خۆرئاوایـەکی درەنـگ بانگیکردم و هەموو شتێکی بۆگێڕامەوە، هـەموو ئـەو نهێنیانـەی نـەك هـەر خـەڵکی شـار، تەواوی جیهانیشی سەرسامکرد.

لەوە دەچێت خۆی پێشبینی مەترسیەکانی کردبێت، ئاگای لەودەستە ڕەشـانە بێـت کە لەهەڵی کوشتنی دەگەڕان.. بۆیە دەیویست کەسێکی هەبێت یادگاریەکانی بنوسێتەوە، چیرۆکی سەرەڕۆییەکانی لەگەڵ پیاوانی ئەم شارەدا تۆماربکات..

پێیوتم:

" دەزانم من لەمەولا ناژیم، مەحاڵە لەشارێکی وادا ژنـی وەك مـن جێگـای ببێــتەوە.. بۆئەوەی لەگەڵ خۆیشمدا ئەم مێژووە پڕمەترسییە نـەمرێت پێویستە تـۆ بینوسـیتەوە.. پێویـسته تـۆ بـۆ هـەموو خـەڵکی شـاری بـسەلمێنیت، ئـەوەی پیـاوە دۆڕاوەکـانی بـەر پەنجەرەکـەم دەیگێڕنـەوە هـەموو ڕاسـتیەکان نییـە، بـەڵکو تـەنها نیوەیـەکی شـێواو و خواروخێچی حکایەتەکانە، ئەوە نیوەی دۆڕاوە بودەڵەکانی بەرپەنجەرەکەمە...".

***

باوەڕم پێ بکەن خۆشم نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم، لەکوێدا بیریبخەمەوەو لەکوێدا فەرامۆشی بکەم .. چونکە من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵیدا بـووم، لـەو ڕۆژگـارەوە کـە ئـەو تـەنها وەك ژنێکـی جـوان ژیـانێکی ئاسـایی دەژیـا، وەك پاڵـەوانی ئـەم چـیرۆکەیش هـەر لەئاستی گەڕەکەکەی خۆماندا دەناسرا.. سەرەتا هەر زەینەبی تەڕ بێـوەژن بـوو، ژنێکـی جوانخاسی ناسکۆڵە، لەناوەڕاسـتی چلەکانی تەمەنیـدا هەمیـشە گـەنجترو ناسـکتر خـۆی دەخستە بەرچاوان.. بەڵام وەی لەو ڕۆژەی گرەوەکەی دەست پێکرد، ئیتر هەر لەیەکـەم مانگەوە هەموو خەڵکی شار ناسیان، لەهەر کوێوە دەڕۆیشتین هەر باس باسـی ئـەو بـوو، هـەر وا خـەڵك بـوون سەراسـیمەی شـەهوەتی گـرەوە ئەفـسانەییەکەی بـوون.. لەمێـژە پێشینانی ئەم شارەی ئێمە وتویانە:

" تــەنها ســۆزانییەکان و سیاســیەکانمان بەباشــی هەڵدەکــەون، ئــەگینا لەهــەموو بوارەکانی تردا کلۆڵین ".

زۆری پێنەچوو هەر ئەم گرەوانە زەینەبی کردە ناودارترین کەسایەتی شار، جوانترین و دیــارترین ئەســتێرەی لەعاشــقان یــاخیش .. لەچــاخانەکاندا، لەگــشت کــۆڵان و

شەقامەكاندا، لەگەرمەی گەڕەلاوژێی ئێوارانی سەرمێزی مەیخانەكاندا، لەفسكە فسكی بارەگای یەكێتیە پیشەییەكانی شارو تەنیا گەرماوەكەی ژنانیشدا، هەروا باسی زەینەب و گرەوی شەوە پەمەییەكانی بوو...

سەی نەجیم دەیگوت:

" ئەمە سۆزانییە، براكانم سۆزانی .. كەس وەك من ئەم لاپڕیاوە ناناسێت .. ئەگەر وەك فریشتەكانی خودا بچێتە ئاسمان و بیشگەڕێتەوە، لەلای من ئەو هەر سۆزانیەكەو بڕایەوە .. ئەگەر نەگبەتی ئەم شارە نەبێت، چۆن دەبێت سۆزانیەكانی لەپیاوماقوڵەكانی ناوبانگیان بەرزتر بێت.. ".

لەزۆر زووەوە من ئەو ژنەم دەناسی.. ڕۆژگارێك كە هێشتا نەبووبووە خاوەنی ئەو ناوبانگەی ئێستای، هێشتا سەفەری تەنها كوڕەكەی نەیكردبووە شاژنی تەنهایی ئەو باڵەخانە كۆنەی كە ئەمڕۆ لەكۆشكی كۆماری زیاتر قسەی لەسەرە.. هێشتا نەكەوتبووە بەر تەماح و چڵێسی پیاوانی شار، بەڵێنی سێكسی خۆڕایی و گرەوی كەس لێنەبڕاوەی نەیكردبوە ئەستێرەیەكی ناوداری وڵات .. وەك یەكێك لەهاوڕێكانی دایكم، وەك دایكی یەكێك لەهاوڕێكانیشم، زەینەب خان بۆمن گەلێك بەڕێز بوو.. هەڵبەتە تائێستایش شتێك لەو شەرم و ڕێزەم هەر لاماوە بەرامبەری ..

ئێستایش كەبڕیارمداوە كۆچیرۆكی گرەوەكەی بنوسمەوە، لەبەرئەوە نییە وەك ژنێكی بێچارە نیشانی تۆی بدەم، ژنێك لەناچاریداو لەبەر سەختیەكانی ڕۆژگار، ناچاربووە وەك سۆزانییەك مامەڵە بەجەستەی خۆیەوە بكات.. نەخێر، منیش سەرسامی بووم، سەرسامیەك جیاواز لەسەرسامیەكانی سەی نەجیم و هەموو پیاوانی تر.

من بەهەموشتێكی سەرسامبووم جوانیەكەی نەبێت، دڵتەڕی و ناسكی و خەندە شەیتانیەكانی نەبێت .. ڕێك بەپێچەوانەی پیاوانی گەڕەكەوە، چونكە ئەوان رقیان لەهەموو شتێكی بوو جگە لەجوانییە ئارەزوو بزوێنەكەی.. بەڵام من نا ئازیزەكەم .. من بۆ شتێكی تر ئەو ژنەم دەویست، بۆ شتێك بەلای هیچ كام لەپیاوانی گەڕەكەوە جێگەی بایەخ نەبوو .. كە دەیانگوت زەینەب سۆزانییەو حەیای گەڕەكی بردووە، تاوانكارەو ڕووی ڕەحمەتی خودایی لەهەمومان گرتووە .. من هەر گاڵتەم لێدەهات .. نەك لەبەرئەوەی بڕیاری پێشوەختم هەبێت لەپشتگیریكردنی، نا، من هەرگیز ئەوەندە جوامێر

نیم بتوانم پاڵپشتی سۆزانیەك بکەم کە هەموو پیاوانی گەڕەك ئیمزای دەرکردنیان لەسەر کۆکردۆتەوە .. هەموو پیاوان بەجەنابی موختاریشەوە..

بۆمن گرنگ نەبوو بزانم ئەو پیاوانە کێن هەمو شەوێك دەچنە ناو حەوشەکەی زەینەبەوە، رووخساری ئەو چەتەوڵە باڵابەرزانە چۆنە کە بەئاشکرا دێن و خۆیان بەماڵدا دەکەن .. دێن و کەس نازانێت کەی دەگەڕێنەوە، تاریك و لێڵی نیوەشەو، گزنگی دەمەوبەیان، چێشتەنگاوێك کە رۆژ دەبێتەوە.. ئەوان تەنها هاتنەکەیان دیار بوو، کەس نەیدەزانی کەی و چۆن دەڕۆنەوە .. بەڵام بۆمن ئەمانە کێشەیەك نەبوون، نە وەك پیاوانی تری گەڕەك تەماحێکم لەجوانیەکەی هەبوو، نەهێندە جوامێریش بووم غیرەی لێ بکەم، تەنها دەمویست لەنهێنی گرەوەکانی تێبگەم و بەس، کە بەداخەوە کاتێك تێگەیشتم هەموشتێك تێپەڕی بوو، ئیتر هیچم پێ نەدەکرا لەپێناویدا..

خودایە ئەمە چی بوو ئەو ژنە کردی!

## کرۆکی گرەوەکە

هەموو پیاوانی گەڕەك، بەشەریف و شەروال پیسیانەوە، بەهەژارو دەوڵەمەندیانەوە، بەدەسلاتدارو ئۆپۆزسیۆنەوە، بەئیماندار و بێدینەوە، هەریەکەو بۆخۆی چیرۆکێکی هەبوو لەگەڵ زەینەب خاندا، نائومێدی شەوگارێکی تاریك و ساردی بەر پەنجەرەکەی تاقیکردبوەوە.. ئەگەرچی سەرەتای چیرۆکەکانیان لەیەکتر جیاوازبوو، بەڵام هەمووی هەر یەك ئەنجامی هەبوو، یەك چارەنوس و قسمەت دەیگەیاندنە دوادیمەنی نائومێدیان لەبەردەم جەستەی رووت و جوانی زەینەبدا ..

هەمویان دەیانگوت :

" دوای رۆژانێکی زۆر لەدڵداری و چاوباشقەڵانێ، دوای هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر بۆ رازیکردنی، زەینەب بەڵێنی پێدام ... رێکەوتین لەسەر (...) ، ئەوە بوو لە ١٢:٣٠ شەو دەرگای حەوشەکەی لێکردمەوە ... هەر کە بینیمی رایکردو نەیهێشت دەستم بەردەستەکانی بکەوێت، خێرا چووە ناو ژوورە ناوەڕاستینەکەوەو دەرگاکەی لەسەر کلیلدام .. لەدیوی ناوەوە چووە بەر پەنجەرەکەو تەواو خۆی رووتکردەوە.. بەتارمایی لەش و لارێکی سپی و جوانەوە، بەجوتێك مەمکی شۆڕی زلەوە کە لەتاریکیەکەدا بریقەی دەدایەوە، بانگی کردمە بەرهەیوانەکە .. بێئەوەی دەرگاکەم لێبکاتەوە، بەقسەی خۆشی

حیزانەوە، بەپێکەنینی بێباك و زاڵمانەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا جەستە ناسك و جوانکەی خۆی نیشاندەدام .. سەرسەختانە دەیگوت:

تەنها پیاوی جوامێر دەتوانێت من لەباوەشگرێت، پیاوێك بەڕاستی پیاوبێت و بتوانێت داواکانم جێبەجێبکات .. بۆیە کلیلی هاتنە ژورەوەی تۆ بۆناو باوەشی من .. کردنەوەی دەرگاکە .. دیاریکردنی شوێنی نیشانەکەیە، ئەو نیشانە رەشە گەورەی لەبنڕانی کەژاڵ خانی خێزانی پارێزگاردایە، تا نەچیت و شەرواڵەکەی لەپێ دانەکەنیت، شوێنی نیشانەکە لەبن رانیدا دیاریی نەکەیت، لەم دەرگایەوە نایەیتە ژورەوە.. ئەمە گرەوی منە بۆتۆ، کاتێك من کلیلی هاتنە ژورەوەت دەدەمێ، پێم بڵێیت ئەو نیشانە رەشە دەکەوێتە چ لایەکی بنڕانیەوە".

ئەمە حکایەتی هەموو عاشقە دۆڕاوەکانی زەینەبە، هەموو ئەو پیاوانەی بەدنیایەك خەونی رەنگاوڕەنگەوە دەچوونە بەرپەنجەرەکەی ، بەشکست و نائومێدیەکی پڕمەترسیشەوە دەگەڕانەوە.

دەزانم ئەمەی من بۆتۆی دەگێڕمەوە ناکرێت وەك چیرۆکێکی ئاسایی بیخوێنیتەوە، هیچ چیرۆکنوسێك ئەوەندە نەفام نییە لەجیاتی سەدان پاڵەوانی دۆڕاوی، لەجیاتی هەرچی پیاوی گەڕەك و شارەکەی هەیە .. بەزمانی یەکێکیان قسە بکات ، بەکرداری (گوتی) ئەزمونی سەدان پیاوی دۆڕاوی بەرپەنجەرەکە بگێڕێتەوە .. بەڵام باوەڕم پێبکەن ئەو هەموو شەوێك هەر یەك سیناریۆی دوبارەدەکردەوە، تەنها جیاوازی لەئەکتەرەکانیدا هەبوو ..

– شەوێك جەبار دیموکراتی موختاری گەڕەك دەچوو ...

– شەوێکی تر سەی نەجیم داوێنپیسی دوکاندار ...

– شەوێکی تر رائد عوسمانی پۆلیس پاسەوانەکانی لەدەرەوە دەوەستاندو خۆی دەکردە ژووردا..

– شەوێکی تر مامۆستا حەمەئەمینی مەلای مزگەوتەکە، بەترس و شەرم و تەریقیەکی زۆرەوە، پسکە پسك لەدەرگای حەوشەکەی دەدا.

– شەوێك حاجی عومەر ...

– شەوێك سەلیم ئەفەنی ...

بەم جۆرە شەوانی بەرپەنجەرەکە بێکۆتایی دووبارەدەبوەوە.

لێتان ناشارمەوە کە من نەدەچوم لەبەرئەوە نەبوو لەدراوسێکانم پاکتربوم، نەخێر، منیش وەك هەر پیاوێکی تری ئەم شارە، نەمدەتوانی ئارەزوەکانی خوارەوەی پشتوێنەم جڵەو بکەم .. کێشەی من ئەوەبوو کە دەمبینی یەکسەر دایکی خۆم بیردەکەوتەوە، چونکە رۆژانێکی زۆر پێکەوە ژیابوون، پێکەوە چووبونە بازاڕو گەرماوی ژنان و پرسەو،...

***

کەس نەیزانی چۆن بەو خێراییە گرەوەکەی زەینەب سەرانسەری شاری تەنیەوە، راستە وتویانە " قسە کەوتە زار، ئەگاتە هەموو شار"، بەڵام یەکجار بەم جۆرەیش نا، هەڵبەتە تائێستایش هەر پێموایە نهێنییەك هەبووەو من پێم نەزانیوە، ماستەکە زیاتر لەمویەکی تیایەو من نەمبینیوە..

لەڕاپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا نوسرابوو:

" بایەخی نائاسایی خەڵکی شار بەگرەوەکەی زەینەب زیاتر پەیوەندی بەنیشانەکەی بنڕانی خانمی یەکەمی شارەوە هەیە، ئەوە پێگەو ناوبانگی ئەوە زەینەبیشی کردۆتە عەنتەر پاڵەوان، ئەم شارە قەت بێ سۆزانی نەبووە.. بۆ کەس تا ئێستا ... " .

لەوتارێکیشدا نوسرابوو :

" نەخێر کەژاڵ خانیش ئەوەندە گرنگ نییە تا بەم جۆرە... ، بەڵکو ئەمە دەستە، دەستی موخابەراتی دوژمنەکانی کوردە، دەیانەوێت بەهۆی ئەم ژنە سۆزانییەوە کێشە چارەنوسسازەکانی گەل و نیشتمانمان لا کاڵبکەنەوە، چارەنوسی لەقوڕاچەقیوی کەرکوکی قودس و دڵمان لەبیربەرنەوە...".

کە سەی نەجیم ئەم بۆچونە رۆژنامەوانییە دەبیستێت، تورە دەبێت و دەڵێت:

" ترحێو، باوك لەقونت بخوات رۆڵە بۆخۆت و عەقڵت، بۆهیچ کێشەیەکی چارەنوسساز هەیە هێندەی ناوگەڵی زەینەب تام و چێژی هەبێت؟.. بۆمن دەوڵەتی چوار پارچەی کوردستان دەگۆڕمەوە بەئۆخژنێکی ...؟".

دیارە من نازانم زەینەب تاچەند راستدەکات، تاچەندە هیچیشی لەمن نەشاردۆتەوە، وەك چۆن قەت نەیویستووە جەستەی خۆی لەو پیاوانە بشارێتەوە کە بەدنیایەك حەزو

ئارەزووەوە لەبەر پەنجەرەکەدا رایوەستاندون.. بەڵام تۆ پێم بڵێ چ شتێکی مابوو لەمنی بشارێتەوە، دوای ئەوەی سەرتاپای جەستەی بەڕووتی نیشانی ئەو پیاوانە دەدا؟ .. ئەو پیاوانەی کە خۆی دەیگوت:" بەدڵێك خۆشمدەویستن و بەدڵێکیش رقم لێیان بوو، بەدڵێك حەزمدەکرد دیقیان پێبکەم و بەدڵێکیش جێگای سۆزو بەزەیم بوون". هەرگیز باوەڕناکەم، ئەو شتێکی مابێت لەمنی شاردبێتەوە.. ژنی شارەکەی ئێمە تەنها ناونەفەکی شەرواڵەکەی بەگرنگ دەزانێت بۆشاردنەوە، دوای ئەوەی زەینەب بۆ چەشەو تامەزرۆیی ژێر ناونەفەکەیشی نیشانی پیاوەکان دەدا، ئیتر چی دەمێنێتەوە لەمنی بشارێتەوە .. بۆیە هیچ گومانم لەڕاستی ئەو چیرۆکانە نییە، ئەوەی ئەو بەوپەڕی بڕوا بەخۆبونەوە بۆی دەگێڕامەوە، منیش ئێستا بۆتۆی دەنوسمەوە.

***

ئەمە لاپەڕە فەرامۆشکراوەکانی مێژووە ئازیزەکەم.. ئەو بەشەی ژیانە کە ناونراوە (نهێنی ) .. بەڵام نهێنیەکان چ تامێکیان هەیە گەر زەینەب بۆمنی نەگێڕێتەوەو منیش بۆ تۆی نەنوسمەوە ..

زەینەب دەیگوت " هەریەکە لەو پیاوانە، ئەگەرچی بەڕۆژ شاپیاوی ناو دیوەخان و بازاڕو کۆڕو کۆبونەوەکان بوون، پیاوی خاوەن شەرەف و کەرامەت و جوامێریی بوون .. ئامادەبوون بەشەو لەبەردەم مندا چۆکدادەن، گوێ لەداوا سەخت و قورسەکانم بگرن، بەدەم پاڕانەوەوە پێم بڵێن:" چیت دەوێت لەم دنیایەدا بۆت جێبەجێدەکەم، بەس نیشانەکەی بنڕانی کەژاڵ خان نا.. ئامان زەینەب گیان ئەوەم پێمەکە، بەخوا ملم دەکەنە پەتەکەوە ...".

بەڕاستی بێچارەییەك بوو پیاوانی شار تیا دەژیان، بەڵایەك بوو یەکە یەکە زەینەب گرپیەدا لەدەوریان، ئەوان بۆ ساتێکی هەواو هەوەسی ناوگەڵیان دەهاتن، کەچی لەبەر پەنجەرەکەدا زەینەب توشی گرەوێکی ترسناکی دەکردن، گرەوێك حەتمەن سەری پەڕیویان باجەکەی بوو .. کاتێك دەیگوت :

" لێم مەپاڕێرەوە ناپیاو، ئازایت بڕۆ ...، تاشوێنی نیشانەکەی بنڕانی ئەو ژنەم بۆدیاری نەکەیت.. تا پێم نەڵێیت ...، دەرگاکەت لێناکەمەوە، ئەگەر دیقتکردووە.. دەبێت هەر لەو دورەوە، لەناو ئەم تاریکیەدا تەماشای جەستەم بکەیت".

دیاره زەینەب پێی نەگوتبوون لەپشت داواکەیەوە چ مەبەستێکی هەیە، چۆن دەیەوێت تۆڵەی کوڕە گەورەکەی لەخانمی یەکەمی شار بکاتەوە، ئەو کوڕەی لەسەر ئەوەی لەئاهەنگێکی سەری ساڵدا کچی پارێزگاری ماچکرد، بەبڕیاری خانمی یەکەمی شار خرایە حەوزێکی تێزابەوە.. ئیتر هەر لەو ڕۆژەوە زەینەب خولیای تۆڵەسەندنەوە دەکەوێتە مێشکییەوە، بڕیار دەدات بەهەر نرخێك هەیە ئابڕوی ئەو ژنە لەکەداربکات .. بۆ ئەو مەبەستە دۆزەخیەش نیشانەکەی بنڕانی کردبووە چەکێك و دەیوست پیاوێکی دەستکەوێت بڵێت من دیومە، دەکەوێتە لای (...) بنڕانیەوە.. تەنها مەبەستی شکاندنی شوشەی ئابڕوی کەژاڵ خان بوو، چونکە دەیزانی لەبنڕانیدا نیشانەیەك هەیە، ڕۆژگارێك کە هەردوکیان کچی ماڵەوەو دەستە خوشکی گەڕەك دەبن، پێکەوە دەچنە گەرماوێکی ژنانەو ئەو نیشانەیە بەدیدەکات.. بەڵام ئێستا نەیدەزانی دەکەوێتە چ لایەکی بنڕانییەوە، ڕاستی یان چەپی، بەری یان دوای.. تەنها ئەم زانیارییە بەس بوو بۆئەوەی لای جەنابی پارێزگار بیداتە تلاقدان، هەم لەماڵ و مێرد نائومێدی بکات، هەم لەناو خەڵکیشدا ئابڕوی بەرێت..

***

کە زەینەب لای ئیمە شار بەدەر کرا ، بەیارمەتی تەنها کوڕەکەی گەیشتە لەندەن، لەبەرئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو یەکسەر لەوێ وەك پەنابەرێکی سیاسیی وەرگیرا، دوای ئەوەی تۆڕی BBC ڕاپۆرتێك لەسەر کێشەکەی بڵاودەکاتەوە لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە مرۆیی و فێمینیستەکانەوە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت .. هەر کە چیرۆکەکانی ژیانی و شەڕە شاراوەکەی لەگەڵ خانمی یەکەمی شاردا دەگاتە ڕای گشتی وڵاتەکە، ئیتر وەك کەسێکی نائاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەسێك توانیویەتی جوانیەکەی خۆی وەکو چەکێك لەدژی دیکتاتۆریەتی خانمی یەکەمی شار بەکار بهێنێت.

لە لەندەن زەینەب دەکەوێتە نوسینەوەی ئەو چیرۆکانەی لەژیانی پیاوەکانی بەرپەنجەرەکەیەوە وەریگرتبوو، نهێنی ئەو پیاوانەی دەگێڕایەوە کە لەبەر پەنجەرەکەیدا چۆکی پێداداون، هەموو ئەو سەربوردو حکایەتانەی ئەم بەپرسیارە فزوڵیەکانی لێی وەردەگرتن، ئەوانیش لەبەرئەوەی دەرگای ژورەکەیان لێبکرێتەوە، هیچ نهێنیەکیان

نـەدەما باسـی نەکـەن.. کـۆی ئـەو سـەرەداوانە، ئـەو وڕێنـەو قـسە فڕێدراوانـەی بـەدەم شەهوەت و پاڕانەوەوە پێی درکاندبوون، جوانجوان دەیهۆندەوەو دەیکردە حکایەت..

لەماوەیـەکی کەمـدا زەینـەب بـووە نـاوێکی دیـاری نێوەنـدی ئـەدەبی و رۆشـنبیری لەندەن، لەبڵاوکراوە ئەدەبیەکاندا وەك شەهرەزادی دووەم ناو دەهێنـرا، شـەهرەزادێکی تر کە لەسەدەی بیست و یەکدا، چیرۆکەکانی هێنـاوە بۆئـەوەی لەلەنـدەن بیگێڕێتـەوە.. ئەستێرەی بەختی ئەم شەهرەزادە هەروا لەدرەوشـانەوە بـەردوام بـوو تائـەو رۆژەی وەك یەکێك لە ١٠٠ ژنـە داهێنەرەکـەی سـاڵ هەڵبـژێردرا.. نـاوە نـاوە قـسەلەسەر پـاڵاوتنی بـۆ نۆبڵی ئاشتیش دەکرێت، چـونکە یەکـەمجارە لـەم رۆژهـەڵاتی ناوینـە پـڕ لەتوندوتیـژی و خوێنڕێژیـەدا، کەسـێك بـەجوانی جەسـتەی خـۆی، بـەڕێگای ناتوندوتیـژی، شـەڕی ستەمکارەکەی شارەکەی خۆی بکات.



## دیدار لەگەڵ: ئارام کاکەی فەلاح

حەمە کاکەڕەش



## دیدار لەگەڵ هەندرێن

ئەرسەلان مەحمود

# دیدار



## دیدار لەگەڵ:
## ئارام کاکەی فەلاح

**ئەو گەلەی ئاگایەکی تەواوی لەوردەکارییەکانی مێژووی خۆی نەبێت، بەدەیەها جاریتر بەدەمو چاوی ترو فۆڕمی ترەوە تووشی دەبێتەوە.**

**کاری گرنگ بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە هەوڵبدەین ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە. ئەمەش کارێکی زۆری دەوێت و ئەوەی تائێستاش کراوە زۆر کەمە.**

ئارام کاکەی فەلاح

**دیداری: حەمە کاکەڕەش**

**پرسیار: ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا روویندایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامیشی پێنەدرایە، پێتانوایە ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وا بکرێت، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تا دەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش؟**

ئارام کاکەی فەلاح: لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە بەوردی لەسیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ورد بینەوە، بەڕوونی بۆماندەردەکەوێت کە بێدەنگبوون لەتاوانێکی وا پەیوەندی بەوەوە نییە کە لەوڵاتێکی ئیسلامیدا روویداوە یان ئەوروپی، بەڵکو پەیوەندی بەکۆی ئەو بەرژەوەندییانەوە هەیە کە زلهێزەکانی دونیا بەهەندێك وڵاتی ترەوە دەبەستێتەوە، لەپێش هەمووشیانەوە بەرژەوەندی ئابووریی و سەربازیی.

ئەو کاتەی کە ئەنفال روویدا لە١٩٨٨ دا، رژێمی بەعس هێزێکی گەورەبوو لەناوچەی خۆرەڵاتدا، دوو سێ وڵاتی بەخێودەکرد، ئەمە جگە لەبەخێوکردنی چەندەها گروپی سیاسی جیاواز جیاواز. وڵاتێکی دەوڵەمەند کە زلهێزەکان چەکی زۆریان پێ فرۆشتبوو، بازاڕێك بوو بۆ ساغکردنەوەی چەکی کۆن و پێداویستی سەربازیی تر کە ئەو وڵاتانە دەیانوویست مەغزەنەکانی خۆیان پاکبکەنەوە لێی. باشترین شوێنیش عیراق بوو. کە بەپەیوەندییەکی چڕەوە مێشك و گیرفانی بەو مەغزەنانەوە بەسترابووەوە.

وڵاتێك بوو چەکی لەدانیشتووانی خۆشتر دەویست، پیاوانێکی دروستکردبوو کە لەگەڵ چەکدا ژیانیان زیاتر بردبووە سەر وەك لەگەڵ ژن و منداڵەکانیاندا.

تاوانی ئەنفال جینۆسایدەو جینۆسایدیش لەشوێنی تر روویداوەو بێدەنگیشی لێکراوەو هەتا ئێستاش دەکرێت قسەکردن و بێدەنگی تەنها پەیوەندی بەگۆڕانی راگری هێزەکانەوە هەیە، لێرەوە تەنها قسەکردنێك دەشێت بکرێت، قسەکردنە لەسەر بەرژەوەندیی و نامۆڕاڵیی لەسیاسەتدا. لەئەنفالدا بێدەنگییەکان دەمووچاوی جیاوازیان هەبوو بۆ زلهێزەکان، بەرژەوەندییەکی ئابووری لەپێش هەموو شتێکەوە بوو، لای وڵاتانی عەرەب، کە لایان عیراق سومبولی نەتەوەی عەرەب بوو، بێدەنگییەکەیان لەوێدا خۆی مات دابوو.

تەنانەت رۆشنبیرێکی وەك ( ئێدوارد سەعید ) کە ئەو کاتە لەڕۆژنامەی ( حیاة ) و (کرمل) دا دەینووسی نەیتوانی پارێزگاری لەویژدانی پاکی خۆی بکات و خۆی لەهێرشی ئەنفال لەسەرەتادا بەبێئاگا دایە قەڵەم. وڵاتە ئیسلامییەکانیش بەمافێکی رەوای رژێمی

بەعسیان دەزانی. عەرەبەکان سەدام–یان وەك پاڵەوانێك سەیردەکرد کە دەتوانێت نەتەوەی عەرەب یەك بخات و دژی داگیرکەران بجەنگێت، وڵاتە ئیسلامییەکانیش ئەویان وەك سیمبولێك دەبینی، کە دژی کافران لەشەڕدایە، بۆیە نابێت بەهیچ شێوەیەك رەخنەی لێبگیرێت. کوردیش لەم هاوکێشەیەدا نەقورساییەکی ئابووریی هەبوو، نەقورساییەکی سیاسیی، لەجوگرافیایەکدا لەسێ لاوە ئابڵووقە دراو، هەموو ئەو هۆیانە وایانکرد کە ویژدانێکی سەربەخۆ بۆ ئاشکراکردنی ئەو کاتەی ئەنفال نەمێنێتەوە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر باسی ئەو ویژدانە دۆڕاوە بکەم و کیمیابارانی هەڵەبجە بەنموونە بێنمەوە، کە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئێران ئەوسا لەگەڵ عیراقدا لەشەڕدا بوو بۆیە هەر زوو ئاشکرا بوو، بووەهۆی ئەوەی کە ئێران وەك پڕووپاگەندەیەکی شەڕ بەکاری بێنێت.

هەرئەوسا کاسێتێکی ڤیدیۆییان بۆ تەلەفیزیۆنی سویدی هێنا بۆ پەخشکردنەوە، بەڵام تا ئەو کاتە هیچ یەکێك لەزلهێزەکان سەرزەنشتی ئەو هێرشەیان نەکردبوو، بۆیە بۆ پەخشکردنەوەی پاساویان هێنایەوە کە گوایە پرۆگرامێکی زۆریان لا کەڵەکەبووەو کاتی پێنج خۆلەکیشیان نییە. کەچی هەر بۆ شەوەکەی پرۆگرامێکی نیو سەعاتییان لەسەر رزگارکردنی پشیلەیەك پەخشکردەوە.

هەفتەی پێشوو لەیادی بیست ساڵەی هەڵەبجەدا ( هانس بلیکس) کە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووکان بوو بۆ لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی عیراق، بەئاشکرا وتی کە(بەئاسانی دەتوانرا کارەساتی هەڵەبجە روونەدا، تەنها چاوسوورکردنەوەیەك لەزلهێزەکانەوە، یان لەوڵاتێکی گەورەی ئەوروپییەوە بەسبوو، بۆ ئەوەی رژێمی بەعس ئەو کارەساتە نەکات)، بەڵام کەسیان بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بێنە قسە. بۆ ئەنفالیش بەهەمانشێوە دەتواندرا رابگیرێت. بۆ ئەمەش دەبێت بەمۆڕاڵی خۆیاندا بچنەوە.

**پرسیار: ئەو هۆکارانە چین کە ئەنفال لەهوشیارییەکی سیاسی سادەوە کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێییانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هوشیارییەکی کەلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە، دەگوازێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەک بەدەنگی بەرز.**

**هەروەها ئەم بێدەنگییە چەند پەیوەندی بەکورد خۆیەوە هەیە، هەم لەئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

ئارام کاکەی فەلاح: بەداخەوە ئەنفال نەبووە بەهۆشیارییەکی کەلتووری و لەیادکردنەوەیەکی سەرپێیانە، کە ساڵی جارێك پێشوازییەکی چاوتەڕانەی لێدەکرێت

هیچی تر نییە، لەکوردستان و لەدەرەوەش هەر وایە، پرسەکۆڕێك و دوو سێ وتاری بەسۆزو چەند شیعرێکی کرچ و کاڵ ، ئیدی خواحافیز تا ساڵێکی تر.

تۆ ئەگەر بیرکردنەوەیەکت بەدەنگی بەرز دەوێت، دەبێت ئیشی جدی بۆ بکەیت، ئەمەش پەیوەندی تەواوی بەکوردو حکومەتی هەرێم و حزبەکانەوە هەیە، دوایی بەڕۆشنبیرەکانییەوە، ئێمە هەموومان کەمتەرخەمین لەئاست ئەو نەکردنە بەهۆشیارییەکی کەلتووری. لەپێش هەموو شتێکدا دەبێت ئێمە حورمەت بۆ مرۆڤی خۆمان بگەڕێنینەوە، دەبێت نرخی مرۆڤ لەو ئاستە نزمەی کە هەیەتی بەرە بەرە بەرزبکەینەوە، ئێمە دەبێت دونیایەك شت بگۆڕین، ئێمە ناتوانین لەلایەك ئەنفال بکەینە هۆشیارییەکی کەلتووری و لەولاوە دیموکراتیی راستەقینەمان نەبێت، ناتوانین لەلایەك بەویژدانێکی پاکەوە هەڵەبجە لەتراژیدیایەکی پڕ فرمێسکەوە بگوازینەوە بۆ تراژیدیایەك لەناو هۆشیاریداو لەلایەکی ترەوە چاو لەگەندەڵیی بپۆشین. بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێم و حزبەکان لێپرسراوی یەکەمن و زۆربەی کارەکان لەئەستۆی ئەواندایە، من لەسەفەری ئەم جارەمدا بۆ کوردستان گەنجانێکم بینی کە ئاگایان لەئەنفال نییەو هەڵەبجەش تەنها یادگارێکی رەشەو روویداوەو تەواو. ئەو گەلەی ئاگایەکی تەواوی لەوردەکارییەکانی مێژووی خۆی نەبێت، بەدەیەها جاریتر بەدەموچاوی ترو فۆڕمی ترەوە تووشی دەبێتەوە.

لای ئێمە ئەم شار ئاگای لەشاری تەنیشتی نییە، لەهەڵەبجە خۆپێشاندان دەکرێت و داوای ماف دەکرێت و لەشارێکی تر پشتگیری لێناکرێت، لەسلێمانی بەهەزارەها لەبەر شتێکی گرنگ دێنە سەر شەقامەکان و لەشارێکی تر دەڵێن ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە. ئێمە ئەگەر میللەتێکین، هەر تەنها مێژوویەك و جوگرافیاو زمان نامانکات بەگەل، هەرچەندە خەریکە زمانەکەشمان وەك خۆمان پەرت پەرت دەبێت، بەبێئەوەی بۆ چارەسەرکردنی بگەڕێینەوە بۆ زمانێکی ستاندارت بەپێوانەی مێژوویيەتی بۆ زمان، بەڵکو ئێمە بۆ هەستکردنێکی هاوبەش بەئازارەکانی یەکتر پێویستمان بەخەونێکی هاوبەشیش هەیە کەپێکمانەوە ببەستێتەوە، تەنها بەمانە گەلێکمان دەبێت کە پایەیەکی پتەوی دەبێت. ئێمە لەو جوگرافیا گەمارۆدراوەی تیایدەژین تاکە گەرانتییەکمانە کە بەبرینداریی و کۆیلەیەتییەوە نەژینەوە.

بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عیراق، هەرێمی ئێمە بەزۆر لکێندرا پێوەیی و لەوێوە حوکم دەکرێین، ئێستا ئێمە لەهەرێمەکەی خۆماندا کە نەخشەکەی ساڵبەساڵ بچووکتر دەبێتەوە سووکە حوکمێکمان بەدەستەوەیە هی ئەوەیە کە حکومەتی ناوەندی لاوازەو گرفتی گەورە لەبونیادیدا هەیە، هەچ کاتێ گرفتەکانی چارەسەرکران زۆر شت دەگۆڕدرێن و لەدەستمان نامێننەوە ئەگەر بەزووترینکات زمانێکی ستانداردتی نووسینی هاوبەش و خەونێکی هاوبەش و هاوولاتیانی سەربەست و کردنەوەی دامەزراوەی مەدەنیی و بودجەیەکی هاوبەش و سوپایەکی هاوبەش و بەبێلایەنکردنی تەلەفزیۆن و سەربەستی تەواوی مێدیاو چەند حزبێکی ئۆپۆزۆسیۆنی راستەقینە نەبێتە کارێکی هاوبەشی هەمووان، من ناڵێم با هەر بەیانی هەموومان ببینە مرۆڤێکی دیموکرات، چونکە داواکردنی ئەوە هەروا ئاسان نییە، بەڵام هیچ نەبێت هەوڵبدەین تا مێژوو خۆی دووبارە نەکردۆتەوەو ئێمەش لەفرمێسك زیاتر پێمان نابێت بۆ دیالۆگمان لەگەڵ دونیادا. ئەگەر هەموو ئەمانە پێکەوە نەکەین قەت ناتوانین بۆ نموونە ئەنفال بکەینە هۆشیارییەکی کەلتووری.

پرسیار: **ئەو پێشنیازە تایبەتییانەی ئێوە چین بۆ ئەوەی ئەنفال وەک کارەساتێکی سیاسی مێژوویی لەیادەوەری ئینسانی کوردا بەچەشنێک بمێنێتەوە کە هەمیشە جێی ئاوڕدانەوەو قسەکردن بێت لەسەری لەلایەن ئەو نەوانەی کە لەدوواڕۆژی کۆمەڵگای ئێمەدان؟**

ئارام کاکەی فەلاح: لەوەڵامدانەوەمدا بۆ پرسیاری دووەم، زۆرێکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەشی لەخۆ گرتبوو، ئەوەی دەمەوێت بیخەمە سەری ئەوەیە کە پێشئەوەی ئێمە بتوانین ئەنفال بەدونیای دەرەوە بناسێنین، دەبێت بەخۆمانی بناسێنین. بەو نەوەیەی کە ئاگای لەو سەفەرانە نییە بەرەو مەرگ بران، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێم و حزبە کوردییەکان لەپێش هەموانەوە ئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقییان لەسەرشانە بەم کارە هەستن، دەبێت ئەوان لەجدێتی ئەم کارە تێبگەن بەو شێوەیە نا کە هەموومان لەدادگاییکردنەکانی تاوانبارانی ئەنفالدا بینیمان، کە جگە لەکۆمیدیایەك زیاتر هیچی تر نەبوو، ئێمە پێویستمان بەکەسانی دڵسۆزە بەم کارانە هەستن، کەسانێك کە بەڕاستی لەئاستی گەورەیی ئەو کارەساتەدا بن. دەبێت حکومەتی خۆمان کەسانی بەتواناو لێهاتوو لەم بوارانەدا بدۆزێتەوە، چ کردنیان بەپسپۆڕ بۆ مەنهەجی خوێندن و کردنی بەشێکی تریان بەنمایندەی کوردو ناردنیان بەوڵاتانی جیهاندا بەبەڵگەنامەی بەهێزو دۆکومێنتەوەو

بەستنی چەندەها کۆنفرانس لەکوردستان و وڵاتانی تردا، ئێمە کەسانێکمان هەن کە بۆ ئەنفال کارێکی زۆریان کردووەو کەسیش نایانناسێت و نایەڵن زۆرتر بێنە پێشەوە، رەنگە هەر لەبەرئەوەی کەرەخنەیەکیان گرتووە، بەڵام ئەگەر رێگەنەدرێت ئەوا زیانێکی گەورە لەئەنفال دەدرێت، من نازانم بۆچی ئێمە هێندە لەرەخنە دەترسێین، تەنها رەخنەیە کە بەهۆشیارییەوە وەك نەتەوە بەهێزمان دەکات. ئەوەی کە جێگای دەستخۆشییە لەماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییدا چەند کتێبێکی باش لەسەر هەڵەبجەو ئەنفال نووسران و بڵاوکرانەوە، لەگەڵ وەرگێڕانی چەند کتێبێکی گرنگی تر وەك ( دڵرەقی و بێدەنگی) کەنعان مەکییە کە یەکێکە لەکتێبە پڕبایەخەکان، هەروەها بەستنی ئەو کۆنفرانسەی کە ماوەیەك پێش ئێستا لەهەولێردا بەستراو کەسانێکی زۆر داوەتکران کە دیسانەوە مایەی دڵخۆشییە.

**پرسیار: ئایا ئەدەبی کوردی بەتەعریفە جیاوازەکانی ئێوەوە بۆ ئەدەب چەند بەرپرسیارە لەبەردەم بیرنەکردنەوە لەئەنفال؟**

ئارام کاکەی فەلاح: لەڕاستیدا من لەلایەك پێمخۆشە کە ئەدەبی کوردی خۆی نەداوە لەقەرەی کارێکی وا گەورە. من کەمێك بەگومانەوە لەو ئەدەبە دەڕوانم کە تەنها بۆ کارەساتە گەورەکان دەنووسرێن، نووسەری هەنگاری ( ئیمری کێرتێز ) کە ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی نۆبڵی لەئەدەبدا وەرگرت، خۆی یەهودییەو چەند رۆمانێکی تەنها باسی ژیانی یەهودییەکان دەکات لەئوردوگاکانی نازییەکان بەتایبەتی ئوردوگاکانی ئاوشویتز، من هیچ چێژم لێنەبینی. رۆمانی ( پیاوی بێ چارەنووس )ەکەی کە ساڵی ١٩٧٥ نووسیویەتی بەچارەکێکی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان) جوان نییە، رەنگە یەکێك بێت و بڵێت ئاخر تۆ کوردی بۆیە ئەم رۆمانەت پێجوانترەو ئەوی تر نا، بۆ یەهوودییەك ئەوی تر جوانترە، گرفتەکەش راست لێرەدایە. راستە رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ) باسی ئەنفال دەکات، بەڵام شاکاری ئەم کارە لەوەدایە کە بەس تەنها باسی ئەنفال ناکات، بەڵکو باسی دەیەها بابەتی گرنگیتر دەکات و چەندەها دێڕی تیایە کە هەموو کەسێك دەتوانێت لەڕوحیدا هەڵیبگرێت، جا ئەم کەسە کورد بێت یان نەبێت. جوانی ئەدەبێك تەنها بۆ ئەوە نییە کە گەلەکەی نووسەر چێژی لێوەربگرێت، بەڵکو ئەدەب بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بۆیە دەبێت لەئاستێکی بەرزدا بێت، دەنا زوو وندەبێت. شیعرێکی زۆر بۆ هەڵەبجە نووسران،

بەڵام زۆر کەمیان مانەوە، ئەوەی شیعرێکی جوانیشی بۆ هەڵەبجە نەنووسی ئیدی بەوە نابێت بەهاوڵاتییەکی خراپ، هەروەك چۆن چەند دێڕێکی جوان ناتکەن بەنیشتمانپەروەر، بۆیە ئەم بیرکردنەوەیە باش نییەو تووشی تێکستی زۆرمان دەکات کە زوو دەمرن، چونکە زۆربەی زۆری ئەم تێکستانە بەزۆر دەنووسرێن و فشاری گروپ دروستیان دەکات نەك رۆحێکی داهێنەر. ئێمە دەتوانین لەرۆحێکی داهێنەر چاوەڕوان بین، تێکستێکی گەورەمان بداتێ تا کارەساتەکانمان باشتر لەیادەوەریدا بهێڵێتەوە، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە لەهەموو کەسێك ناکرێت.

**پرسیار: ئایا ئاستی ئەو ترسە شاراوەیەی لای ئینسانی کورد هەیە بەرامبەر کوردبوونی خۆی، ترسێکە خاوەنی هێزێکی رۆشنبیریی وایە کە بتوانێت لەبری تۆڵە خۆی بکات بەهێزێک کە هەڵگری لێبووردن بێت؟ ئایا ئەم هێزە چەند دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارەو چەندیش کۆمەڵگەی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیارن لەپێشاندانی؟**

ئارام کاکەی فەلاح: لێبوورن چەمکێکی گرنگ و جەمسەرێکی جوانی ژیانە لەمێژووی مرۆڤایەتیداو لەهەموو زەمەنێکدا هەمیشە وەك پرسیارێکی سەخت و ئەکتوێل دێتە پێشەوە. لێبووردن و تۆڵەکردنەوە دوو پرۆسەی زۆر تایبەتین و لەیەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێن، بەڵام ئەم دوو پرۆسەیە کە هاتنە ئاستی هەموو کۆمەڵگا ئەوسا ئیتر رەهەندیتر وەردەگرێت. لێرەوە ئیتر دەسەڵاتی کوردی و رۆشنبیرەکانی بەرپرسیاری یەکەمن لێی.

با لێرەدا من دوو نموونە لەدوو رۆمان بهێنمەوە بۆ زیاتر روونکردنەوە. ئەوانیش رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی و رۆمانی ( بەبێ خوێن )ی ئەلیکسەندرۆ باریکۆیە. لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا سامری بابلی رەنگبێ روونترین نموونەی تاوانبارێك بێت بەرامبەر نەتەوەیەك کردوویەتی و لێی پەشیمانە، ئەو کەسانەشی دەیانەوێت حوکمی بدەن، ئەو کەسانەن کە بەشێوەیەکی تەواو تاوانیان بەرامبەر کراوەو ساتێکی زێڕینیان لەبەر دەستایە کە تاوانەکە نەیکوشتوون و دەتوانن حەقی خۆیان بەدەستی خۆیان بکەنەوە، بەڵام وەك دەبینن ئاسان نییەو ئەو دیالۆگانە بیننەوە بەرچاوی خۆتان کە قوربانییەکان لەبەینی خۆیاندا دەیکەن تا دەنگە دەنگ و شەڕیش لەگەڵ یەکتردا، لێرەدا دەبینین کە یادەوەرییەکی بریندارو هۆشیاریی و ویژدان ئاوێتەی یەکتردەبن و کەسیان ناگەن بەئەنجام. باشە ئەوە سامری بابلیشت کوشت، ئەی

دوایی؟ چەندەها سامر دروستدەبنەوە، تاقە ڕێگایەك ئەوەیە كۆمەڵگایەك دروستبكرێت كە بابەتی وەك بابلییان تیا نەبێت.

لەڕۆمانەكەی باریكۆشدا كچە پاڵەوانەكە كە خۆی لەچەكدارەكان دەشارێتەوەو چەكدارەكان باوكی دەكوژن كە تاوانبارەو بەژەهر زۆری لەچەكدارەكان كوشتووە، ئەم كچە گەورە دەبێت و دەیەوێت تۆڵە بكاتەوە، بەڵام لەجیاتی تۆڵە لەو چەكدارەی كە باوك و براكەی كوشتووە، ئەم دێت و دڵداریی و خۆشەویستی دەكات. خۆشەویستی بەتاقە تۆڵەیەك دەبینێت كە لەجیاتی ئەوەی بەرامبەرەكەی بكوژێت، دەیگۆڕێت.

ئەم دوو نموونەیە دوو نموونەی زیندوون كە وامانلێدەكات بیر بكەینەوە. لێرەدا بۆ من گرنگە كە خوێنەر بەهەڵە لەمن تێنەگات و وابزانێت من بمەوێت دڵداری لەگەڵ ئەوانەدا بكەین كە ئەنفالیان كردین، نا من مەبەستم ئەوە نییە، هەرچەندە ئەگەر ئێمە بتوانین كەسانی وەك سامری بابلی بگۆڕین و لەدڕندەوە بیانكەینەوە بەمرۆڤێكی خاوەن ویژدان، با هەوڵبدەین بیانگۆڕین. ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە كە ئەوە عەرەب نییە وەك نەتەوە كە ئەنفالی كردین، بەڵكو ڕژێمێكی نەخۆش و دڕندە بوو كە پیاوانی دڕندەی دروستكرد تا ئەو كارانەی بۆ بكەن، كاری گرنگ بۆ ئێمەی كورد ئەوەیە كە هەوڵبدەین كە ئەو كارەساتە دووبارە نەبێتەوە. ئەمەش كارێكی زۆری دەوێت و ئەوەی تائێستاش كراوە زۆر كەمە.

# دیدار لەگەڵ هەندرێن



مەبەست لەکەلتوور چییە، کەلتووری کوردەواری چ جۆرە رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی بەسەر ئاڵوگۆڕە مەعنەوی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبووەو هەیە، کەلتوور چ رۆڵ و کاریگەرییەك لەچەپاندن و سەرکوتکردنی کەسێتی تاك یان بەپێچەوانەوە دەگێڕێت، ئەمانەو چەند لایەنێکی تری پەیوەندیدار بەو بوارە با لەهزرو خوێندنەوەی ( هەندرێن )ەوە بڕوانین و بزانین، ئاخۆ وێڕای خستنەڕووی ئەو پرسیارگەلەی سەرەوە، کورد خاوەنی کەلتوورێکی هاوبەش و جێگیرن یا ئاڵۆزو فرەچەشن.

**دیداری: ئەرسەلان مەحمود**

هەندرێن:

بەرلەوەی لەمەڕ پرسی کەلتووری کوردییدا بپەیڤین، بەپێویستی دەزانم، بپرسین: ئاخۆ مەبەستمان لەکەلتوور چییە؟ گەلۆ خودی کورد، چ لەڕابردوو و چ لەئێستادا، لەئاستی زانستییەوە، بۆ نموونە، لەڕوانگەی جڤاکناسیی (سۆسیۆلۆژیی)، کەلتوورناسیی، خەڵکناسیی (ئەنترۆپۆلۆژیی) و... تاد پێناسەگەلێکی بۆ کەلتووری خۆی کردووە، تاکو

لەدیدی ئەو خوێندنەوانەوە بتوانین راڤەیەك پێشەكەش بكەینەوە؟ ئایا كورد لەهەموو بەشەكانی كوردستاندا "كەلتوور"ێكی هاوبەشی هەیە؟ بەمجۆرە من كە رووبەڕووی ئەو پرسیارەی ئێوە دەبمەوە، یەكسەر ئەو پرسیارانەو پرسیارگەلێكی لەو چەشنانەم لەلا دروست دەبن، چونكە ئەوەندەی من بزانم، لەبواریی رۆشنبیریی كوردیی و بەتایبەتیش لەبواری زانستگادا راڤەگەلێكی ئەوتۆمان نییە كە لەڕوانگەو میتۆدە جیاوازەكانەوە كەلتووری كوردیان پێناسە كردبێت. ئاشكرایە لەئاستی زانستە مرۆییەكانی رۆژئاوادا لەهەر یەك لەقۆناغە جیاوازەكان، پێناسەو خوێندنەوەی جیاواز بۆ كەلتوور كراوە.

لەو روانگەیەوە ناچارین ئاماژەیەكی چڕو خێرا بەو پیناسەو راڤە جیاوازانە بكەین كە لەبواری زانستگاو رۆشنبیریی رۆژئاوادا لەئارادان.

رەنگە چەمكی "كەلتوور" یەكێكبێت لەو چەمكە سەختانەی زمان، چونكە ئەو چەمكە هەڵگری واتاگەل و پێناسەگەلێكە، بۆیە لەهەر یەك لەسەردەمەكاندا پێناسەگەلی جیاوازی بۆ كراوەو بۆ مەستی جیاوازیش راڤەكراوە. لێ لەگەڵ دەستپێكی سەدەی بیستەمدا، چەمكی "كەلتوور" بەواتای "كەلتووری نەتەوەكان"، "كەلتووری خەڵك"، "كەلتووره بۆ ماوەكان" و ... تاد پێناسە دەكرا. لەوێدا نووسەرو ئەكادیمییە بۆرژوازییەكان باسیان لەفراژان و رسكانی كەلتووری ژیاریی دەكردو بەمەش هەوڵیاندەدا كەلتووری جڤاك و نەتەوە بیانییەكان، غەیرە رۆژئاواییەكان بەدواكەوتوو سەرەتایی پێناسەبكەن. بەكورتی روونـاكبیره بۆرژوازییەكانی رۆژئاوا، جەختیان لەجڤاكە خاوەن كەلتووره مۆدێرن و دەوڵەمەندەكان و جڤاكە خاوەن كەلتووره كۆن و لاوازەكان دەكردەوە. دەبینی لەگەڵ لەدایكبوون و باڵادەستبوونی چینی بۆرژوازیی لەڕۆژئاوادا، كەلتوورێكی دیكەو پێناسەیەكی دیكەی جیاواز بۆ چەمكی كەلتوور هاتە كایەوە. پاشان كەلتوور لەئاستێكی بەرتەسكتردا چڕكرایەوە، لێ ئەو ناوەرۆكەی جارانی هەر مایەوە. لەوێدا كەلتوور وەك نەریتێكی باڵاو جوان و چاندن وێنە دەكرا. بەواتایەكی دیكە: كەلتوور لەناوڕاستی سەدەی بیستەمەوە بە ئەدەب، شانۆ، مۆسیك، هونەر پێناسە دەكرا. هەڵبەتە لەڕوانگەی زانستییشەوە هەروا بوو.

هاوکـاتیش سـەیرکردنی کـەلتوور، وەك شـتێکی "بێگـەرد"، وەك وێنەیـەکی جیـاواز بەرانبەر "بێکەلتوور"ی، "کەلتووریی خەڵك" پۆلێنکرا، چونکە ئەو کەلتوورە بۆرژوازییـە ئـەو جـۆرە کـەلتوورە گـشتیی و کۆنـەی وەك هەڕەشـەیەك بـەدژی کـەلتووری خـۆی سەیردەکرد.

دوا بـەدوای ئەمـەش، دوای بەهـەرمێنبوونی پۆسـتمۆدێرنیزم، پێناسـەگەلێکی نـوێ لەچەمکی کەلتوور هاتە کایەوە. ئەو پێناسانە لـەو پێناسـانەی کـە نووسـەرو ئەکادیمییـە بۆرژوازییـەکان دەیـانکرد جیـاواز بـوو. بۆیـە پێناسـەگەلێکی وەك: "کـەلتووری بـاڵا"، "کـەلتووری رۆژانـە"، "کـەلتووری کرێکـار"، "کـەلتووری ژن"، "کـەلتووری منـداڵ"، "کـەلتووری پەنابـەران" و ... لـەدایکبوون. ئـەو پێناسـەگەلە بـۆ کـەلتوور بەزانـستیی ئـەنترۆپۆلۆژیی و ئێتنۆلۆگییـەوە بەسـترایەوە، چـونکە ئـەنترۆپۆلۆژو ئێتنۆلۆژەکـان لەڕاڤەکانیانـدا، بەتایبـەتی لەمـەڕ شـێوازی ژیـانی ئـەو نەتـەوەو گرووپـە جیاوازانـەی کـە نیـشتەجیی وڵاتـانی رۆژئـاوان و بەگـشتیش دەرەوەی رۆژئـاوادا، ئـەو چـەمکگەلەیان لەکەلتوور داهێنا.

بەمشێوەیە، وەك دەبینین، ئاسان نییـە لەڕوانگەیـەکی زانستییەوە هـەروا بەئاسـانی بتوانین پێناسەیەکی کەلتووری کوردیی بکەین و پاشان بزانین ئەو شـێوە کـەلتوورە چـتۆ کاریگەرییەکی لەسەر دەمبەستکردن و سازاندنی کەسایەتیی کوردییدا هەبووەو هەیە.

لـەوەش بترازێـین، کـاتێ ئێمـە بەگـشتیی باسـی "کـەلتوور" دەکـەین، مەبەسـتمان کوئاگایی و ئەو پەیوەندییانەیە کە کەلتووری نەتەوەیەك، بۆ نموونە، کـورد دەردەبڕێت. هاوکاتیش کەلتوور بریتییـە لەڕۆشـنبیریی گشتیی، چۆنییەتی پێوانـەکردنی بەهایـەکان، ئەزموون و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوی هاوبەشـانەی کـوردیی کـە کەسـایەتیی" رەفتـارو جیهانبینی کورد وێنـە دەکـات، بـەڵام لـەبیرمان نەچێت، کـەلتوور تـەنیا لـەناخ و زەیـنی خەڵکدا خـۆی دەرنابڕێت، بـەڵکو کـەلتوور لەپرۆسـەی پەیوەندییـە جڤاکییەکانـدا وەك کۆئاگاییەك لەزمانێکی هاوبەش، کۆدگەلێك و بەهاگەلێکیشەوە خۆی دەردەبڕێت. بەمەش کۆی نەتەوە پێکەوە گرێدەدات.

بەمجۆرە کەلتووری کوردیی، وەك نەتەوەیەکی بندەست، کـەلتوورێکی ئـاڵۆزە، بۆیـە پێناسەکردنی ئەو کـەلتوورە، بەتایبـەتیش لەدەرفـەتێکی رۆژنامەوانییـدا، کـە کەسـایەتی کورد دەسازێنێت یان پەیوەندییە جڤاکییەکان پێکەوە گرێدەداو دەردەبڕێت یان لەزمانی کوردییەوە خۆی دەردەبڕێت و ... تاد، کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەڕای من، ئەو وێنـە کەلتوورییە نەریتییەی کورد، بەتایبەتی ئەو کەلتوورە لەسـەدەی بیستەوە تـا ئـەمڕۆش، لەناوەرۆکـەوە هـەمان کـەلتوورە خـۆی بەرهەمدەهێنێتـەوە. ئـەوەی کـە گـۆڕانی بەسـەر داهاتووە، تـەنیا لەئاسـتی رووکەشـیدایە نـەك ناوەرۆکـەوە، چـونکە لـەجڤاکی کوردییـدا، ئەوەی کە باڵادەستە بەسـەر پەیوەندییـە جڤـاکیی، ئـابووریی و سیاسـییەکانەوە بـریتین لەهێزە کۆنپارێزە یەك لەدوای یەکەکان. ئەو هێزە کۆنپارێزانـەش بـەهۆی ئـەوەی خۆیـان هەڵگری ئەو کەلتوورە نەریتییە خێڵەکییەن، بۆیە لەپێناو مانەوەی دەسـەڵاتیی خۆیانـدا، هەوڵیانداوە ئەو کـەلتوورە نـەریتیی، هارارکییـە" واتـا خێڵـەکیی و بـۆ ماوەیـە بپـارێزن. دیارە ئەو هێزە کۆنپارێزانە، وەك تۆڕێك لەدەسەڵات، لەهەموو قۆناغەکاندا بەهۆی پایـەی ئایینیی، سیاسیی، رۆشنبیریی و خێڵەکییەوە هەوڵیانـداوە هەمیـشە ئـەو توێـژە بـچووکە نووسەرو تاکەکەسە پیشە جیاوازانەی کە هەڵگری ئاگایی و زمانی کـەلتوورێکی ئیـدیالین، نوێخوازن، دەمکوت بکەن.

لەو روانگەیەوە، لەقۆناغـە جیاوازەکانـدا، بـەهۆی کاریگـەریی ئـەو رۆشـنبیرییە نوێیـە دەرەکییانـەوە، ئـەو توێـژە نوێخـوازە لـەجڤاکی کوردییـدا هەوڵیانـداوە ئـەو دەسـەڵاتە رەهایەی هێزە کۆنپارێزەکـانی کـورد وەرچـەرخێنن و کـەلتوورێکی نـوێ لـەژیانی کـورددا بچێنن. بەمەش ئەو کەلتوورە نوێیە وەك کۆئاگاییەك لەزمانی کوردییدا خـۆی دەرببڕێـت. لێ ئەو بزاڤانە لەدواجاردا بەهۆی ئـەو بونیاتـە جڤاکییـەی کـە زۆرینـەی نەخوێنـدەوارن و جووتیارو کاسبکارن، بۆیە دواجار ئەو هێزە کۆنپارێزەی بەسوود وەرگرتن لەو هێـزە فـرە نەخوێندەوارو نائاگایەوە، ئەو بزاڤە نوێخوازانە تێکبشکێنێت.

دیـارە بندەسـتی کـورد کاریگـەرییـەکی سـەرەکی هـەبووە لەسـووڕانەوەی ئـەو دۆخـە سیاسـیی و کـەلتوورە نـەگۆڕەی کـورد، چـونکە لەلایەکـەوە داگیرکـارانی کـورد هەمیـشە لەڕووی ئابوورییەوە هەوڵیانداوە ژێرخـانی ئـابووریی کوردسـتان لـەو دۆخـە وابەسـتەییەدا

بمێنێتەوە. بۆیە دەبینین ئەو پەیوەندییە هارارکییە لەکوردستاندا کۆی پەیوەندییە ئابووریی، کەلتووریی و سیاسییەکانی جڵەو کردووە. وێڕای ئەمەش، کورد بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە لەشەڕو ژیانێکی ناسەقامگیرییدا ژیاوە، بۆیە ئەو توێژە نووسەرو خوێنەرە لەئاستێکی لاوازدا قەتیسماوەو بواری ئەوەی نەبووە لەئاستی ئەکادیمییدا ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی رۆشنبیریی و ئابووریی. بەمجۆرە ئەو دۆخە راڕاو ناسەقامگیرە زەمینەی بۆ لەدایکبوونی چینێکی بۆرژوازی تۆکمە نەسازاندووە. هەر بۆیە ئەو توێژە خوێندکارە ساوایەی کە لەقۆناغە جووداکاندا لەدایکبووە، بەهۆی ئەو شەڕو ململانێیەی کە دەسەڵاتی نەتەوەکانی عەرەب، تورك و فارس بەسەر کوردیان سەپاندووە، رێگربووە لەبەردەم ئەو توێژە خوێندکارو خاوەن پێشە مامناوەندییەی کورد کە بەرەو چینێکی بۆرژوا گەشە بکات و بەمەش کەلتوورێکی نوێ دابهێنێت و بەسەر پەیوەندییە جڤاکییەکانی کوردستاندا باڵادەست بێت، چونکە ئەو توێژە هەمیشە بەدەم رێگای گەشەکردنەوە ناچاربووە بچێتە رێزی خەباتی سیاسییەوە. ژینگەی ئەو خەباتەش، وەك دەزانین، لەدێهات و شاخەکانەوە بووە. بۆیە دواجار بەهۆی مەرجەکانی پێشمەرگایەتیی و ئەو کەلتوورە باوەی دێهاتەکان، ئەو توێژە نووسەرو خوێندکارە یان مەیلەو وردە بۆرژوازییە رۆڵی خۆی لەدەستداوە، ناچار بووە دەست و پەنجەی لەگەڵ هەل و مەرجی ئەو ژینگەیە نەرمبکاتەوە.

لەناوکۆییەوە ئەو دۆخە هەمیشە نیگەران و لێوانڕێژە لەململانێیە لەنێوان رژێمە داگیرکارەکان و بزاڤی کوردییدا، هەوڵیداوە ئەو هێزە کۆنپارێزانەی کورد بەهێز بکەن. بۆ نموونە، رژێمی بەعس بەرێگای پارەو دەسەڵاتدان بەسەرۆك خێڵەکان، توانی سوود لەو پێکهاتە هارارکییەی خێڵەکان وەربگرێت و لەرێگای ئەو سەرۆك خێڵانەوە زۆرینەی کورد بکاتە جاش و لەدژی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد بەکاریانبهێنێت. رژێمی بەعس توانی بەسوود وەرگرتن لەو کەلتوورە نەریتییەی خێڵ کە باڵادەستە بەسەر جڤاکی کوردییدا، ئەو کەلتوورە زیاتر بشێوێنێت و هاوکاتیش ئەو پایەی دەسەڵاتی ئەو هێزە کۆنپارێزە بەهێزتر بکات.

دەمـەوێت بڵـێم، ئـەو کـەلتووره نەریتییـەی کـە کەسـایەتی کـورد بەرهەمـدەهێنێت، خۆراکی خـۆی لـەو پێکهاتـە خێڵەکییـەوە وەردەگرێـت. ئـەو پێکهاتـەش، وەك زۆرینـەك لەجڤاکیی کوردییدا، بەخێڵ و جوتیارەوە ئاستی ئاگایی و خوێنـدەواری زۆر لاوازه، بۆیـە ملکەچە بەرانبەر هەموو پەیام و پێوانەیەك کە سـەرۆك خێڵـەکانیان ئاراسـتەیان دەکـەن. ئـەو خێڵانـەش بۆئـەوەی ئـەو باڵادەسـتییە سیاسـیی و ئابوورییـەی خۆیـان بپـارێزن، هەوڵیانداوە بەو کـۆدە کەلتووریانـەوە، رێگـە نـەدەن ئـەو ئاگاییـە لاوازە گـۆڕانی بەسـەر دابێت و بەمەش ئەو هارارکییە بەرهەمبهێننەوە. هەڵبەتە دەبێت جەخت لەوە بکەینـەوە، کە رۆڵی ئایینی ئسلام لەڕەوایەتیدان بەو کەلتووره باڵادەستەی خێڵ، زۆر بـەهێزه. بۆیـە ئەو دەسەڵاتدارە ئایینیانە، دیاره مەبەستم لەو مەلاو مامۆستا ئایینییـە دەگمەنانـە نییـە کـە لەقۆناغـە جیاوازەکانـدا رۆڵـی رۆشـنگەریی کوردییـان بینیـوە، پەیوەندییـە رەگئاژۆیەکانیان بەسەرۆك و خێڵی کوردو دەسەڵاتی رژێمە داگیرکارەکانەوە، توانیوویانـە بەبیانو و دەمامکی ئیسلامییەوە بەکەیفی خۆیان ئەو رێژە بەرزە لەنەخوێنـدەواری کـورد بەکۆیلە بکـەن و بـەکاریانبهێنن. دیـارە بـەهۆی ئاسـتی دواکـەوتوویی بزاڤـی کوردییـەوە، پایەی ئەو سەرۆك خێڵانە هەمیشە پـارێزراوە. وەك دەبیـنین ئێسـتا، وێـڕای ئـەو هـەموو زارقەرەباڵغییەی کە دەمڕاستەکانی حکومەتە حزبییەکەی کوردسـتان لەمـەڕ "کۆمـەڵگای مەدەنیی"، "دێمۆکراتیی" و ... تاد، کەچی هاوکاتیش پایەو دەسەڵاتی سەرۆك خێڵەکان و سەرۆك جاشـەکان، نـەك هـەر لاواز نەبوونـە، بـەڵکو دەسـەڵاتیان لەسـەردەمی بەعـسدا باشترە و بگرە ئێـستا پایـەی خێڵێـك لای حـزب و حکومەتەکـەی کوردسـتان لەنووسـەر، خوێندکارێکی زانستگا، مامۆستا، دکتۆرێکی بواری زانستی و ... تاد زۆر باڵاترە. دەبینی ئـەو دیاردانـە لـەخۆڕا سـاز نەبوونـە، بـەڵکو بەرهـەمی ئـەو کۆئاگاییانـەی پەیوەندییـە جڤاکییـەکانی کـوردن. ئـەو کـەلتوورەی باشـووری کوردسـتان، لەبەشـەکانی دیکـەی کوردستانیشدا، بەجیاوازییەکی رووکەشەوە، هەمان کەلتووره.

لێـرەوە دەخـوازم بێـژم، دەکرێـت کـەلتووری باڵادەسـتی کـوردیی لـەو پەیوەندییـە هـاراکیی و ئاڵۆزانـەوە پێناسـە بکـەین. دیـارە، وەك وتم، لـەناو جیهـانی ئـەو کـەلتووره ئاڵۆزەدا، تەرزە کەلتوورێکی یان چـەندان وێنـەی دیکـەی کـەلتووریی کـراوەی کوردیمـان

هەیە، لێ ئـەو کـەلتووره، چـونکە لەسـنوورو ئاسـتێکی چـکۆلەدا دەژی، بۆیـە نـەک هـەر کاریگەرییـەکی بەرجەسـتەی لەبەرهـەمهێنانی کەسـایەتیی کوردییـدا نییـە، بـەڵکو ئـەو کەلتووره کراوەیـە بـەهۆی بـەردەوامی پرۆسـەی ئـەو کـەلتووره نەریتییـە باڵادەسـتەوە، لەدواجاردا ناچـاردەبێت لەگـەڵ ئـەو کـەلتووره باڵادەسـتەدا سـازش بکـات یـانیش خـۆی رادەستی ئەو کەلتووره باوە بکات.

لێــرەوە بــەکورتیی و بــەکوردیی ئــەو کــەلتووره باڵادەســتەی کــوردیی بریتییــە لەکـەلتوورێکی درێدۆنـگ، دووڕوو (دۆبـل مـۆراڵ)، داخـراو، بێگانـە پـەرسـت، شـەرمنۆک، کەلتوورێکی ویستکوژی تاکەکەسە ئازادیخوازو جیاوازەکانە، کەلتوورێکە سیخناخ بەسۆزو مەیلی فریخواردن، وابەستەیی و ... تاد. ئەو خەسڵەتانەش پێکهاتەی کەسایەتی کوردیی و بگرە بزاڤە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کـوردی ئاراسـتە دەکـەن و بەرهەمدەهێننـەوە. مۆتیڤەکانی ئەو پرۆسەو دۆخەو وێنە نەگۆڕەی کەلتووریی کوردیی، بەگشتیی، نائـازادیی کوردە. لەو روانگەیەوە یەکێك لـەهۆکردە سـەرەکییەکانی مانـاوەی کـورد لـەژێر دەسـتی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەو کەلتووره لەرزۆك و پەڕپووتە باڵادەستەی خێڵە بەسەر ویستی کوردییدا. رازیبوونی کـوردی باشـوور بـەو عێراقـە گـەڕەلاوژە فیدراڵییـە، دەسـەڵاتی ئـەو کەلتووره دووڕووەیە لەناخی دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کورد. هاوکاتیش ئەو ئەتکردنەی ژن کە ئەمڕۆ بەشێوەی جیاواز بۆتە دیاردەیەکی رەوا، دەرهاوێشتەیەکە لـەو چەپاندنەی کە یەکێکە لەخەسڵەتاکانی ئەو کەلتووره نەریتیی و خێڵەکییەی کورد.

لەو ناکۆیییەوە دەکرێت لەو کاتەی کە کورد لەباشووردا خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، بەهۆی ئەو کەلتووره نوێیەی (هەرچەندە ئەو کەلتووره نوێیە هێشتا لەئاستی رووکـەش و مۆدەبازییدایە، کە رەنگە لەوەش زیاتر تێنەپەڕێ!) کە بەڕێگای دیاردەی بەجیهانیبوون، مێدیاو تەکنیکەوە هاتۆتە کوردستانەوە گۆڕانێك لەو کەلتوورو هێزە کۆنخوازە باڵادەسـتە دروستبکات، چونکە ئەو ئـەو کـەلتووره نوێیـە جڤـاکی کـوردیی تووشـی کێشمەکێشێکی دژواری ناوەکیی کردووەو بەمەش ئەو کەلتووره بـاوەو هێـزە کۆنخـوازەی کـورد تووشـی فشارێکی سەخت بووە. بۆیە ئەگەر هێزێکی کارای رۆشـنبیریی و سیاسـیی لەکوردسـتاندا لـەدایك ببێـت و بـەرەو ئامـانجی گـۆڕینی ئـەو کـەلتووره دەمکوتکـەرە، بەویـستێکی

راستگۆیانە کار بۆ داڕشتنی پرۆژەیەکی رۆشنبیریی، ئابووریی، سیاسیی کارا بکات، رەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا بتوانرێت ئەو کەلتوورە کۆنباوەو هێزە کۆنخوازە پەراوێز بخرێت و کەلتوورێکی نوێی، وەکو ئاگاییەکی کاراو بەرهەمدار لەزمانی کوردییدا خۆی رابگەیەنێت و پەیوەندییەکی نوێی جڤاکیش بەرهەمبهێنێت.

هەرچەندە ئێستا لەکوردستاندا بەهۆی بوونی حزب بەسەرچاوەی بازرگانیی دەسەڵات، ئەو هێزە کۆنخوازە لەپاڵ توێژێکی حزبییەوە بەتاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوردستان خۆی کردۆتە بەچینێکی سەرمایەداریی شێواو و قۆقز، بەمەش توانیوویەتی ئەو کەلتوورە کۆنە بپارێزێت و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریبهێنێت. بۆیە چاوەڕوانکردنی لەدایکبوونی ئەو چینە بۆرژوازییە رەسەنە، خاوەن کەلتوورە مۆدێرنە، بیرکەرەوەش مەیلەو ساویلەکانەیە.

وێڕای ئەمەش، ئەگەر ئەو بزاڤە ئیدیالییە چاوگەکەی لەئاستی زانستگایەکانی کوردستاندا نەبێت" واتا بەشی زانستە مرۆییەکان نەتوانێت راڤەگەلێك لەڕوانگەی جوودا بۆ پاشاخان و مێژووی ئەو کەلتوورە باڵادەستەی کورد نەکات و راڤەکانیشیان لەلایەن دەسەڵاتدارە سیاسییەکان و ئەو حکومەتە لەگەندەڵیی رۆچووەی کوردستان بەهەند وەرنەگیرێت و لەئاستی دامودەزگاو ژیانی جڤاکیی بەگشتیی و بەتایبەتیش ئاستی پەروەردەدا پیادە نەکرێت، هەر لەسەر دروشم یان وەك باوە بەخەڵك رابواردن بمێنێتەوە... تاد، ئەو هێزە کۆنخوازو کەلتوورە کۆنباوە دەتوانێت بەفێڵ و گۆڕینی دەمامکەکان خۆی بەهێزتر بکات و رەوایەتییەکی بەردەوامبێت.

٢٠٠٨/٣/١٠

ستۆکهۆلم

**دیالەکتیکیی**
**دەسەڵات و ڕۆشنبیر**

مەمەر عەبدوللا



**کتێب و نووسەرو خەڵاتی نۆبڵ**
**ئاندرە ژید**

زەینەب یوسفی

**ئایدیۆلۆژیی ئەدەبیاتی**
**مۆدێرن**

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



**دێریدا – هابرماز و**
**فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا**

دلێر مەمەر



**جوانترین**
**خنکاوی جیهان**

هوشیار شێخ ئەنوەر

# وەرگێڕان

# دیالەکتیکی دەسەڵات و رۆشنبیر

ن: د.جەمیل حەمداوی
و: محەمەد عەبدوڵڵا

یەکێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییانەی ئێستا خۆی سەپاندووە بەسەر کایەی فیکریدا، دیالەکتیکی نێوان دەسەڵات و رۆشنبیرە. بەوەی کاریگەریی راستەوخۆی هەیە بەسەر گەشەو پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵگەدا، بەمەبەستی گەیشتنەوە بەو کۆمەڵگە پێشکەوتوانەی پاڵپشتیی و گرنگی دەدەن بەڕۆشنبیران بەرامبەر بەکارو داهێنانەکانیان و ئازادییان پێدەبەخشن و رێزیان لێدەنێن بۆ رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەکانیان، لەڕێگەی فەراهەمکردنی تیۆرییەکانی لێهاتوویی و ئەزموون لەدابەشکردنی پۆستە سیادییەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی ئیداریی و سیاسیی.

کەواتە چەمکی جەدەلیی یان دیالەکتیکی چی دەگەیەنێت؟ رۆشنبیر یان ناڕۆشنبیر کێیە؟ ئەی ئەو پۆلینکردنانە کامانەن کە ریزبەندی رۆشنبیرو ناڕۆشنبیرەکان دەکەن؟ پەیوەندیەکانی نێوان رۆشنبیرو دەسەڵات چین؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەوڵدەدەین لەم بابەتەدا وەڵامیان بدەینەوە.

## ١- دیالەکتیک و کێشەی دیالەکتیکیی:

دیالـەکتیك(الجـدل) لـەواتا زمانەوانییەکەیـدا واتــە دیـالۆگی رووبــەڕوو و ئاخــاوتن و جیاوازی بنیادنەر. ئەم زاراوەیە دوو لایەن یـان زیـاتر دەگرێتـەوە کـە ئـازادبن و خـاوەنی رۆشنبیرییەکی فـراوان بـن، ئاخـاوتن لەنێوانیانـدا دروسـتدەبێت بەمەبەسـتی بـەردەوامیی لەبـەرگریکردن لەمەسـەلەیەك لەرێگـەی کۆمـەڵێك نـەگۆڕی لـۆژیکی و بەڵگـەو پاسـاوی عـەقڵانی و نموونـەی تێکستیی و زیهنیـی. بەمەبەسـتی قەناعـەتپێکردنی بەرامبـەر، بـەو راسـتییانەی دەخرێنـەڕوو، بەرامبەرەکەشـی نکـۆڵیی لێـدەکات، هـەموو ئەمـەش لـەپێناو ناچارکردنی بەرامبەر بەقەناعەتکردن و کاریگەربوون لەسەری. لێرەدا کاریگـەریی لەسـەر بنەمای سۆزو ویژدان دەبێت، بـەڵام قەناعـەتپێکردن لەسـەر بنـەمای عـەقڵیی و لۆژیکیی دەبێت.

دیالەکتیك لەواتای فەلسەفیدا، واتە کێشمەکێش و دژیەکی چـەندایەتیی و چۆنایەتی، جگە لەهێماگەرایی بۆ دژبوون و جیاوازیی و فەلـسەفەی دژیـەکیی. دیـاردەی دیالـەکتیکی پێکهـاتوو لەسـەر بنـەمای دژیـەکبوون و کێـشمەکێش و جیـاوازبوون، لەهـەموو دیـاردە کەونییەکاندا بەدیدەکرێت. باشترین نموونەش دوالیزمە کەونییەکانە: شەو و رۆژ، ئێوارەو بەیانی، مردن و ژیان، دەوڵەمەندو هەژار، ...هتد، ئەوەشمان لەیادنەچێت کـەژیانی مـرۆڤ بـەپێیی ئایینـە ئاسمانییـەکان هـەر لەسـەرەتاوە بەشـێوازێکی دیالـەکتیکی و لەئاسـتی کێشەدا دەرکەوتووە: بۆ نموونە ئادەم لەسەر بنەمای ئارەزووی سێکسی و بەدووکـەوتنی ئـەو ئـارەزووە بەحـەوا گەیـشت، هابیـل و قابیـل کەوتنـە کێـشەیەکی دیالەکتیکیـەوەو ئاکامەکەشی دەرکەوتنی یەکەمین تاوانی رۆشنبیریی و لەچاڵنانی مرۆڤبـوو لەلایـەن بـرای مرۆڤییـەوە. لێـرەوە کێـشەی نێـوان بـاوەڕداریی و بێبـاوەڕیی لەمیانـەی خێروشـەڕدا سـەریهەڵدا، کـە تـا ئـەمڕۆش بەردەوامـەو دەرکـەوتنی ئایینـە ئاسمانییـەکان و هـاتنی پەیامبەرو نێردراوان و بلیمەتان لەئەنجامەکانی بوون.

ناودارترین فەیلەسوفە تیۆریستەکانی دیالەکتیکیی ئەمانەن: هیگڵ، فیورباخ، ئـەنگلز، مارکس، رایمۆن ئارۆن و چەندانی دیکە.

دیالـەکتیك لای هیگـڵ لەسـێ جەمـسەر پێکـدێت: تێـزو دژەتێـزو پێکهـاتن، بـەڵام دیالەکتیك لای ئەم فەیلەسوفە ئایدیالیی بووەو لایەنی عـەقڵ و بیرۆکـەی رەهـا زاڵـدەکات بەسـەر لایـەنی واقیعیـی ماتریالییـدا، واتـە ئـەوە عەقڵمـە کـەواقیع و هـەموو ماتریالـەکان دیاریـدەکات. لەبەرئـەوەی گرنگـی گـەورەی بـەڕۆح و عـەقڵ و بـیر داوە لەئاراسـتەکردنی مێـژوودا، بۆیـە بەئایـدیالیی وەسـفدەکرێت، بەپێـچەوانەی فەیلەسـوف فیورباخـەوە کـە دیالەکتیکییـەکی میکـانیزمیی بـووە لەبۆچـوونە شـیکارییەکانیدا. هەرچـی مارکسیـشە بۆچوونە هیگڵیەکانی رەتکردەوە کەدیالەکتیکیان پێچەوانەکردبوو، مارکس و ئەنگلز هاتن و راستیانکردەوە.

لەڕوانگـەی مارکسییزمەوە دیالـەکتیك لەدەرکـەوتنی کـارو دابەشـکردنییەوە لـەنێوان تاکەکانی مرۆڤدا هەڵایسا، هـەروەها لەڕووبەڕووبوونـەوەی ژێرخـان و سـەرخانەوە، بـەڵام ئەولەویـەت بەبـەردەوامیی بـۆ ماتریـالی و ئـابووری و واقیعییـە. ئـەنگلز لەتوێژینـەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکانیـدا سـەلماندی کـەمرۆڤ لەڕەچـەڵەکەوە مەیموونـەو بـەهۆی کـارەوە گۆڕاوە بەمرۆڤ، مارکسیش دووبارە ئـەوەی سـەلماندەوە، کاتێـك لـەڕووی فەلـسەفییەوەو لەمیانـەی جەختکردنـەوەی کێـشەی دیالـەکتیکیی مـرۆڤ لەگـەڵ سروشـت و کۆمەڵگـە مرۆییەکەیدا کە بەدەرکەوتنی موڵکداریی تاکەکەسی و تایبەتمەنـدی کـارکردن، دیـاریکرد، بـەڵام ئـەو کێـشەیە بەوشـێوە بـەربڵاوە نـەبوو لەکۆمەڵگـەکانی کۆمۆنـەی سـەرەتایی و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیدا، وەك ئەوەی لەکۆمەڵگـەی سـەرمایەدارییدا هـەبوو. کێـشەی کرێکـاران لەگـەڵ بۆرجوازییەتـدا بـووە کێـشەیەکی دیالـەکتیکی سـەبارەت بـەماف و دەسکەوت و زیادەبەهاکان، ئەم کێشەیەش بنبڕنابێت، تـەنیا بەسـەرکەوتنی کۆمەڵگـەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی نەبێت، کەتیایدا موڵکداریی تایبەت هەڵدەوەشێتەوە، پاشان چینی پرۆلیتاریـا دەگاتـە دەسـەڵات و هۆکـانی بەرهـەمهێنان بـەڕێوەدەبات. ئـەم دیـدو بۆچـوونانە لای رایمـۆن ئـارون رەتکرانـەوە، چـونکە بـاوەڕی بەپێکـەوە ژیـانی چـینە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو، هەروەها ئالتۆ سێری خوێندکاری هەوڵیدا دیالـەکتیك بەشـێوازی بونیادگەرانەو زانستیی پێگەیشتوو بخوێنێتەوە بۆ راسـتکردنەوەی ئـەو هەڵانـەی مـارکس تێیانکـەوتبوو. بۆچـوونەکانی مـارکس سـەرکەوتوونەبوون لەمیانـەی داڕمـانی یـەکێتیی سۆڤیەت و گۆڕانی بۆ ئابووری بازاڕ، پیادەکردنی کرانەوە بەڕووی سەرمایەداریی لەچینی

کۆمۆنیزمیدا، لەبەریەکهەڵوەشانی زوربەی دەوڵەتە سۆشیالیستییەکان و ئاراستەبوونیان بەرەو رەوتی لیبرالی لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگیریی و رێکەوتننامەی زمانەکان.

هەندێکیش هەن نکوڵیی لەدیالەکتیك و کێشەی دیالەکتیکی دەکەن و مێژوو دەوەستێنن و ئاماژە بەکۆتاییهاتنمان دەدەن، وەك ئەوەی لای بیریاری یابانی فۆکۆیاما دەیبینین. لەم سەردەمانەی دواییشدا گوێبیستی کێشەی دیالەکتیکی نێوان شارستانییەکان دەبین، وەك لەکتێبی (پێکدادانی شارستانییەکان)ی سەمۆئیل هینگتۆن، کە لەو کتێبەدا سەلماندویەتی لەپاشەڕۆژدا جەنگی نێوان شارستانییەتەکان بەرپادەبێت، لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، لەنێوان ئاین و ماتریالیزمی خۆرئاواییدا.

## ٢- چەمکی دەسەڵات:

دەسەڵات ئەو کۆمەڵە یاسایەیە کەحوکمڕان و حوکمکراوەکان ناچاردەکات پابەندی بن. هەروەها بریتییە لەکۆمەڵێك ماف و ئەرك کە کۆمەڵگەو چینی فەرمانڕەوا لەچوارچێوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی، یان وازهێنانی گەل لەکۆمەڵێك لەمافەکانی بەشێوازێکی هەمەکیی یان رێژەیی بۆ فەرمانڕەوا پابەندیدەبن، لەبەرامبەر دەستەبەرکردنی پێداویستییە ژیانییەکانی وەك کارو فێرکردن و ئازادیی و ئاسایش و نیشتەجێبوون، لەلایەن فەرمانڕەواوە، بەڵام دەسەڵاتداریی بەردەوام وەك خەون و ئاواتی هەموو تاکێك دەمێنێتەوە، چونکە پەیوەستە بەدەسکەوت و شوێنگەی باڵای کۆمەڵایەتی و سامانی بێئەندازەوەو مرۆڤ لەئاستی نزمەوە بۆ بەرزترین ئاست دەگوێزێتەوە. ئارەزوومەندی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتداریی دەبێتە پزیسکی کێشەو جەنگ و کودەتا سیاسیی و سەربازییەکان و دروستکردنی جیاوازیی چینایەتی و هەرەمیی و پەیداکردنی کینەی کۆمەڵایەتی کرێکاران و جوتیاران و پیشەوەران و شوان و کارمەندان دژ بەرۆشنبیران لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە دژ بەدەسەڵاتداران.

دەسەڵات لەسەر دوو پێوەری بنەڕەتیی پێکدێت: بەرژەوەندی مادیی و چێژی ویژدانیی. لەوەشەوە، دەسەڵات لەقۆناغی سروشتدا پشتی بەهێزو دڵڕقیی و چەوساندنەوەو توندوتیژیی سروشتی دەبەست و ئەوساش ژیان بۆ بەهێزترین بوو، هەمووان دژ بەهەمووان دەجەنگان، هەروەك هۆبز لەکتێبی (التنین- ئەژدیها)دا ئاماژەی پێدەدا، بەمشێوەیە مرۆڤ لەجیهانی سروشتدا بووە بەگورگ بۆ مرۆڤی برای. ئەمە بوو

پاڵی بەفەیلەسوفەکانەوە نا بۆ بیرکردنەوە لەکۆمەڵگەیەك کە یاساو بنەماو زانست و ڕێزگرتنی بەرامبەر حوکمی بکات و باڵاپێکردنی کۆمەڵگەش بۆ کۆمەڵگەی دەوڵەت و سەروەریی دەسەڵات و بنیادنانی دەوڵەتی ماف و یاسا، وەك لای جان جاك ڕۆسۆو کلۆد لیڤی شترۆس و هنری میشۆو بەنجامین کۆنستان، دەیبینینەوە. لێرەوە ئاخاوتن لەسەر دووجۆر دەسەڵات سەریهەڵدا: دەسەڵاتی ناچارکردن و زۆرداریی، وەك ئەوەی لەکۆمەڵگە دیکتاتۆریی و کۆلۆنیالیەکاندا هەیە، هەروەها دەسەڵاتی پابەندبوون و ماف، کە لەسەر ڕێزگرتنی ئازادییەکان و یاساو حوکمکردن بەعەقڵ بنیادنراوە، وەك لەکۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا هەیە.

چەمکی دەسەڵات بەستراوە بەچۆنییەتی دەسەڵات و دەسەڵاتدارو دەسەڵاتدارییەتی جێبەجێکردنەوە، ڕەنگە دەسەڵات بۆماوەیی بێت یان بەمەشورەت بێت، یان لەوانەیە دیکتاتۆریەتی ڕەها یان دیموکراتی یان ئەرستۆکراتی یان تیۆکراتی یان بیرۆکراتی یان ئۆلیگارشی (حوکمی کەمینە) بێت، ئەمەی دواییان لەزوربەی جارەکاندا بەدەمامکی ئایدیۆلۆجی یان دیماگۆجی ڕوپۆش دەکرێت و پشت بەخۆسەپاندن و زۆرلێکردن و ناچارکردن دەبەستێت لەحوکمدا، کە دەبێتە هۆی بەرەنگاربوونەوەی پەیوەندی فەرمانڕەوا بەژێردەستەکانییەوە، یان پەیوەندی سوڵتان بەرەمەکی خەڵکەوە، لێرەوە ڕێنماییە سوڵتانییەکان یان سیاسەتی شەرعییەت سەرهەڵدەدات بەمەبەستی خستنەژێر باری دەستوورو یاساکان، عورفی بن یان نوسراوە، ڕەق و وشك بن یان نەرم، لەپێناو زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەچوارچێوەی ماف و ئەرکەکاندا. کاتێکیش کەمینەی دەسەڵاتدار دەچەسپێن، ئیتر لەڕێگەی دامەزراندن یان هەڵبژاردنەوە بێت، بڕیاری سەرەتاو کۆتایی لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکەوێتە دەست خۆیان، دیموکراتیانە بێت یان چەوسێنەرانەبێت کەپشت بەتێکشکاندن و چەوساندنەوەو ئازاردان و کپکردنی ئازادییەکان و نەفیکردن و گرتن و دەستبەسەراگرتنی مافەکانی مرۆڤ و موڵکەکانیان، دەبەستێت.

فاولەر پێناسەی دەسەڵات بەوە دەکات کە: (توانای کەسەکان و دامەزراوەکانە لەچاودێریکردنی ڕەفتارو ژیانی ڕۆژانەی کەسانی دیکە... ئەمەش دەبێتە هۆی نوێنەرییکردن لەپەیوەندییەکاندا.) واتە دەسەڵات فەرمان و نیازە باڵاییە بەردەوامەکانە،

کـە لەسـەرەوە لای فـەرمانڕەواوە ئاراسـتەی گـەل و جـەماوەری میللـی دەکرێـت بـۆ جێبەجێکردنیان، یان چاودێریی کەسانی دیکەو لێپێچینەوەی ڕۆژانەیانە، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کێشەی دیالێکتیکی و چینایەتی لـەنێوان فـەرمانڕەوایان و فەرمانپێکراوانـدا، لەمیانەی ویستە هەستی و نەستییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی.

دەسـەڵات بەسـتراوەتەوە بەشـێوازی جێبـەجێکردنی بڕیارەکـان و لەگـەڵ چـەندین چـەمکدا بـەناو یەکدادەچـن، وەك: مـاف، یاسـا، ئـازادیی، دادپـەروەریی، دامـەزراوەیی، سیـستم، شـەرعییەت، یـەك لـەدوای یـەکی هـەرەمی دەسـتوریی و پابەنـدبوون بەهـەموو شـتێکی رەسمـی و سیاسـیی، لەجێبەجێکردنیـشدا پـشت بـەهێزی مـادیی و واتـایی دەبەستێت، هەمووشی دەچێتە ناو سیستمی دەسەڵاتدارێتیی فەرمانڕەواوە، جا شـا یـان سـەرۆك یـان ئـەمیر بێـت، پاشـان حکومـەت دێـت بەدەسـتە وەزارییەکـەی و پەلـەکانی جێبەجێکردنییـەوە، هـەر لەسـەرەوەی هـەرەمی دەسـەڵاتەوە تـادوا بندەسـت بەهـەموو دامـەزراوەکانی یاسـادانان و دادوەریـی و پەرلـەمان، لـەوێوە بـۆ خـوارەوە تـا بـچوکترین فەرمانبەری حکومیی و یەکـەکانی دامـەزراوەکان، هـەموویان دەبنـە یەکـەی جێبـەجێکار لەسیـستمی دەسـەڵاتدا، لەبەرامبەریـشدا گـەل و کۆمەڵگـەی مـەدەنی و ڕۆشـنبیران و سەندیکاکان دەبینین.

### ٣- چەمکی ڕۆشنبیر:

ئاشکرایە شارستانییەت ئاکامی بەرهەمی مرۆڤە کە بەسـتراوە بەئەرککێشانی مـرۆڤ و کاری بێکۆتاو زەمـەنی مێـژوویی. شارسـتانییەت لەسـەر دوو پێگـەی دیـار دادەمـەزرێت: پێگەی مـادیی کـە تەکنەلۆجیایـە، پێگـەی واتـایی کـە لەڕۆشـنبیرییدا بەرجەسـتەدەبێت. بنیادنانی شارسـتانییەت، بەدرێـژایی مێـژوو پێویـستی بـەکارو بەرهـەمهێنان و ئەفرانـدنی چرِوپڕو بەردەوامە، تا دەگاتە ئاستی چنینەوەی بەرهەمە مادیی و واتاییەکانی.

کەواتە ڕۆشنبیریی بریتییە لەهەموو ئەوانەی پەیوەستن بەزانستەکان و هونەرو ئەدەب و ئایدیۆلۆجیاو پیشەسازییە تەکنیکیی و ئاینـەکان. بەواتایـەکی دیکـە ڕۆشـنبیریی: (لـەو کۆمەڵە ئاڵۆزە پێکدێت کە زانیارییـەکان و بیروباوەڕەکـان و هونـەرو ئاکـارو خوونـەریت و هەموو تواناکان و ئەزموونەکانی دیکـە دەگرێتـەوە، کـەمرۆڤ وەك تاکێـك لەکۆمەڵگەیەکـدا بەدەستیدەهێنێت). ئەمەش واتای ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی هەموو داتا فکریی و سـۆزداریی

و مادییەکان لەخۆدەگرێت. (ئەنوەر عەبدولـمەلیك)ی توێژەر لەو بوارەداو لەپێناسەیەکیدا دەڵێت: (هەموو شتێك کە بەرجەستەی ئەزموونی مرۆڤ بێت- شیعر بێت، یـان پەخـشان یان رەنگ یان میلۆدی یان شێوە یان وێنە، هەموو دەبڕینێك، شێوەو چۆنیەتی و ئامـانج و رەسەنایەتی و رەگەزی هەرچییەك بێت، هەموو شتێك کە لەتوانایدا بێت رەوشـی مـرۆڤ لەخوودی خۆیەوە دەربکات بۆ گۆڕەپانی ئیدراك و چێژوەرگرتن و کاریگەرییەتی).

ئەگەر مرۆڤە سەرەتاییەکان پەنایان بردووەتە بەر وابەستەیی سروشـت و یاسـاکانی و هێزی ئەفسانە یان (میتۆس)، ئەوا گەلانی شارستانیی پەنایان بردووەتە بـەر رۆشـنبیریی و لۆگـۆس. وشــەی (یەکـدی رۆشــنبیرکردن- المثاقفـة -Acculturation) کـردەی تواندنەوەی شارستانییەتەکان و گۆڕینەوەی زانیاریی و رۆشـنبیرییەکانە لـەنێوان گەلانـدا لەڕێگـەی بەریەککـەوتنی رۆشـنبیریی و وەرگێـڕان و تێـڕوانین لـەڕای ئەویـدی. هـەروەها رۆشنبیریش ئەو کەسـەیە بـەکاری زیهنیـی و فیکریـی هەڵدەسـتێت و ئـەدەب و زانـست و هونەر بەرهەمدێنێت و تەکنەلۆجیا دادەهێنێت. رۆشنبیر بەو کەسەش پێناسە دەکرێت کە دەلالەتەکانی گۆکردن و بینین بەرهەمدەهێنێت، لەشاعیران و پەخـشاننوسان و نووسـەرو موزیـسیان و فەیلەسـوف و شـێوەکارو سـینەماکارو شـانۆکارو... هتـد، ئەمـەش بەڵگـەی تــەواوە لەســەر جۆراوجــۆری بەشــەکان و جەمــسەرو رێبازەکــانی رۆشــنبیریی لــەنێوان مرۆڤەکانـدا. هـەروەك (ئـەنوەر عەبدولــمەلیك) جیـاوازی نێـوان رۆشـنبیرو رۆشـنبیرکار دەکات، گرووپی یەکەم لەڕۆشنبیران خوێنەوارە ئاسایییەکانن کەپیشەیان کارە زهنییەکانە، هـەر لەپـەروەردەکارو خوێنـەرێکی ئاسـایییەوە تاکارمەنـدێکی بـالا. واتـە هـەموو کەسـێك خوێندنـەوەو نووسـین بزانێـت، بـەڵام توانـای پێـشڕەوییکردنی کۆمەڵگـەو رۆشـنبیرکردنی خەڵکی نەبێت بەهۆی نەبوونی داهێنان و بەرهەمی فکرییەوە. هەرچی گرووپـی دووەمیـشە واتـە رۆشـنبیرکار، مەبەسـت لێـی ئەوانەیـە کـە: لـەو کارانـەدا سـەرقاڵن کەهـەوڵ بـۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دەدەن لەناو جـەماوەری بەرفراوانـدا واتـە ئەوانـەی دەیانـەوێت گرووپی یەکەم (رۆشنبیر) پێکبهێنن.

سەرچاوەکانی رۆشنبیریی لای رۆشنبیری روناکبیر، بریتیین لەسەرچـاوەی سروشـتیی لەمیانی وەبـەرهێنانی سروشـت و کێـشەی دیالـەکتیکی لەگەڵیـدا بـۆ دەستبەسـەراگرتنی بەمەبەستی رەواندنەوەی ترس لەکارەساتە ترسناکەکان کە هەڕەشـە لـەژیان و مانـەوەی

مرۆڤ دەکەن. ئەو کێشەیەش بەتەنیا رەگەزە سروشتییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ کێشە ناوەکییەکانیش تێپەڕدەکات، هەروەها کێشەی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەکەی و رەگەزی بەرامبەری کە ژنە، ئەمە جگە لەکێشمەکێشی کۆمەڵایەتی و چینایەتی. ئامانجیش لەرۆشنبیریی بەدەستهێنانی چێژوەرگرتنی ویژدانیی و بەرژەوەندی مادییە، واتە رۆشنبیر دژیەکی هەست و نەست و بێبەشبوون دەردەبڕێت لەسەر ئاستی دابینکردنی ئارەزووەکان و ویست و تێرکردنی مادییان. لەوەشەوە رۆشنبیریی قەرەبوی کەموکورتیی و بێبەشیی و کپکردنە. رۆشنبیریی لەپاڵ چێژو بەرژەوەندیدا پێویستی بەدوالیزمەی دیکەی وەك: یاریکردن و کارو شێوەو ناوەرۆك و عەقڵ وسۆزە. توێژەر (بوعەلی یاسین) دەڵێت: (رۆشنبری ئەدیب یان هونەرمەند ناوەرۆك یان شێوە پێشکەش ناکات، بەڵکو بەرژەوەندی و تێرکردنی ئارەزوو پێشکەشدەکات. هیچ کارێکی هونەریی بێ ناوەرۆکی رۆشنبیرکردن یان چێژدان نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لەپێشکەوتنی ناوەرۆك یان شێوەدایە. ئەگەر کێشەی چینایەتی نەبوایە، واتە ئەگەر ئیستغلال و چەوساندنەوە لەپێکهاتەی کۆمەڵگەکانماندا نەبوایە، لەگەڵ هیچ کەسێکدا جیاواز نەدەبووین دەربارەی ئەوەی شێوە تاکە پێوەرە لەرەخنەی هونەریی و ئەدەبیدا. راستر بڵێین ئەگەر کێشەی چینایەتی نەبوایە، جیاوازی نەدەبوو لەنێوان ناوەرۆك و شێوەدا، ئەوکاتەش پێوەری جوانیی لەجەوهەردا یەك دانە دەبوو لەهەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان لای هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان لەقۆناغێکی دیاریکراودا).

رۆشنبیری پیشەگەر یان تاك و تایبەتمەند یان ئینسکلۆپیدیایی جیاوازە لەرۆشنبیری میللی، کەکارەکتەرێکی دەستەییەو پشت بەیادەوەریی بەکۆمەڵ دەبەستێت و لەهەگبەیدا خەم و ئازارەکانی چینی زەحمەتکێشی هەڵگرتووەو بەشێوازێکی خۆرسکانەی ساویلکەو شۆرشگێڕانە دەریدەبڕێت، یان لەدەربڕینەکانیدا گوێڕایەڵی دەسەڵات و دەستەی فەرمانڕەوایە، لەترسی سەرپێشۆڕکردنی. لەگرنگترین خەسڵەتەکانیشی گێڕانەوەی دەستەیی و یادەوەریی و دێرینی و واقیعیبوون و سەرزارەکیی و نەنوسینەوەیە.

لەکاتی توێژینەوە لەچەمکی رۆشنبیر پێویستە گرنگی بەخودیی و بابەتیبوون بدرێت. بەرهەمەکانی لەرووی ئاسۆیی و ستونییەوە لێکبدرێتەوە، ئەمەش بەبەستنەوەی ئەوەی

ڕۆشنبیریی و هونەریی و جوانکارییە، بەژێرخانی مەرجەعیەتی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی دیدی ئایدیۆلۆجییەوە. لەکاتی قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیر پێویستە هەندێك بنەما دیاریبکرێت کەدەکرێت لەم ڕەگەزانەدا دەستنیشانیان بکەین:

١- ژینگەی چینایەتی ڕۆشنبیر لەکاتی گەشەکردنیدا.

٢- ئاستی چینایەتی هەنوکەیی ڕۆشنبیر، واتە ڕەوشی کۆمەڵایەتی ئێستاو دوارۆژی، کەڕەنگە لەگەڵ ژینگە ڕەسەنەکەیدا نەگونجێت.

٣- وەعی چینایەتی، ئەویش وەعی سیاسیی و کێشە چینایەتییەکان و وەعی خۆیی و هەڵوێستی ڕۆشنبیرە لێیان.

٤- هەڵوێست یان پێگەی ئایدیۆلۆجی، کەدەبێت وابەستەبێت بەوەعی چینایەتییەوە، یان دەبێت سەربەخۆ بێت لێی، بگرە دەبێت لەئەزموونێکی چینایەتییەوە سەرچاوەیگرێت کە لەدەروونیدا ڕەگی داکوتابێت و ئەکتیڤبێت.

بۆ پاڵپشتیی ئەم چوار ئاماژەیە وتەیەکی نووسەری ئەمریکی (ئۆدیتس ١٩٠٦-١٩٦٣) دەهێنینەوە، کە لەبەردەم لیژنەی کۆنگرێس بۆ چالاکی ئەمریکی خوێندییەوەو لەبەشێکیدا دەڵێت: (بەردەوام هەوڵمداوە بنوسم، نەك لەبارەی تەنیا بابەتێکەوە کە وابەستەبێت بەلایەنێکی خودی خۆمەوە، بەڵکو لەبابەتگەلێکی تەوەرەیی پەیوەست بەخودی ژیانمەوە، بیرمە لەدوا دیدارماندا بڕیارمدا، کە ئەگەر من بەرامبەر هەندێك هەڵوێستی دیاریکراو لەهەژاریی، هەڵچووبم، لەبەرئەوەیە کەدایکم کاتی خۆی لەفیلادلفیاو لەتەمەنی یازدە ساڵییەوە لەکارگەیەکی گۆرەوی دروستکردن کاریکردووە، تا وەك ژنێکی تێشکاو وپیر لەتەمەنی ٤٨ ساڵیدا مردووە، بۆیە دەڵێم: گەورەم، کاتێك من دەنووسم، ئەوە لەپێگەیی کۆمۆنیستیمەوەیە).

ئەم دەقە زۆر بەڕوونی ئاماژە بەژینگەی ڕەسەن و ڕەوشی ئێستای ڕۆشنبیر دەدات، هەروەك وەعی چینایەتی و ئایدیۆلۆجیەکەشیمان بۆ ئاشکرادەکات.

### ٤- پۆلینکردنی ڕۆشنبیران:

چەندین پۆلینکردن بۆ ڕۆشنبیران هەیە، کە ئاماژەن بەزۆریی سەرچاوەو جیاوازیی لەدیدە فیکریی و ئایدیۆلۆجییەکانی خاوەنەکانیان. بەزۆری ڕۆشنبیر بەچینی ناوەڕاست یان مامناوەند دادەنرێت، چونکە چینێکە لەناوەندی چینی باڵا، کەخاوەنی دەسەڵات و

نفوزو سامان و بڕیارە، لەگەڵ چینی خوارەوە، کەچینی پرۆلیتارەو لەجوتیارو کرێکارو شوان و پیشەوەران پێکهاتووە. رۆڵی ئەم چینە، واتە رۆشنبیران، بەئاگاهێنانەوەی جەماوەری میللیی و رۆشنبیرکردنیان و ئامادەکردنیانە، چونکە رۆشنبیران رۆڵی پێشڕەویان هەیە لەئاراستەکردنی کۆمەڵگەو رێنماییکردنیدا. گرنگیی پەیامی رۆشنبیر لێرەوەیە، کەپەیامێکی پیرۆزەو پڕە لەبەرپرسیارییەتی مەزن، بەڵام رۆشنبیر بەبەردەوامی مەیلی بۆ لای چینی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش نییە، چونکە هەندێکجار چاوی لەچینی فەرمانڕەوایە بۆ سوودمەندبوون لەبەرژەوەندییە مادیی و مەعنەوییەکان، بەمشێوەیەش لەڕووی چینایەتییەوە بەرزدەبێتەوەو دەبێتە زوڕنای دەسەڵاتی زۆرەملێ و بانگهێشتکاری ئایدیۆلۆجیاکەی، بەمەبەستی چەواشەکردن و پاساوهێنانەوەو شەرعیەتدان بەڕژێم و کارەکانی دەسەڵاتداریتی فەرمانڕەوا. لەمکاتەشدا رۆشنبیر کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیای چینی دەسەڵاتدار دەکات و بەشداردەبێت لەچەوساندنەوەو ئیستغلالکردن.

بەشێکی دیکەش لەڕۆشنبیران گوزارشت لەچینە کۆمەڵایەتییەکەیان دەکەن و لەپێناویدا تێدەکۆشن، بگرە هەندێك هەبوون خۆیان سەر بەچینی باڵاو خانەوادەکان بوون، بەڵام لایەنی گەلیانگرتووە، بۆئەوەی بەرگریی لەخەڵکی زەحمەتکێش بکەن، لەوانە: بلزاك لەڕۆمان و نوسینە مەزنەکانیدا، شکسپیر لەزوربەی شانۆگەرییەکانیداو گۆتە لەشانۆگەریی (فاوست)دا. ئەمانە سەرباریی ئینتیمای خۆیان کە لەچینی دەرەبەگەکان بوون، بەڵام لایەنی چینی بۆرجوازی تازەپێگەیشتووی ئەو سەردەمەیان گرتووە، کە بۆ ئازادیی و پاشەڕۆژی گەش تێدەکۆشان، هەروەها کەسێکی وەك ئیبن خەلدوون کەخۆی لەگەڵ سوڵتانەکان لەکۆشکەکاندا دەژیا، بەڵام بەردەوام بەرگریی لەچینە چەوساوەکان دەکرد.

کەسانێکیش لەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە رۆشنبیر پۆلیندەکەن، رۆشنبیری دواکەوتوو لەبەرامبەریشیدا رۆشنبیری شۆڕشگێڕ، یان رۆشنبیری موحافیزکار لەبەرامبەر رۆشنبیری پێشکەوتووخواز، یان رۆشنبیری سۆشیالیستی لەبەرامبەر لیبرالی، راستڕەو لەبەرامبەر چەپڕەو، رۆشنبیری تێکۆشەری دڵسۆزو راستگۆ لەبەرامبەر رۆشنبیری ساختە.

هەندێکیش بەپێی هەرەمی کۆمەڵایەتی پۆلینیانکردووەو دەڵێن رۆشنبیری چینی باڵاو رۆشنبیری چینی ناوەندو رۆشنبیری چینی خوارەوە.

## پۆلینکردنی رۆشنبیران لەرۆژئاوا:

زوربەی توێژەرو فەیلەسەفەکان هەوڵی پۆلینکردنی رۆشنبیرانیانداوە بەپێی دیدو ئایدیۆلۆجیاو بۆچوونی فیکریی و سیاسیی و حزبیان. بۆ نموونە ئاماژە بەمانە دەدەین: مارکس، ئەنگلز، لۆکاش، لوسیان گۆلدمان، ئەنتۆنیۆ گرامشی، کارل مانهایم و گۆرڤیچ و چەندانی دیکە.

جۆرج لۆکاش پۆلینی واقیعیانەی تێکەڵ بەماتریالیزمی دیالەکتیکی پێشکەشدەکات، کاتێك رۆشنبیرە داهێنەرەکان پۆلیندەکات بەسەر، رۆشنبیری نموونەیی، وەك لەرۆمانی (دۆنکیشۆت) ی سێرڤانتیس، کەتیایدا خود لەواقیع بچووکتر دەبینینەوە، هەروەها رۆشنبیری رۆمانسی کەتیایدا خود لەواقیع گەورەترە، وەك لەرۆمانی (پەروەردەی سۆزداریی) فلۆبێردا هەیە، یان رۆشنبیری ئاشتیخواز، کە لەگەڵ واقیعدا خۆی دەگونجێنێت، وەك لەرۆمانی (سنوات تعلم فلهلم مایستر)ی گۆتەدا هەیە، بەڵام لۆکاش بەرگریی لەجۆرێکی دیکەی رۆشنبیر دەکات ئەویش رۆشنبیری کارای سۆشیالیستە، کەتۆلستۆی بەنموونە دادەنێت، کە چەند رۆمانێکی پاڵەوانی کارای بەکۆمەڵی بەرهەمهێناوە.

لوسیان گۆلدمان لەپێگەی بونیادی پێکهێنەرانەوە پۆلینێکی دیکە پێشکەشدەکات کە ئەدەب بنەڕەتیەتی، بەوپێیەی زەمینەیەکی ئیستاتیکایی سەربەخۆیە لەگەڵ واقیعی سۆسیۆئابووریی، لەمیانی تەرکیزکردن لەسەر رۆشنبیر کەهەڵگری چەندین بەهای رەسەنایەتی بێت و بیەوێت بیسەپێنێت بەسەر واقیعیی خراپەکاریی و لەهەوڵی تێکوپێکدانی ئەو بەها خراپانەدا بێت کە پەیوەستن بەبازاڕی سەرمایەداریی و بروایان تەنیا بەکەلەپەل و بازرگانی و پەرستنی شتەکانە لەسەر حیسابی بەها رەسەنەکان. رۆشنبیریی (اشکالی) لەم تێڕوانینە بونیادگەرییەدا دەبێتە دیالەکتیکی نێوان خودو بابەت و دەبێتە کۆکەرەوەی خەسڵەتە ئەرێییەکان بۆ بەرگریکردن لەبەها رەسەنەکان. خەسڵەتە نەرێییەکانیش ئەوەیە سەرکەوتوونەبێت لەکارەکەیدا کە گۆڕینی واقیعە، لەو حاڵەتەشدا بەرای میشیل زیرافا دەبێتە کەسێتییەکی نەگەتیڤ لەرۆڵی هاندان و گۆڕاندا.

ئـەنگلزو مـاركس دوو جـۆر زەمينـەيان جياكردوەتـەوە: زەمينـەی سـەرخان كەئـەو رۆشنبيرانە نموونەين كەخاوەنی ئايديۆلۆجيان، زەمينەی ژێرخان كـە لەلايـەنی مادييـەوە دياريكـەريی وەعـی رۆشـنبيران و پێگـەی فيكريـی و كۆمەڵايەتيانـە. ئەمـەش ئـەوە دەگەيـەنێت كـە رۆشـنبيريی بەرهـەميی واقيعـی ماتريـالی و ئـابووری و كۆمەڵايـەتی وسياسييە. ماركس لەپێشەكی كتێبـی (بەشداريی لەڕەخنەی ئابووريی سياسيدا) دەڵێت: (مرۆڤـەكان دەچـنە نـاو هەنـدێك پەيوەنـدی ديـاريكراوی پێويـستەوە بـەدەر لـەئيرادەی خۆيان، ئەوانە پەيوەندييەكانی بەرهەمهێنانە كە لەگەڵ ئاستێكی دياريكراوی گەشەكردنی تواناكـانی بەرهــەمهێنانی ماديانــدا دەگونجێـت، ســەرجەمی ئــەو پەيوەندييانـــەی بەرهـــەمهێنان بونيـادی ئـابووری كۆمەڵگـە پێكـدەهێنن، واتــە ئـەو پێگـە ئاشـكرايەی كـەبونيادی سـەرخانی ياسـايی و سياسـيی لەسـەر دروسـتدەبێت و هەنـدێك شـێوازی ديـاريكراوی وەعـی كۆمەڵايـەتی لەگەڵـدا دەگونجێـت. بەشـێوەيەكی گـشتی شـێوازی بەرهەمهێنانی ژيانی ماتريالی، بەردەوامی ژيانی كۆمەڵايەتی و سياسی و فيكری رادێنێت، نەك وەعی خەڵك بوونيان دياريبكات، بەڵكو بـوونی كۆمەڵايـەتييان وەعيـان دياريـدەكات، هێزە بەرهەمهێنە مادييەكانی كۆمەڵگە لەقۆناغی گەشـەكردنيدا، دەبێتـە دژەوانـە لەگـەڵ پەيوەنديیە باوەكانی بەرهەمهێنان، يان لەگەڵ ئەوەی تەنيا گوزارشتێكی ياساييە لێيـان، واتە پەيوەندييەكانی خاوەندارييەتی كە ئەو هێزانە تا ئەو قۆناغە تيايدا لەگۆڕاندا بوون و ئەو پەيوەندييانە شێوەيەكی پێشكەوتنی ئەو هێزانەی بەرهەمهێنان بوون، ئێستا دەبنـە كۆتوبەند لەبەردەميدا.

بەمشێوەيە ماوەی شۆڕشی كۆمەڵايەتی دەسـتپێدەكات، گـۆڕان لەبنكـەی ئابووريـدا، گۆڕانی تاڕادەيەك خێرا لەبونيادی سەرخاندا دروستدەكات، لەكاتی دەستنيشانكردنی ئەو گۆڕانانەشدا پێويستە هەميشە جياوازی بكرێت لـەنێوان گـۆڕانی ماتريـالی بـارودۆخی ئـەو بەرهەمهێنانە ئابوورييانەی دەكرێت بەشێوازێكی زانستی و پتـەو ديـاريبكرێن، لەلايـەك و لەلايــەكی ديكەشــەوە لەگــەڵ شــێوەكانی ياســايی و سياســيی و ئــاينيی و فەلــسەفيی، بەكورتييەكەی ئايديۆلۆجيا، كەتيايدا مرۆڤ گرنگی بەو چاودێرييە دەدات كەبەرەو كۆتـايی دەبات. وەك چۆن تـاك پـشت بـەو بيرۆكەيـە مـەحكوم ناكرێت كـە لەسـەر خـودی خـۆی هەيەتی، هــەرواش ناكرێـت حـوكم بەسـەر مـاوەی گۆڕانـدا بـدرێت بەپـشتبەستن بـەوەعی

خۆیی، پێویستە بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، راڤەی ئـەم وەعیـە بەدژەوانـەکانی ژیـانی ماتریـالیی بکرێـت، واتــە بەگونجانــدنی هــەبوو لــەنێوان هێزەکــانی بەرهــەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا).

ئەگـەر کـارل مـارکس تـەرکیزی لەسـەر هۆکـارە ماتریـالیی و ئابوورییـەکان بـووە لەجولاندنی زەمینـەی سـەرخان و بەرجەسـتە رۆشـنبیرییەکاندا، ئـەوا مـاکس فیبـەر دەرکەوتنی فیکری سەرمایەداریی دەگێڕێتەوە بۆ پاشـخانە ئـاینیی و پرۆتـستانتییەکان، پاشان بەرگریی لەهۆکارە رۆحیی و ئاینییەکان دەکات لەجولاندنی ماتریالیزمی مێـژوویی، ئەم تیورەش تەواو پێچەوانەی تیۆرییەکەی مارکسە.

ئەنتۆنیۆ گرامشی بەیەکەمین تیۆریستەی رۆشنبیرو رۆشنبیران دادەنرێت، دیـدگاکانی مارکس و ئەنگلز وەردەگرێت و چـەمکی دەسـتەی مێـژوویی (الکتلـە التأریخیـە) لەدیـدی یەکێتی بابەتییەوە تەوزیفدەکات، لـەنێوانی بونیـادی سـەرخان و بونیـادی کۆمەڵایەتیـدا، (بونیادو بونیـادی سـەرخان دەسـتەیەکی مێـژوویی پێکـدێن، بـەو واتایـەی کەسـەرجەمی لێکدراوە دژیەکەکانی بونیادی سـەرخان، شـکانەوەی سـەرجەم پەیوەندییـە بەرهەمهێنـە کۆمەڵایەتییەکانـە، ئـەم شـیکردنەوەیەش پـشت بـەکارلێکردنی زەروری نێـوان بونیـادو بونیادی سەرخانە (ئەم کارلێکردنەش خودی کردەی دیالەکتیکی راستەقینەیە)).

بـەپێی گرامـشی بونیـادی سـەرخان دوو ئاسـتی بنـەڕەتیی هەیـە، کـە نـاوی نـاون: کۆمەڵگـەی مـەدەنی و کۆمەڵگـەی سیاسـیی. دەتـوانین دوو نهـۆم لـەبونیادی سـەرخان دیاریبکەین، یەکەمیان ناوی نهۆمی کۆمەڵگەی مەدەنییە، واتە سـەرجەمی دامـەزراوەکانی کە بەدامەزراوەی تایبەت ناودەبرێن، دووەمیشیان نهۆمی کۆمەڵگەی سیاسیی یان ئـەرکی سەرکردایەتیکردنە، کەحکومەت و حکومەتی یاسا بەرجەستەی دەکات.

گرامشی دووجۆر رۆشنبیر پۆلیندەکات: رۆشنبیریی ئەنـدامیی و رۆشـنبیری تەقلیـدی، رۆشنبیری ئەندامیی ئەو رۆشنبیرە پێشکەوتوخوازەیە کە بەرگریی لەچینە کۆمەڵایەتییـە روناکبیرەکـان دەکـات و بانگەشـەی پێـشکەوتن و پێـشڤەچوون دەکـات و گوزارشـت لەدەستەی مێژوویی ماتریالیی نوێ دەکات، هەرچـی رۆشـنبیری تەقلیدیشە، ئەوەیـە کـە هێـشتا بـەرگریی لەچـینە کۆمەڵایەتییـە موحافیزکـارە بەسەرچـووەکان دەکـات کـە لەسـەروبەندی دۆڕانـدان: (هـەموو چـینێکی کۆمەڵایـەتی لەبنەڕەتـدا لەسـەر زەمینـەی

ئـەركێكی بنـەڕەتی لـەجیهانی بەرهـەمهێنانی ئابوریـدا لەدایكـدەبێت، لەهـەمانكاتی لەدایكبوونەكەشیداو بەشێوەیەكی ئەنـدامیی توێـژ یـان چـەند توێـژێكی ڕۆشـنبیرانیش لەدایكدەبن، كەدەبنە ڕێنیشاندەری چوونیەكبوون و وەعی ئەركە تایبەتەكەی، نـەك هـەر لـەبواری ئابووریـدا، بـەڵكو لەهـەموو بوارەكـانی سیاسـیی و كۆمەڵایەتیـشدا: (بـۆ نموونـە خاوەن كارگەیەكی سەرمایەدار، ئەندازیاری پیشەكەو زانای ئابووری سیاسیی و ڕێكخەری ڕۆشنبیریی نوێ و... هتد، لەگەڵ خۆیدا دروستدەكات).

لەجیهانی عەرەبیشدا لـەدوا نـشوستی شـەڕی ١٩٦٧ چـەندین لێكدانـەوە بـۆ چـەمكی ڕۆشنبیر دەركەوتن و لەگەڵیشیاندا هەندێك پۆلینكردن بـۆ ڕۆشـنبیران دەركـەوت، لێـرەدا ئاماژە بەوەی توێـژەر بوعـەلی یاسـین دەدەیـن كـە لەكتێبـی (ینـابع الثقافـة و دورهـا في الصراع الاجتماعي)، ٧ جۆر ڕۆشنبیری دیاریكردووە:

١–بەشێك گوزارشت لەبیروڕا دواكەوتووخوازەكانی چینی باڵادەكەن.

٢–بەشـێك لـەڕووناكبیران سـەر بەچـینە باڵاكـانن، كەهێـشتا هـەڵگری شـتێكن لەبەرپرسیارییەتی و سەركردایەتی كۆمەڵگە.

٣–توێژێكی چینی مامناوەندو خوارەوە كەبەسـتراون بەچینە باڵاكانـەوەو لەخـەیاڵی سەركەوتنن بۆ چینی باڵاتر، ئەمانە لەدوایدا بوونە پێكهێنەری بۆرجوازی نوێ.

٤–ئەوانەی خاوەنی ئایدیۆلۆجییەكی ناوێن و هەڵوێستی سەربەخۆن لـەنێوان ڕاسـت و بۆرجوازی ئەرستۆكراتی، لەلایەك و چەپی پرۆلیتاریی لەلایەكی دیكەوە.

٥–ئەوانەی سەر بەچینی ناوەندن و لایەنگری چینەكانی خوارەوەن.

٦–ئەو ڕۆشنبیرە سۆشیالیستانەی بەرەچەڵەك ئەرستۆكراتی و سەرمایەدارن.

٧–ئەوانەی لەڕووی فیكرو ڕەچەڵەكەوە سەر بەچینەكانی خوارەوەن.

بەڕای د.جەمیل حەمداوی–ش ڕۆشنبیر دوو جـۆرە: ڕۆشـنبیری ئاراسـتە ڕۆژئـاوا، كـە ڕۆژئـاوای كردووەتـە تاكـە مەرجەعیـەتی گەشـەو پێـشكەوتن، هـەروەها ڕۆشـنبیری ڕەسـەنایەتی، كـە كـەلتووری خـۆی بەپێگـەی نوێگـەریی و ڕاسـتی دەزانێـت بـۆ بـەرەو پێشچوون ڕووەو پاشەڕۆژ، ئەوەش لەڕێگەی پاراسـتنی پێناسـی خـودو كرانـەوە بەسـەر هەموو نوێگەرییەكاندا. ئـەم پۆلینكردنـە كێشەی ڕەسـەنایەتی و هاوچـەرخ، دیالـەكتیكی ئێستاو ڕابردومان بۆ شیدەكاتەوە.

## پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات:

پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر، پەیوەندییەکی دیالەکتیکییەو لەسەر بنەمای دژایەتی و ڕەخنەو تێکۆشانی بەردەوام و خۆڕاگریی پێکهاتووە، لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و پوچەڵکردنەوەی ناحەق و تێکشکاندنی پێگەکانی گەندەڵیی سیاسیی. لەزوربەی جارەکانیشدا پەرچەکرداری دەسەڵاتداران بەرامبەر بەڕۆشنبیری ئەندامیی، بەکارهێنانی هێزی مادیی و واتاییە لەنەفیکردن و گرتن و ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی گوتاری گوێنەدان و پەراوێزخستن و دەرکردن لەپۆست و پەنابردنەبەر گەمارۆدانی بەنیشتەجێکردنی ناچاریی. لەم حاڵەتەدا ڕۆشنبیر دەبێتە کارەکتەرێکی شۆڕشگێڕی وابەستەی ئەو ئایدیۆلۆجیانەی باوەڕی پێیەتی، بۆیە هەڵدەستێت بەڕۆشنبیرکردن و بەئاگاهێنانەوەی خەڵك و دەبێتە ڕەمزێکی تێکۆشان.

ڕۆشنبیریش هەیە لەگەڵ دەسەڵاتدا پێکدێت و خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت و دەبێتە زوڕنایەکی سیاسیی و پارێزەرێك بۆ بەرگریکردن لەڕژێمی سیاسیی فەرمانڕەواو هەڵگری ئایدیۆلۆجیەتی دەسەڵاتدار. پاشانیش گەیەنەری گوتاری دیماگۆجی بۆ جەماوەری میللی بۆ بەرگریکردن و پاساوهێنانەوە بۆ مەشروعیەتدان بەڕەفتارەکانی چینی دەسەڵاتدار.

بەشێکی دیکە لەڕۆشنبیران هەن بێلایەنیی و بێدەنگیی خۆیان دەپارێزن و جوڵە ناکەن، ئەگەر هاتیشنە قسە، ئەوا باس لەو بابەتانە دەکەن کە بەسەرچوون و هیچ پەیوەندییان بەئازارەکانی خەڵکی زەحمەتکێشەوە نەماوە. بۆیە ئەم ڕۆشنبیرانە لەئاسمانی خەیاڵ و تەجەریددا دوور لەواقیع دەفڕن و خۆیان بەخەونی یوتۆپیی و ڕۆمانسییەوە خەریکدەکەن، دوور لەهەژاریی و بێکاریی و زوڵم و جیاوازیی چینایەتیی و کۆمەڵایەتی کەخەڵك پێوەیان دەناڵێنێت. ئەم ڕۆشنبیرانە تەنیا بێهۆشکارێکن و ختوکەی سۆزی چینە زەحمەتکێشەکان دەدەن.

# کتێب و نووسەرو خەڵاتی نۆبڵ



# ئاندرە ژید

**و: زەینەب یوسفی**

ئاندرەژید نووسینەکانی کارکردێکی سەرسووڕهێنەری هەبوو لەسەر بەرەی گەنجان لەپاش ساڵەکانی شەڕی جیهانیی. ئەو لەساڵی ١٨٦٩ لەشاری پاریس لەوڵاتی فەرەنسا لەدایکبوو.

بنەماڵەی ئاندرە سەر بەئایینی پرۆتوستان بوون و ئەم بارودۆخە ئایینیە کارکردێکی زۆری هەبوو لەسەر کەسایەتی ئەو لەکاتی مێرد منداڵیی و لاوێتیدا.

دەرکەوتنی ئاسەواری نەخۆشیی ببوە کۆسپێك بەرامبەر بەخوێندن لەقوتابخانەو ئەو بەباشی نەیتوانی وەکو هاومالەکانی هەموو سالێك بڕواتە قوتابخانە، بەلام بنەمالەی ئەدەبدۆستی ئەو، ئەم کەموکورتییەی بۆ ئاندرە قەرەبوو کردەوە.

ژید لە ١٥ سالانیدا، بەگەرموگوڕیی، بەرەوپیری ئەوینەوە چوو لە ١٨٩٥ دا لەگەل خۆشەویستەکەی پەیمانی خێزانیی بەست.

ئاندرەژید لە٢٢ سالانەوە چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆی دەستپێکرد. هاوڕێیەتی لەگەل (ئستێفان مالارمێ)، گۆڕانکاریی زۆری لەژیانی ئەدەبی و بیروباوەڕەکانی ئەودا هەبوو، وەکو حەزکردن و رووهێنانی بەرەومەکتەبی (سەمبۆلگەرایی) و خولقاندنی بەرهەمانێك وەکو: یادداشتە رۆژانەکانی ئاندرەژید، شیعرەکانی ئاندرە والتێر، سەفەری ئۆرین.

بەلام پاش ماوەیەك پشتی لەم مەکتەبە کردو لەشیکاریی و هەلسەنگاندن و رامان لەبارودۆخی ژیانی دەروونیی مرۆڤدا هەولیدا.

بۆ ئەفریقا سەفەری کردو دیسان توشی گۆڕانکارییەکی زۆر لەدنیای دەروونیدا بوو.

بەرهەمانێك وەکو: مائیدە زەمەنییەکان، دژ بەئەخلاق، لەتەنگانەدا، ژێرخانەکانی ڤاتیکان، هەلقولاوی بارودۆخی دەروونیی سەر بەسەفەری ئەفریقا بوو.

مائیدە زەمینیەکان، کتێبێکە کە لەستایشی شادیی و شادمانی و عەشق بەژیان و لەزەتبردن لەکاتدا نووسراوەو قسەمان بۆ دەکات. نووسەر لەم کتێبەدا رەنگ و هەبوونی خوا لەبونەوەرەکانی زەمینی بەگشتی، دەبینێت و ئازادانەو بەپێچەوانەی یاساو سونەتە ئایینییەکان، عەشق بەژیان، هاوتاو هاومانا لەگەل ئەویندارییی بەرامبەر بەخۆدا، دەناسێنێت. ئەوکتێبەکەی خۆی بە(ستایشێك لەئازادگی و ئازادیخوازی) ناو لێناوە.

بەدەسپێکردنی یەکەمین شەڕی جیهانی، ژید، سەردەمانێك بێدەنگیی هەلبژارد، بەلام دواتر کتێبەکانی (ئەگەر دانك نەمرێت)، (کوریدۆن)، (سککەدروستکەرەکان)ی نووسی. ئەو لە(ئەگەر دانك نەمرێت) بەڕاشکاوی قسەی لەسەر ژیانی خۆی کردو بەنووسینی رۆمانی (سککەدرۆستکەرەکان) شێوازی نوێی لەدنیای رۆمانی فەرەنسادا، دامەزراند.

ژید، هەروەها، کتێبەکانی( گەڕانەوە لەکێنگۆ)، (گەڕانەوەلەچاد)ی بەدژایەتی لەگەل ئیستیعماردا نووسی. دواتر ببوو بەئەندامی حزبی شیوعی، بەلام ئەم حزبەش ئەوی

دانەساکاندو لەوێش ئۆقرەی نەگرت و بەنووسینی کتێبی (گەڕانەوەلەمسکۆ). لەحزبی شیوعیش خۆی کشایەوە.

ئەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا گۆڤاری (فەرەنسای نوێ)یان دامەزراندو ئەم گۆڤارە سیوسێ ساڵ بەردەوامبوو، خزمەتێکی زۆری بەئەدەبی دنیا، بەتایبەت ئەدەبی وڵاتی فەرەنسا کرد.

ئاندرەپاوێل گیوم ژید، لەساڵی١٩٤٧، خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت و لەساڵی ١٩٥١ مرد.

ئەو بەهۆی هاوکاریکردن لەگەڵ ئاڵمانییەکاندا، کەوتە بازنەی قین و رقی گەلی وڵاتەکەی و هەروەها دنیای دیموکراسیەوەو ناوی بەباکی دەر نەچوو.

زۆرتری بەرهەمەکانی ژید ئەمانەبوون: ئەگەر دانك نەمرێت، لەتەنگانەدا، ئۆدیپ، داستایوسکی، موسیقای لادێی، ژێرخانەکانی ڤاتیکان، سەفەر بەکێنگۆ، کوریدۆن، سککەدروستکەرەکان، مەکتەبی ژنان، ئیزابێل، رۆبێرت ژنویۆ، ئەخلاق، راوێژەخەیاڵییەکان، پەروەردەی ژنان، دەفتەری سپی و رەش، گۆمەکان، بیانوەکان، بیانوەنوێیەکان، ئێستا لەگەڵ تۆدا، گەڕانەوە لەشەو رەوی، گەڕانەوەی منداڵە خوێڕییەکە، مائیدەزەمینییەکان، ئەو بیرەوەریانەی تایبەت بەئۆسکاروایلد، دەفتەری یادداشتەکانی ئاندێرە والتێر، مائیدەتازەکان.

سەر چاوەکان

لەپێگە ئەنتەرنێتییەکانەوە.

# ئایدیۆلۆژیی ئەدەبیاتی مۆدیرن

**ن: گیۆرگ لوکاچ**



**و: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

رۆبێرت موزیل* لەبەرئەوەی بەتەواوی لەئاماژە ناڕاستەوخۆکانی شێوازی خۆی ئاگادار بوو سەرنجی پێدەدرا. ناوبراو سەبارەت بەپاڵەوانی خۆی **ئولریش** وتی: "ئەو لەگەڵ هەڵبژاردنێکی سادە رووبەڕووبۆتەوە، وەك خەڵك هەڵسوکەوت بکات (کاتێك کە دەچیت بۆ رۆما هەڵسوکەوتت وەکو رۆمییەکان بێت) یان ئەوەی توشی سەرشێتی بێ". لێرەدا موزیل پرسی ناوەندیی ئەدەبیاتی مۆدیرن واتە خەسارناسیی (Pathology) دەرونی دێنێتە ئاراوە.

ئەم پرسە سەرەتا لەقۆناغی ناتۆرالیزمدا بەشێوەی بەرفرە باسی لەسەر کرا. زیاتر لەپەنجا ساڵ لەمەوبەر "ئەلفرێد کێر Alfred Kerr " رەخنەگری دیاری ئەدەبیاتی

شانۆیی بەرلین نوسی: "نەخۆش ئاسابوون هەمان شیعری ناتۆرالیزمە. لەژیانی رۆژانەدا چ شتێکی ئێمە شاعیرانەیە؟ سەرشێتی، راکردن لەڕەوتی ئاسایی شەکەتهێنەری ژیان. تەنیا لەم رێگەیەوەیە کە کەسایەتی لەهەمانکاتی پاراستنی فەزای راستەقینە بۆ ولاتێکی کەمویێنەتر دەگوازرێتەوە". لێرەدا ئەمە جێی سەرنجە کە پێویستیی نەخۆش ئاسابوون لەچۆنیەتی شەکەتهێنەری ژیانی نێو سیستمی سەرمایەدارییەوە سەرچاوە دەگرێت. پێموایە کە لەنوسراوەی مۆدیرندا، بەردەوامبوونێك لەناتۆرالیزمەوە بۆ مۆدیرنیزم لەئارادایە، بەردەوامبوونێکی سنوردار، کە بەهۆی بنەما سەرەکییە ئایدیۆلۆژییەکانەوە بەرتەسك بۆتەوە. شتێکی کە لەسەرەتادا هەر تەنیا پێشبینیەکی کارەساتاوی بوو نەك شتێکی دیکە، لەدوای ساڵی ١٩١٤ەوە بەرەو سەرقاڵییەکی زەینیی گشتگیر بەرفرە بۆوە. من پێموایە کە دەوری روو لەزێدەی خەسارناسیی دەروونی یەکێك بوو لەتایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ئەم بەردەوامبوونە. لەهەر قۆناغێکدا خەسارناسیی کۆمەڵایەتی بەپێی هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی باو بەگرنگی و دەوری هونەریی جیاواز و نوێ گەیشت.

"کێر" پێیوایە لەناتۆرالیزمدا ئەمە پێویستیی جوانیناسانەیە دەخوازێ کە هۆگربوون بەخەسارناسیی دەروونی بێتە ئاراوە. ئەمە هەوڵێك بوو بۆ راکردن لەشەکەتهێنەرییەکانی ژیانی سیستمی سەرمایەداریی زاڵ. گوتاری موزیل ئەمە دەردەخات کە چەند ساڵ دواتر دژایەتیکردن بوو بەلایەنی ئەخلاقی. کەڵکەڵەی نەخۆشانە ئیتر دەوری رازانەوەی خۆی لەکیسدا. راستەقینەی بووژاندەوە بوو بەناڕەزایەتییەکی ئەخلاقیی دژ بەسەرمایەداریی.

لەبەرهەمەکانی موزیل و زۆربەی نوسەرە مۆدیرنیستەکاندا خەسارناسی دەرونی بوو بەدوا مەبەستی هونەریی ئەوان. بەڵام لەمەبەستی ئەواندا گرفتێکی زاتیی دووجۆری هەیە کە بەهۆی بنەما ئایدیالۆژییەکانییەوە سەرهەڵدەدات. یەکەم، لەغیابدا بوونی وەسفکردنە. ناڕەزایەتییەکی کە لەڕێگەی ئەم راکردنە لەخەسارناسیی دەرونییەوە هاتە ئاراوە جووڵەیەکی ئۆبستراکتە، رەتکردنەوەی راستەقینە تێیدا گشتی و هیچ رەخنەیەکی تایبەتی وەخۆ ناگرێت. هەروەها ئەم کردەوەیە بەسەرنجدان بەچارەنوسی بەهیچ کوێ ناگات. ئەمە راکردنێك بوو بەرەو هیچ شتێك. بەم پێیە پەرەپێدەرانی ئەم ئایدیالۆژییە لەم بۆچوونەدا واتە ناڕەزایەتییەکی ئەوتۆ دەیتوانی لەبواری ئەدەبیاتدا بەسوودبێت،

هەڵە دەكەن. لەهەر ناڕەزایەتییەكی دژ بەهەلومەرجی كۆمەڵایەتیی تایبەت ئەمە خودی هەلومەرجە كە دەبێت ببێت بەبابەتی ناوەندیی. ناڕەزایەتیی بۆرژوازیی دژ بەكۆمەڵگای فیودالی و ناڕەزایەتی پرۆلتاریا دژ بەكۆمەڵگای سەرمایەداریی، شوێنی دەسپێكی ئەوانی بۆ رەخنەگرتن لەسیستەمی كۆنە دیاریكردووە. لەهەریەكێكیاندا ناڕەزایەتییەكە لەشوێنی دەسپێكی خۆی بەرفرەتر دەبێتەوە، ئەویش بەپێی دوامەبەستی دیاریكراو. واتە سەقامگیربوونی سیستەمی نوێ. ئەگەرچی پێكهاتەو ناوەرۆكی ئەم سیستەمە نوێیە دیاری نەكرابوو، بەڵام لایەنگریی روو لەزێدە بۆ وەسفكردنی وردی ئەو سیستەمە لەئارادا بوو.

ناڕەزایەتیی نوسەرانێكی وەك موزیل چۆن جیاوازە، لەو نوسەرانە كە دوامەبەستی ئەوان (راكردن بۆ نێو خەسارناسیی دەرونی) تەواو سەلێتبوونە. ژێدەری ئەوان (كۆمەڵگای گەندەڵی سەردەمی ئێمە) سەرچاوەی حاشاهەڵنەگری سەرەكیی وزەی ئەوانە. بەم پێیە داماڵینی راستەقینەی مۆدێرن (راكردن بۆ نێو خەسارناسیی دەرونی) لەبەرهەمەكانی ئەواندا تەنیا زەینییە. بەسەرنجدان لەپەیوەندیی تاك لەگەڵ دەوروبەر ئەم شێوازە بێناوەرۆك و ئاراستەیە. ئەم كەمایەسییە ئێستاش بەهۆی دوامەبەست زێدەگۆیی لەسەر دەكرێت، چونكە ناڕەزایەتیی مەبەستێكی بێناوەرۆكەو حاڵەتی بێزاربوون یان پەژارە یان ئاواتێك دەردەخات. ناوەرۆكەكەی یان بەناچار بێناوەرۆك بوونەكەی، لەم راستییەوە هەڵدەقولێت كە بۆچوونێكی ئەوتۆ سەبارەت بەژیان ناتوانێت هەستی رێدۆزینەوە دەرببڕێت. ئەم نوسەرانە سەبارەت بەمە كە خەسارناسیی دەرونی جێمتمانەترین شوێنی پارێزەرانی ئەوانە بەتەواوی هەڵەیان نەكردووە، ئەمە تەواوكاری ئایدیالۆژیی بارودۆخی مێژوویی ئەوانە.

ئەم ئازاردانە كە نەخۆشیناسیشی لەگەڵە هەر تایبەت بەئەدەبیات نییە. ئاشكراترین دەركەوتەكەی دەرون شیكاریی فرۆیدە. بابەتەكانی دەرون شیكاریی فرۆید لەگەڵ ئەدەبیاتی مۆدێرنیست بەشێوەی سەرخانی جیاوازە. شوێنی دەسپێكی فرۆید "ژیانی رۆژانە" بوو. ئەگەرچی ناوبراو بۆ لێدوان لەسەر "هەڵە" و "خەیاڵی خاو" ناچار بوو دەستەوداوێنی خەسارناسیی دەرونی بێت. ئەو لەپەیڤدارییەكانی خۆیدا سەبارەت بەخۆڕاگری و سەركوتی مەیلی جنسی دەڵێ : "هەر بەو جۆرەی كە بەڕادەی بەرفرەیی هەلومەرجی بڕكناسی بەناخی زەینی نۆرمداردا رۆدەچین هۆگریی ئێمە بەدەرونزانیی

گشتیی بارودۆخی نیشانە دەرونییەکان زێدە دەبێ." فرۆید پێیوابوو کە کلیلی درککردنی نۆرمداری لەدەرونزانی تاکی دژەنۆرمدا دۆزیوەتەوە. ئەم بروایە ئێستاش لەتیپۆلۆژی "کرێچمێر Krestsechmer "دا کە پێیوایە دژەنۆرمیە دەرونییەکان دەتوانن لەدەرونزانیی خاوەن نۆرم بدوێن، هەروا بەرچاوە. تەنیا کاتێك ناوەرۆکی بابەتەکە بۆ ئێمە دەردەکەوێ کە بەراورد بکەین لەنێوان دەرونزانیی فرۆید لە گەڵ دەرونزانی "پاوۆلۆف" کە بەپێی بۆچوونی بۆقرات بتوانین دژەنۆرمیە دەرونییەکان لادانن لەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم بابەتە بەشێوەی ئاشکرا بەپرسی زانستی یان رەخنەی ئەدەبی بەرتەسك نەبۆتەوە، بەڵکو پرسێکی ئایدیالۆژیکەو لەبڕوای دوگماتیستی ئیگزیستەنسیانەی تەنیایی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت. ئەدەبیاتی ریالیزم کە پشت ئەستورە بەچەمکی ئەرەستۆیی مرۆڤ وەك زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی شایانی ئەوەیە کە بۆ هەر قۆناغێکی نوێ لەکامڵبونی کۆمەڵگا تیپۆلۆژییەکی نوێ بەرفرە بکاتەوە. ئەم ئەدەبیاتە دژایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاو تاك لەبواری یەکانگیریی دیالیکتیکی دەردەخات. لێرەدا تاکەکان خاوەنی هەستی بەهێزو تایبەتن لەبواری تیپۆلۆژیدا (شکسپیر، بالزاك، ستاندال). چونکە لەو ئەدەبیاتەدا تاکی ئاسایی بەسانایی رەنگدانەوەیەکی کاڵە لەو دژایەتیانەی هەمیشە لەتاك و کۆمەڵگادا هەن. نامۆیی بەهۆی گۆڕانی فۆرمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. ئاشکرایە کە نابێت هەستی پاڵەوانە گەورەکان بەو "نامۆیی"ەی کە بەواتای ئاسایی لەکار دەکرێت سوك و چروك بکەین. "کریس تی ئان بادێن بروك" نامۆیە، بەڵام "لور کۆرسن" وا نییە.

ئیگزیستەنسیالیزمی "فرێدرانە نێو دنیا"، تیپۆلۆژیی راستەقینە مەحاڵ دەکات. ئەم چەشنە ئیگزیستەنسیالیزمە پشت ئەستورە بەدوو جەمسەری سەڵتی نێوان تاکی ئاسایی و حاڵەتی نامۆیی. پێشتر لەوە تێگەیشتین کە بۆچی ئەم دوو جەمسەرییە کە لەریالیزمی سوننەتیدا درککردنی ئێمە سەبارەت بەنۆرمە کۆمەڵایەتییەکان زێدە دەکات لەئەدەبیاتی مۆدیرندا بەرەو سەرنج راکێشیی نامۆبوونی حاڵەتی نەخۆشانە دەڕوا. نامۆیی بارودۆخ دەبێتە تەواوکاری پێویستیی تاکی ئاسایی و ئەم بەجەمسەربوونە توانایی مرۆڤ دەخاتە ژێر لێکدانەوە.

چەمکی ئەم ئایدیالۆژیە لەیەکێکی دیکە لەبۆچونەکانی "موزیل" دەردەکەوێت کە دەڵێ: "ئەگەر گشت مرۆڤایەتیی پێکەوە دەکەوتنە خەیاڵەوە چاوی بەموس براگێر

دەکەوت". ئەوە وەبیر بێننەوە کە "موس براگێر" ی خڵەفاو لەباری جنسییەوە نەخۆش و حاڵەتی مرۆڤ کوشتنی لەگەڵ بوو.

ئەو شتەی کە موزیل وەك كۆڵەکەی ئایدیالۆژیکی تیپۆلۆژیی نوێ واتە راکردن بەرەو حاڵەتی نەخۆشانە وەك ناڕەزایەتی لەبەرامبەر گەندەڵیی کۆمەڵگا ئەنجامیدا، لەبەرهەمی باقی نوسەرە مۆدیرنیستەکاندا وەك هەلومەرجی نەگۆڕی مرۆڤ دێتە ئاراوە. وتەی موزیل ئەگەر مەرجی خۆی لەکیس دەدات و دەبێ بەوەسفکردنێکی سادەی راستەقینە، نەبوونی عەینی بوون لەدەربڕیی دنیای دەرەکی دێت و تەواوکەری خۆی لەدابەزینی راستەقینە تا ئاستی کابوس دەدۆزێتەوە. چیرۆکی "مولوی Molloy" ی بێکت رەنگبێ باشترین نموونە لەم چەشنە بەرفرەبونەوەیە بێت. ئەگەرچی روانگەی جۆیس "Joyce " سەبارەت بەراستەقینە وەك شەپۆلی ئاڵۆزی زەینی پێشتر لەبەرهەمەکانی "فاکنێر"دا وەك کابوس وێنا کرابوو. لەچیرۆکی بێکتدا زیاتر لەدوو جار چاومان هەر بەم بابەتە دەکەوێت. ئەو قورسترین داڕوخانی مرۆڤیمان نیشان دەدات. دواتر لەبەر ئەوەی بەهیوایە لەسەرچاوەیەکی نادیاری رەمزاوابیەوە یارمەتیی خێرای پێ بکرێ کەسەکە دەکەوێتە ئەوپەڕی گەمژەییەوە. چیرۆکەکە بەشێوەی رەوتێکی هاوتەریب و زەینێکی گەمژانەو رزگاریدەر گێڕدراوەتەوە.

لەئەدەبیاتی مۆدیرندا نەخۆشی جنسی و گەمژەیی نمونەگەلێکن لەبارودۆخی مرۆڤی. بەم پێیە دەتوانین بەدروستی ئەو شتانە دەستنیشان بکەین کە مۆدیرنیستەکان رێزی بۆ دانانێن.

پەراوێز:

* (Robert Musil, ١٨٨٠-١٩٤١) نوسەری ئاڵمانی کە ناوبانگەکەی بەهۆی نوسینی چیرۆکی ناتەواوی "مرۆڤی بێ کەڵك و ناکارامە"یە.



# دێریدا – هابرماز

# و

# فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا

### گفتوگۆ لەگەڵ: ژنە بیرمەندی ئەمریکی جوڤانا بورادوری

**سازدانی: نادر فۆسۆغیا**

**و: دلێر محەمەد**

بەرایی: لەڕاستیدا ئەم دیالۆگەی لەبەردەستدایە، دەقی گفتوگۆیەکی کورتە، کە لەگەڵ ژنە بیرمەندی ئەمریکی، (جوڤانا بورادوری)دا سازدراوە، دەربارەی ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنەی کە ناوبراو چەند مانگێك پاش رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، لەگەڵ هەردوو بیریاری بەناوبانگی خۆرئاوا: یۆرگن هابرماز–ی ئەڵمانی و جاك دێریدا–ی فەرەنسیدا ئەنجامیدابوون، سەبارەت بەکۆمەڵێك بابەت و مەسەلەی هەمەجۆری وەك: مەسەلەی تیرۆرو جیهانهیگری و مەسەلەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و چەندین مەسەلەی هاوچەرخی دیکە، کە دواتر بۆرادۆری تەواوی چاوپێکەوتنەکانی لەدووتوێی کتێبێکدا کۆکردەوەو بۆیەکەمجاریش لەساڵی ٢٠٠٤دا لەژێر ناونیشانی (فەلسەفە لەزەمەنی تیرۆردا) چاپ و بڵاویکردنەوە، شایانی باسە خاتوو بورادوری بیرمەند، بەر لەم کتێبە خاوەنی

کتـێبی (فەیلەسـوفی ئـەمریکی)یـەو تـا هەنووکـەش مامۆسـتای فەلـسەفەیە لەکۆلێـژی (ڤاسار)دا...

و. کوردی

**ئایا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (ریچارد وولن)دا جیاوازو ناکۆکیت، کە وتویەتی بانگەشەکەی دێریداو هابرماز، بۆ دامەزراندنی سیاسەتێکی دەرەکیی ئەوروپی یەکگرتوو، زیاتر تەعبیر لەهاوپەیمانیەتییەکی تاکتیکی دەکات، وەک لەوەی هاوپەیمانیەتییەکی فەلسەفی بێت؟**

بۆرادوری: بەڵێ بەتوندی لەگەڵ ئـەو بۆچـوونەدا جیـاوازم، بـەر لەهـەموو شـتێك هـیچ جۆرە ئامانجێکی سیاسی دیاریکراوم نەبینی کە بانگەشەکردنەکە لەسیاقی خۆیدا بـەرەو هەنگاوێکی تاکتیکی بەرێت، هەروەها رۆڵی ئەوان وەك دوو بیریاری نیـشتمانی بـەدڵنیایی هانی بیرکردنەوەی رەنخنەگرانە دەدات، هاوپەیمانیەتییە کتوپڕو خێراکانیش پێویـستیان بەئامانجگەلێکی یەکگرتوو هەیە.

بـەڵام پاسـاوێکی دیکـە هەیـە کـە مـنی بانگهێـشتکرد تـاکو جیـاوازبم لەگـەڵ خوێندنەوەکەی (ریچارد وولـن)دا، دەربـارەی نزیکایـەتی تـازەی نێـوان دێریـداو هابرمـاز، ئـەویش مانیفێـستە هاوبەشـەکەیان بـوو، کـە لەهەمانکاتـدا لەزۆربـەی وڵاتـانی ئـەوروپادا بڵاوبووەتـەوەو پێکهـاتبوو لەدەرئـەنجامێکی سروشـتی، بـۆ ئـەو وتارانـەی کـە دواتـر لەبڵاوکراوە ئەوروپییەکاندا بڵاوبوونەوەو پەیوەندییان بەمەسەلەی تیرۆری جیهانی و رۆڵی ئەوروپای پاش ١١ی سێپتەمبەرەوە هـەبوو، کتێبەکـەش (فەلـسەفە لەزەمـەنی تـیرۆردا) هەموو ئەو دیالۆگانە لەخۆدەگرێت کە لەگـەڵ ئـەم دوو فەیلەسـوفە مەزنـەدا سـازدراون و بـاس لەکۆمـەڵێك بابـەتی وەك (تـیرۆر وەك پـۆلێنکردنێکی سیاسـی) جیهـانگیری و رۆڵـی دامودەزگا هەنووکەیی و هەمەلایەنەکان و گـۆڕان و گواسـتنەوە لـەماف کلاسـیکییەوە کـە لەنێوان دوو دەوڵەت یاخود زیاتردا دامەزرابوو، بەرەو سیستمێکی نوێی جیهانی) دەکەن. هـەروەها ئـەم چـاوپێکەوتنانە، هـەموو ئـەو گریمانانـەش لـەخۆدەگرێت، کـە ئـەم دوو فەیلەسوفە لەمانیفێستە هاوبەشەکەیاندا دەیانخەنەڕوو، گریمـان گـەلێك کـە لەڕەچـەڵەکی هاوبەشـی هـەردوو فەیلەسـوفەکەوە سەرچـاوە دەگرێـت: کـە ئـەویش پێکهـاتووە

لەکەلـەپوورێکی سیاسـی و ئـەخلاقی کـە دەگەڕێتـەوە سـەر بزووتنـەوەی فەلـسەفیانەی ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەیەم، وەکچۆن ڕووداوەکان جەختی لەسەر دەکەنـەوە. پاشـان ژمارەیە مشتومڕ سەریانهەڵدا، کە پەیوەندییان بەئیمکانیـەتی چوونییەککردنی تەفسیرو ڕاڤەکردنەکانی دێریداو هابرماز–ەوە هەبوو، بۆ هـەمان کەلـەپوری فەلـسەفی کـە مـن لـەو بارەوەڕەدام ڕاڤەکردنەکانی ئەوان ئیمکانی چوونیەکبوونیان هەیـە، بـەڵام (ووڵـن) بـڕوای بەمە نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کـە جیـاوازی لەڕاڤەکردنـدا هـیچ گۆڕانکارییـەك لەلایـەنگری کردنیاندا بۆ هەمان کەلەپور دروستناکات، چونکە ئەم دوو فەیلەسوفە مشتومڕیان لەسـەر هەمان کەلەپوور، لەسەر هـەمان بیرکردنـەوەو بـەڵکو تەنانـەت لەسـەر هـەمان ئامـانجیش کردووە.

**ئایا ئـەو یەکگرتنـەی کـە هـەردوو فەیلەسـوف: دێریـداو هابرماز، ئینتمایـان بۆی هـەبوو بریتـی بـوو لەبزووتنـەوەی فەلـسەفیانەی ڕۆشـنگەریی، کـە وێنـەی جیاوازی بیری ئەورووپییە؟**

بواردوری: بەڵێ، لەو باوەڕەدام کـە زۆربـەی دیـالۆگ و مـشتومڕەکان لـەو بۆچـوونەدا بەیەکدەگەیشتن، کە ئەویش جەختی لەسەر ئـەوە دەکـردەوە، کـە هـەردوو بیرمەندەکـە، پەیوەنـدییان بەبیرمەنـدانی ڕۆشـنگەرییەوە هەیـە، بـەدیاریکراویش پەیوەسـتن بـە(کانـت)ەوە، چـونکە (کانـت) دەستنیـشانکردنێکی هاوبەشـی لەمـەڕ بەرپرسـیارییەتی کایەی سیاسیی بۆ فەلـسەفە دروسـتکرد، کـە بێگومـان بەپرسـیاریەتییەکەش لەبنەڕەتـدا ئەورووپییـە. لەنـەریتی ئـەنگۆ–ئەمرکیـشدا فەلـسەفەو سیاسـەت لێکجیـاوازن: ڕاڤـەکردنی پابەندی (الالتـزام) وەك مەسـەلەی هەڵبـژاردنێکی تایبـەتی خراوەتـەڕوو، بـەڵام فەلـسەفە خۆی دەخاتە نێو هەلومەرجێکی ڕەخنەییەوە، بـۆ هەوڵـدان و گـەڕان بـەدوای حەقیقـەتی نـەمردا، لێـرەدا نموونـەی (نـاووم چۆمـسکی) لەیادەوەریمانـدا دەردەکـەوێت، چـونکە کـارکردنی ئـەو لـەناو زانـستی زمانەوانیـدا، بەتـەواوەتی جیـاوازە لـەکارکردنی ئـەو وەك بیریارێکی چالاکی سیاسی، بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە، لـەڕووی مێژووییـەوە، فەلـسەفە خۆی وابەستەیە بەنەریتی ئەورووپییەوەو لەهەمانکاتیشدا دەبێتە پەرچەکردارێك بۆ بـەڵێن و پێکدادانـەکانی سـەردەمێکی دیـاریکراو. کاردانـەوەی (کانـت) بـۆ بەڵێنـەکانی شۆڕشـی

فەرەنسی و پەرچەکرداری (هیگڵ)یش، لەبەرامبەر تیرۆرکردنەکەیدا، هەر لەم چوارچێوەیەشدا بیریارێکی وەك (سارتەر) وای لەفەلسەفەکرد کە تراژیدیاکانی جەنگی جیهانی دووەم بگێڕێتەوە. هەروەها (هابرماز)و (دێریدا)ش، شوێن ئەو نەریتە فەلسەفییە کەوتوون و لەگەڵ پابەندیوونێکیشدان، کە لەهەنووکە دانابڕێت، یاخود لێی جیانابێتە، چونکە ئەوانیش درێژە بەڕێگەیەك دەدەن، کە (٢٠٠) ساڵە، روناکبیرانی بزووتنەوەی رۆشنگەریی ئاوەڵایانکردووە، هەر لەبەر ئەم لایەنەش بەیاننامەکەی ئەم دوو فەیلەسوفە، مەسەلەیەکی تاکتیکی نییە، بەڵکو بانگەوازێکە سەبارەت بەشێوازی بیرکردنەوەیەکی هاوبەش، دەربارەی مەسەلە سیاسییە چارەنووسسازە پڕ لەوەرچەخانەکان.

**چۆن وەڵامی ئەو بۆچوونەی (ریچارد وولن) دەدەیتەوە، کە پێیوایە (دێریدا) بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەدات، کە (یاسا)و (دادپەروەریی) دوو شتی دژ بەیەک و ناکۆکن؟**

بورداوری: من تەواو جیاوازم لەگەڵ ئەو وەسفکردنەی (وولن)دا، بەدڵنیایی من ئەو مانیفێستەی (دیریدا)م، کە تایبەتە بەیاساو دادپەروەرییەوە، بەجۆرێك روونکردووەتەوە، کە دادپەروەریی و یاسا لێکدژو ناکۆك بەیەکتری و تەنانەت پێچەوانەی یەکتریش نین. بۆچوونی دێریدا ئەوەیە، کە دادپەروەریی و یاسا، دوو چەمکی جیاوازن و ئەوەش بەکارێکی هەڵە دەزانێت، کە پێویستە دادپەروەریی بخرێتەژێر رکێفی یاساوە، بەڵکو پێویستە عەدالەت مل بۆ یاسا کەچ نەکات، چونکە هەموو یاساکان لەهەناوی خۆیاندا هەڵگری دادپەروەری نین و لەکاتی پراکتیکردنی یاسادا زۆر جار دادوەر، لەبەر کاریگەریی رێکردنی پرەنسیپە یاساییەکانیدا، ناچارە لێدوانێکی یاسایی، یاخود جۆرە سکاڵایەك بەهەند وەربگرێت. لەبۆچوونی دێریدا-دا، یاخود سکاڵا پێویستی بەڕەتکردنەوەیەکی شەرعی هەیە، لەم چوارچێوەیەشدا (دێریدا) پێیوایە، بەپێچەوانەی یاساوە دادپەروەری هەمیشەو بەیەکجاری جێبەجێ نابێت، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ناکۆکی و جیاوازی لەنێوان دوو شتی پێچەوانەدا بوونی هەیە، واتە لەنێوان یاساو دادپەروەریدا.

*بۆچی هەردوو فەیلەسوفەکە وێنەی جەنگی دژە تیرۆر دەکێشن؟ چۆن دژایەتی بیروباوەڕە سوننەتییە تایبەتەکان دەکەیت، وەك خەسڵەتی دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی؟

–بورادوری: هابرماز دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە کاتێك ئێمە دەربارەی تـیرۆر دەدوێـین، ئـەوا ئێمـە مـشتومڕ لەسـەر شـتێك دەکـەین کـە تاڕادەیـەك جیـاوازە لەتاوانێکی ڕێکخراو، کە لەسەر ئاستێکی فراوان ڕێکخراو یاخود گروپێك پێی هەڵدەستێت، بۆ نموونە ئایا تیرۆر جیاوازە لەبازرگانیکردن بەماددە هۆشبەرەکان، راپۆرتی بڵاوکراوەی مـانگی ئـابی سـاڵی ٢٠٠٣ دەربـارەی بازاڕەکـانی جیهـان ئـەوەی روونکردووەتـەوە کـە سەنتەری هـەواڵگری ئـابووری کـە بارەگاکـەی لەشـاری لەنـدەن–ە، دەربـارەی پـەلامارە تیرۆریستییەکان، وڵاتی کۆلۆمبیای بەپلەی یەکەم دیـاریکردووە بەمـەرجێك لای هـەموان ئاشکرایە، کە مەسەلەی تیرۆر، لەکۆلۆمبیادا بەهۆی سیستمی قاچاخچیەتیکردن بـەماددە هۆشبەرەکانەوە فەراهەم دەبێت، هەر لەبەرئەم حاڵەتە دەشێت جـەنگ لـەدژی تـاوانێکی ڕێکخـراوی لـەو چەشـنەدا لەسـەر ئاسـتێکی فـراوان بـەرپابکرێت، چـونکە ئەگـەر تـیرۆر لەتاوانێکی ئاسـایی جیاکرایـەوە، ئـەوا کـردەی تـیرۆر بەتـەنیا پـشت بەبنـەماو ناوەڕۆکـە سیاسییەکەی دەبەستێت. بـەڵام پاڵنـەرە سیاسـییەکانی پـەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەر کامانـەن؟ بـەلای هابرمـاز–ەوە، نـاوەڕۆکی سیاسـی تـیرۆر بریتیـە لەدڵـسۆزی نوانـدن لەبەرامبەر ئامانجەکانیدا، تەنانەت ئەگەر ئامانجەکانیشی واقیعی نـەبن. وەك تێکشاندنی ژیاری خۆرئاوا، کـە تیرۆریـستان پێیانوایـە کـە خۆرئـاوا بریتییـە لەئیمپراتۆریـەتی شـەڕو خراپـە، لەحاڵـەتی نـاواقیعیبوونی ئامانجەکانیـشدا، ناکرێـت تـیرۆر لـەتاوانێکی ئاسـایی جیابکرێتەوە، بەبەراورد لەگەڵ دەربڕینەکانی (هابرمان)دا (دێریدا) باوەڕی وایە کـە تـیرۆر سـیمبول و نیـشانەیەکە بـۆ فـەوزاو ئـاژاوە، کـە خـاوەنی پاراسـتن و بەرگرییـەکی خودگەرانەیەو کاریگەریی لەسەر جیهانی بەجیهانگیری کراومان هەیە. بـەدڵنیایی لـەڕووی مێژووییەوە ئەمریکا لـەڕابردوودا هەسـتاوە بەپڕچـەککردن و ڕاهێنـانی گروپـە ئیـسلامییە توندڕەوەکان لـەدژی یـەکێتیی سـۆڤیەتی جـاران، لەئەفغانستان، خـودی (بـن لادن)یـش یەکێکە لەو ئیسلامییانەی کە لەڕابردوودا سیمبولی میلیـشیاکان بـووەو هەنووکـەش دڵـی ستراتیژیی بزووتنەوەی قاعیدەیـە، هـەروەها لـەڕووی سـایکۆلۆژییەوە تـیرۆر کـار لەسـەر ڕوودانی ڕووداوی شۆکئامێزو هێدمەی دینامیکی دەکات، تیرۆر لەسەر ئـەو هێـزە بزۆکانـە گەمە دەکات کە بۆ ئاینـدە دەهاوێژرێن، لەمبارەیـەوە دێریـدا دەڵێـت: تـیرۆر لەهـەناوی

دواڕۆژدا نیشتەجێیە، پتر لەوەی کە لەڕابردوودا نیشتەجێ بێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام چاوەڕوانی روودانی بین، واتە تیرۆر هێشتا دەکرێت لەهەموو جێگەیەك رووبدات، هەروەها تیرۆر لەسەر فۆرمی (هەواڵە کتوپڕە خێراکان) دەژی کە لەکاتی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە، کەناڵەکانی خۆرئاوایان کۆنترۆڵکردووە.

**ئایا دێریدا، هابرماز، لەنووسینەکانیاندا یاخود لەمانیفێستە گشتییەکەیاندا لێکچوونیان خستووەتەڕوو؟**

بورادوری: نزیکایەتی و لێکچوونی ئەم دوو بیریارە زۆر تازەیە، بەبۆچوونی من پەیوەندییان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داواکارییە چارەنووسسازانەی کە لەئاکامی رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە سەریانهەڵدا، کە ئەم دوو بیرمەندەی وەك دوو رووناکبیری نیشتمانی خستەڕوو، کە هەریەکێکیان باوەڕی وایە دژایەتیکردنی تیرۆری جیهانی فۆرم و شێوازێکی دیاریکراو دەخوازێت، کە ئەویش لەدەستەبەرداربوون و گواستنەوەی لەماف کلاسیکییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هێشتا لەسەر شێوازو نموونەی سەدەی نۆزدەهەم سەبارەت بەدەوڵەتی نەتەوە بونیادنراوە، بەرەو سیستمێکی نوێی جیهانی، کە تێیدا دەزگا هەمەلایەنەکان و هاوپەیمانەتییە کیشوەرییە فراوانەکان ببنە فاکتەرێکی سیاسیی سەرەکی، دیارە هەنووکە هەندێك لەو دەزگایانە بونیان هەیە، گەرچی هێشتا پێداویستی دامەزراندنی دەزگای دیکەی لەئارادایە، فەلسەفەش رۆڵی دیاریکراوی خۆی دەبێت، بەپێی ئەو وێناکردنەی کە ئەم دەزگایانە پێی هەڵدەستن، ئەم دوو بیرمەندە هەستیان بەوە کردووە کەوا تیرۆر چەمکێکی سەرسامکەرە، بەشێوەیەکی ترسناك و مەترسیدار، ئیدارەی ئەمریکی بەشێوەیەك زاراوەی تیرۆر بەکاردەبات وەك ئەوەی واتایەکی روون و شەفافی هەبێت، ئەمەش رێگە بەحکومەتی ئەمریکی دەدات کە تا ئاستێکی دوور، بەپێی شێوازە پراگماتیکییەکان مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی تیرۆردا بکات، بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنیا لەڕووی پراگماتیکییەوە دژوارو ئاڵۆز نییە، بەڵکو لەڕووی تیۆریشەوە ئاڵۆزو دژوارە، ئایا هیچ جەنگێکی بێ تیرۆر بوونی هەیە؟ واتە جەنگێك هەیە بەبێ کوشتن و لەناوبردنی کەسانی سیڤیل و مەدەنی، بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی سایکۆلۆژی، یاخود

بەئامانجی دەستگرتن بەسەر حوکمڕانییەتێکی دیاریکراودا؟ پاشان جیاوازیی تیرۆر چییە لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی؟ واتە جیاوازی تیرۆر چییە لەسەر ئاستی پۆلیس و سەربازیدا، یاخود لەسەر ئاستی ئامانجی سەربازی و ئامانجی مەدەنیدا؟ ناکرێت بەئاسانی مەسەلەی تیرۆر روون بکەینەوە، لەکاتێکدا پێمانوابێت چاکە لەلایەك و شەڕو خراپەش بخەینە لاکەی ترەوە، لەو باوەڕەدابین کە خراپە دژی ئێمەیەو چاکەش لەگەڵماندایە، بەهەرحاڵ وەك دێریدا دەپرسێت ئایا ئەو (ئێمە)یە کێیە؟ وادیارە بۆ من و هابرماز، ئەوروپایە کە لەجیهانی پاش رووداوەکانی سێپتەمبەر، وەك ناوچەیەکی راستەقینەی دیموکراسی و مەدەنی لەدایکدەبێت، ئەوروپا نموونەیەکە لەفاکتەرە سیاسییە تازەکان، کە بەهەموو رەگوڕیشە هەرێمایەتی و ئەتنیەکانیەوە، لەدەوڵەتی نەتەوەیی کۆن ناچێت، هەروەها لەدەوڵەتی فیدرالی سادەش ناچێت. ئەوروپای کیشوەری لەجەوهەردا بریتییە لەیەکەیەکی هەمەچەشن و هەمەلایەن، لەهەناویشیدا یادەوەری سەردەمێکی دوورو درێژی ئازاراوی زەمەنی جەنگی هەڵگرتووە، هێشتا تراژیدیا لەیادەوەری ئەوروپییەکاندا دەژی بەپیرو گەنجەوە، دژایەتیکردنیشیان بۆ بەشداریکردن لەجەنگی عیراقدا، سەلماندی کە بوونی ئەوروپا ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە شارەزایەتییەکەی لەناو ئەقڵانییەتەکەیدایە..

سەرچاوە: رۆژنامەی (الادیب) ژمارە (٤٢).

# جوانترین خنکاوی جیهان

**ن: گاربریل گاریسیا مارکیز**



**و: هوشیار شێخ ئەنوەر**

کەیەکەمجار منداڵەکان بینیان، وایاندەزانی یەکێکە لەکەشتییەکانی دوژمن. لەدوورەوە هەروەك نەهەنگێك دەردەکەوت کە وردە وردە لێیان نزیکدەبوەوە. منداڵەکان هیچ ئاڵاو چارۆکەیەکیان پێوە نەبینی. ئیدی وایاندەزانی کە نەهەنگێکی گەورەیە، بەڵام کاتێك گەیشتە کەنار دەریاکە و ئەو ماسی و قەوزرەو گژوگیایەی داپۆشیبوو لایانبرد، بۆیان دەرکەوت کەئەمە کەسێکی خنکاوە.

ئیدی منداڵەکان یاریان بەلاشەکە دەکرد، سات ناساتێك دەیانخستە ژێر لمی کەنارەکەو دەریان دەهێنایەوە. هەتا پیاوێك بەلایاندا تێپەڕی، دەنگی لێکردن و دوری خستنەوەو خۆشی رۆیشت بۆ گوندەکە تا بەئاگایان بهێنێتەوە لەم رووداوە.

ئەوپیاوانەی کە مردووەکەیان بەرەو یەکەم ماڵی گوندەکە هەڵگرت هەستیانکرد کێشی ئەم مردووە لەمردووەکانی تر قورسترە، وایان هەستدەکرد کە کەلاکی ئەسپێکیان هەڵگرتووە، ئیدی لەناخی خۆیاندا دەیانوونت رەنگە ئەمە بەهۆی ئەوەوەبێت کە

خنكاوەكە بۆماوەیەكی زۆر لەژێر دەریاكەدا مابێتـەوەو ئـاویش تـا مـۆخی ئێسقانەكانیی رۆچـووبێت، كاتێـك لاشـەكەیان دانـا، بۆیاندەركـەوت بـاڵای لـەباڵای هـەموو پیـاوێكی تـر بەرزترە. سەرو قاچی خنكاوەكە دیواری ئەمبەراوئەوبەری ژورەكەی گرتبوەوە.

تەنانەت یەكێك لـەپیاوەكان وتـی رەنگـە ئەمـە هـۆی ئـەوەبێت كـە هەنـدێك لەوانـەی لەئاودا دەخنكێن بەژنیان درێـژتر دەبیـت. خنكاوەكـە بـۆنی دەریـای لێدەهات و توێـژێك لەقوڕو قەوزە داپۆشیبوو. پێویـستی نـەدەكرد روخـساری پـاك بكرێتـەوە تـاكو پیـاوانی گوند بزانن كەئەمە یەكێك نییـە لـەخۆیان، چـونكە گوندەكـەیان بـچووكەو تـەنها لەبیـست كـوخی دارینـە پێكهـاتووە، گوندەكـە خـۆڵی كەمـەو هـەروەها ژنـانیش لەبـەر رەشـەبا نەیانـدەوێرا منداڵـەكانیان زۆر لـەخۆیان دوربخەنـەوەو پیـاوانیش گوڵیـان نـە دەچـاندو هـەروەها مردوشـیان كـەم بـوو چـونكە، هێنـد شـوێنیان نـەبوو تـا بیاننێـژن لەبەرئـەوە دەیاندانە دەم تەوژمی ئاوەكەوە..

خەڵكی گوند دەریایەكی جوان و هێمن و بەخشندەیان هـەبوو كەبـژێوی خۆیانیـان لێ دەستەبەر دەكرد. پیاوانی دێ هێند زۆر نەبوون، تەنها حەوت بەلەمیان هەبوو كە بەسبوو بۆ ئەوەی هەموویان هەڵبگرێت، لەبەرئەوە هەر بەتەماشـاكردنێكی خۆیـان دەیـانزانی كـە كەسیان لێ بزر نییە...

لـەو ئێوارەیـەدا پیـاوانی گونـد بـۆ راوكـردن نەچـوونە دەریـا. بـەڵكو، هـەموویان بەگونـدەكانی دەوروبـەردا سـۆراغی ونبووەكانیـان دەكـردو لەهەمانكاتـدا ژنـانی گونـد چـاودێریی خنكاوەكـەیان دەكـرد...دەسـتیانكرد بـەلابردنی ئـەوقوڕو لیتەیـەی لەسـەر جەسـتەی كۆبوبـووەوەو ئـەو قـەوزەو گیایەشـی كـە بەقژیـدا نوسـابوو پاكیـانكردەوە، بەچەقۆش ئەوەی بەپێستییەوە لكابوو كڕاندیان.....

ژنەكان تێبینی ئـەوەیانكرد كـە ئـەو قەوزانـەی بەلاشـەكەوە لكـابوون لـەپۆلێنی ئـەو قەوزانەن كە لەقوڵایی دەریادا دەژیـن، جلوبـەرگی خنكاوەكـە شـڕبوو، هـەروەك ئـەوەی لەنێو بزرگەیەكی مەرجاندا مەلەی كردبێت، تێبینـی ئەوەشـیانكرد كـە خنكاوەكـە بـەڕێزو شكۆوە چاوی بەهەردوو فریشتەی مەرگ كەوتووە، چونكە روخساری نە ترسی خنكـاوانی دەریای پێوە دیاربوو و نەترسی خنكاوانی رووبارەكانیش.

کاتێك ژنان لەپاککردنەوەی بوونەوەو ئامادەیانکرد، لەپڕا هەناسەیان سوار بوو چونکە، تائێستا پیاوێکی ئاوا قۆزو بەشەوکەتیان نەبینیوە...

بۆشەوێ ژنانی دێ بەهۆی درێژی لاشەکەوە چ مێزێك یان چرپایەکیان نەدۆزییەوە بۆ ئەوەی خنکاوەکەی لەسەر دابنێن. نە گەورەترین پانتۆڵ بۆ قاچی دەبوو، نە گەورەترین کراسیش بۆ قەدو شانی، تەنانەت گەورەترین پێڵاویش بۆ پێکانی نەدەبوون. ژنان لەبەرامبەر ئەم جەستە مەزنەدا هۆشیان نەماو ئیدی دەستیانکرد بەدورینی پانتۆڵێك لەقوماشی چارۆکەکان و کراسێك لەقوماشی(ئۆرغەندی)تەنك، چونکە هەر ئەمە لەجەستەیەکی وەها جوان و بەشەوکەت دێت...

ژنەکان لەشێوەیەکی بازنەییدا بەدەوری خنکاوەکەدا دانیشتن و هەریەکەیان لەنێو پەنجەیدا دەرزییەکی پێبوو دەستیانکرد بەدورینی جلوبەرگ بۆ خنکاوەکە، جاربەجاریش بەچاوی سەرسامییەوە دەیانڕوانییە لاشەکە: وابۆیان دەرکەوت کە ڕەشەبای هیچ شەوێك بەهێندەی ئەوشەوە بەهێز نەبووە، یان هیچ کاتێك دەریای کاریبی هێندە شلۆق نەبووە. یەکێك لەژنەکان وتی ئەمە پەیوەندی بەمردووەکەوە هەیە، یەکێکی دی وتی گومانی تێدا نییە گەر ئێستا ئەم پیاوە لەگوندەکەمان بژیایە ئەوا تۆکمەترین و گەورەترین خانووی لەگوندەکەدا دروستدەکرد، بێگومان دەرگاکانی گەورەو بنمیچەکەشی بەرزو زەمینەیەکی تۆکمەی بۆ ساز دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا چرپایەکی لەئاسن و پۆڵا بۆخۆی دروستدەکرد، خۆ گەر ڕاوچی بووایە ئەوا هێندەی بەس بوو کە ماسیەکان بەناوی خۆیانەوە بانگ بکات و ئەوانیش بێنە بەردەستی، گومانی تێدا نییە کە بەهێزەوە کاری دەکرد بۆ لێدانی بیرێك و بەمەش ئاوی لەبەرد دەردەهێناو سەرکەوتوو دەبوو لەڕواندنی گوڵ لەڕۆخی ڕووبارەکاندا.

هەریەکە لەژنەکان لەلایەن خۆیەوە دەستی کرد بەبەراوردکردنی خنکاوەکە لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا، ئەمە باشترین هەلبوو بۆ ئەوان کە پیاوەکانیان بەگەورەترین داماو ناوبنێن...

ئیدی ژنان کەوتنە بزرگەکانی ئەندێشەوە.

پیرەژنی گوند وتی ئەم مردووە ڕوخساری کەسێکی هەیە کەدەشێت بە(ئیستیبان) ناوی ببەین. ئەمە ڕاستبوو...چونکە، هێندە بەس بوو کە ژنەکانی دی بەتێڕوانینێك لەوە

بگەن کە جگە لەو ناوە ناکرێت هیچ ناوێکی تری بۆ دابنێن، بەڵام ئەوەی لەهەموویان گەنج ترو جوانترو کەللەڕەقتر بوو وا برەوی بەوەهمەکانی خۆی دا کە ناکرێت خنکاوێکی پێڵاو بریقەداری پاڵخراو لەپەنا گوڵەکاندا جگە لەناوێکی رۆمانسی وەك لۆتارۆ بەولاوە، هیچ ناوێکی دیکەی لێبنرێت...

لەڕاستیدا ئەوەی پیرەژن وتی دروست بوو... چونکە، شێوەی مردووەکە بەجلەکانییەوە زۆر ناقۆلا بوو، لەبەرئەوەی ژنەکان باش پێوانەیان بۆ نەکردبوو ئەو پانتۆڵەی بۆیان دووری کورت و تەسك دەرچووبوو، هەروەها هەموو قۆپچەی کراسەکەشی پچڕابوون، هەر دەتگووت دڵی زۆر بەتوندی کەوتۆتەوە لێدان...دوای نیوەشەو رەشەباکە خۆشی کردەوەو دەریاش ئارام بوو، ئیدی بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا. لەوکاتەدا ژنان کۆکبوون لەسەر ئەوەی کەدەشێت ئەم خنکاوە ناوی ئیستیبان بێت، ئەوشەوە حەسرەت یەخەی ژنانی بەرنەدا ئەوکاتەی هەندێکیان جلیان لەبەرکردو هەندێکی تریان قژیان بۆ داهێناو نینۆکیان کرد و ریشیان تاشی. بەڵام، هیچیان هەستیان بەپەشیمانی نەکرد کاتێك لاشەکەیان لەسەر زەوی بەجێهێشت و خۆشیان گەڕانەوە بۆ ماڵ. لەڕێی گەڕانەوەدا هەریەکەیان بیری لەوە دەکردەوە کە چەند خنکاوەکە گوناح بووە چەند گرفتی گەورە بەهێندەی قەبارەی خۆی تا مەرگ راوی ناوە، گومانی تێدانییە کە هەمیشە خۆی دانەواندووە کاتێك لەدەرگایەکەوە تێپەڕیبێت...گومانی تێدانییە کە لەهەموو سەردانێکیدا ناچار بووە وەکو کەر بوەستێت تا خاوەن ماڵ کورسیەکی پتەوی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە لەسەری دابنیشت و نەشکێت...گومانی تێدا نییە کە خاوەن ماڵ هەر دەم بەدوعابووە تا کورسیەکە نەشکێت، ئیستیبانیش ناچار بووە زەردەخەنەیەکی رەزامەندی بکات، بۆئەوەی هەستی خۆی دەرببڕێت بەوەی کە رازییە بەپێوە بوەستێت...گومانی تێدانییە کە ئەمانە هەمیشە دوبارە بوونەتەوە لەلای...هەروەها گومانی تێدانییە کە خەڵکی کاتێك پێیانوتووە لامان بمێنەرەوەو قاوەمان لەگەڵدا بخۆرەوە ئەویش بەهانەیەکی بۆ رۆیشتن دەدۆزییەوە کاتێکیش کە دەرۆیشت خەڵکی لەنێو خۆیاندا دەیانچرپاندو دەیانووت سوپاس بۆ خوا ئەم کەرەمان لەکۆڵبوەوە.

ئەمە بوو بیرکردنەوەی ژنان لەخنکاوەکە کاتێك بەزەییان پێدا دەهاتەوە...

بۆ بەیانی کاتێك ژنان روخساری خنکاوەکەیان بەلاوازی بینی دایانپۆشی لەترسی ئەوەی نەبا تیشکی خۆر بیسووتێنێت.

ئەوان مردووەکەیان وەك مێردەکانیان بەلاوازی دەبینی هەربۆیە فرمێسکی رەحمەت و بەزەیی بەچاویاندا دەهاتە خوار، لەوکاتەدا یەکێکیان دەستی کرد بەهاوارو قیژەقیژ ئەمەش تا دەهات هەستی ژنانی زیاتر دەکرد بەوەی کە خنکاوەکە پترو پتر لەئیستیباندەچێت...

ئیدی گریان هێندە زۆر بوو تا خنکاوەکە بووە داماوترین داماو لەسەر زەویدا...

دوای ئەوەی پیاوانی گوند دڵنیابوون کە خنکاوەکە هی گوندەکانی دەوروبەر نییە گەڕانەوە، فرمێسك و دڵخۆشی بەیەکەوە لەسەر روخساری ژنان دەرکەت، ژنان وتیان سوپاس بۆ خوا مردووەکە هی گوندەکانی تر نییە کەواتە هی ئێمەیە !..

سەرەتا پیاوان وایانزانی ئەمە هەر ریاییەکە لەلایەن ژنانەوە، هیلاکی تەنگی پێهەڵچنیبوون، ئیدی هەموو خەمەکەیان ئەوە بوو کە زوو ئەم نامۆیە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە پێش ئەوەی خۆر بەتین بێت و رەشەباش گڕ بسەنێت. پیاوان تابوتێکیان لەپاشماوەی چرۆکەکان دروستکرد و بەتاڵی گژوگیای دەریا بەستیانەوەو پتەویانکرد بۆ ئەوەی بتوانێت تا تەوژمەکە بەرگەی کێشی خنکاوەکە بگرێت و سەنگێکیان بەقاچییەوە بەستەوە بۆ ئەوەی بێگرفت بچێتە خوارەوە تا ئەوقولاییەی تیایدا ماسییەکان کوێرن و مەلەوانەکانیش بەچێژو ئۆرجازمەوە تیایدا دەخنکێن، ئەمەیان بەجۆرێك لەقاچەکانی بەستەوە تا چیتر وەك لەگەڵ مردووەکانی پێشتردا رویداوە تەوژمی وێڵ لاشەکەیان بۆ نەخاتەوە سەر ئاو.

بەلام، پیاوان تا پەلەیان بکردایە ئەوا ژنان بەهانەیەکیان بۆ کات بەفیڕۆدان دەدۆزییەوە، ئیدی خەڵکێکی زۆر لەدەوری لاشەکە کۆبوبونەوە. هەندێك لەژنان دەیانویست بۆ بەخت باشی کەتافییەك لەشانی راستی ببەستن هەندێکی تر دەیانویست قیبلەنومایەك لەئانیشکی چەپییەوە ببەستن، بەلام دوای ململانێیەکی جەستەیی و شەڕەزمانێکی زۆر لەنێوان ژناندا پیاوان دەستیانکرد بەهاوارکردن و دەریانکردن و وتیان ئەم گێرەشێوێنییە چییە، ئەوەچیدەکەن؟ ئایا نازانن کە سەگەماسییەکان بێئۆقرە چاوەڕوانی ئەم لاشەیەن؟ ئەم هەرایە چییە، ئایائەمە تەنها جەستەیەك نییەو بەس؟..

دوای ئەمە ئافرەتێك سەرپۆشی مردووەکەی لابردو پیاوان لەسەرسامیدا هەناسـەیان لێبڕا: خۆئەوە ئیستیبانە! پێویست ناکات ئەوە دووبارە ببێتەوە ئیدی ناسیان کـە بێجگـە لەو کەسیتر نییە، بۆنموونە بڵێی یەکێك پێی وابێت ئەم خنکـاوە والتەربـەگ بێـت! ؟ گـەر وابوایـە ئـەوا بێگومـان خـەڵکی گونـد ئەندێشەی زمانـە ئەمەریکییەکـەیان دەکـرد بـەڵکو لەمەش زیاتر ئەندێشەی ئـەوەیان دەکـرد تفـەنگێکی کـۆن لەسـەر شـانی بێـت و تەقـەی لەمرۆڤخۆرەکان پێبکات... بەڵام، ئەو لاشەیەی لەبەردەمیاندایە وانییە، بەڵکو لاشـەیەکی زۆر ناوازەیە!

ئـەوە ئیـستیبانە لەبـەردەمیان وەك ماسـیی سـەردین درێژبوەتـەوەو پێـی پەتییـەو پانتۆڵی مەلۆتکەیەکی لەبەردایە، هەروەها ئەو نینۆکانەش کـە بەچـەقۆ نـەبێت نـابڕدرێن، بەڕاستی شەرم بەڕوخساری لاشەکەوە دیار بوو، داماوی وا گوناحی چییە، گەر ئاوا درێژو قورسبێت و هێندەش قۆزبێت؟.

گومانی تێدانییە شوێنێکی تری هەڵدەبژارد بۆئەوەی تێیدا بخنکێت گەر بیزانیایە چی چاوەڕوانێتی. یەکێك لەپیاوەکان وتی گەر منبوومایە ئەوا پێشئەوەی خۆم فڕێبدەمـە نـاو ئاوەکەوە سەنگێکم بەملی خۆمەوە دەبەست..ئیدی ئێوەم لـەم هـەموو هیلاکییـەو لـەم لاشە قەڵسهێنەی خۆم رزگار دەکرد.

دانیشتوانی گوند گەورەترین جەنازەیان سازکرد کەئەندێشە بکرێت بۆ خنکاوێکی بـێ پێناسـە. هەنـدێك لـەژنانیش ئەوانـەی کەچـووبوون بـۆ ئامـادەکردنی گـوڵ لەگـەڵ ژنـانی گوندەکانی دەوروبەر گەڕانەوەو هەر بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کەوا بیستویانە.

کاتێـك ژنـانی گونـدەکانی دیکـە لەشـێوەی خنکاوەکـە دڵنیـابوون بەپەلـە چـوون بـۆ هێنانی گوڵ و ژنی زیاتر تا شوێنەکە پڕ بوو لەگوڵ و ژن..

لەدواساتەکاندا دانیشتوانی گوند بەئازاربوون کەهەروەك هەتیوێك خنکاوەکـە دەدەن بەدەم دەریـاوە، ئیـدی هەسـتان بەهەڵبـژاردنی دایـك وباوکێـك بـۆ خنکاوەکـە لەباشـترین کەسی خۆیان، هەر زووش هەندێکی تریان خۆیان کرد بەخوشك و برای و هەنـدێکی تریـان خۆیـانکرد بـەخاڵ ومـامی و هـەتا هـەموو دانیـشتوانی گونـد بوونـە خـزم و کەسـوکاری، لەوکاتەدا کە خەڵکی ململانێی چوونە ژێر تابووتەکەیان بوو بۆ بـەڕێکردنی بـەرەو شـوێنی

تەووژمەکە خەڵکی گوند تێبینی ئەوەیانکرد کە شەقامەکانیان تەسکوباریکەو خاکەکەیان وشکەو چەندێکیش بیرو رایان ناشۆینە گەر بەراوردی بکەن بەجوانی ئەم خنکاوە.

پیاوان لاشەکەیان دا بەدەم تەوژمەکەوە بەڵام، بەبێئەوەی سەنگی لێببەستن بۆئەوەی دوبارە بگەڕێتەوە لایان، لەوساتەدا کە مردووەکە بەرەو قوڵایی دەریا رۆدەچوو هەناسەی خۆیان گرتوو وایان هەستکرد کە یەکێك لەدانیشتوانی گوندەکەیان لەدەست چووە، ئیدی لەوساتەوە درکیان بەوەکرد کە زۆر شت هەیە پێویستە بیگۆڕن لەگوندەکەیاندا...

درکیان کرد کە ماڵەکانیان پێویستی بەدەرگای بەرزترو بنمیچی پتەوتر هەیە بۆئەوەی رۆحی ئیستیبان بەئارەزووی خۆی بەناو گونددا هاتوچۆ بکات و بەئاسانی و بەبێئەوەی لەبەر دەرگاکان خۆی دانەوێنێت بچێتە ماڵانەوە، بێئەوەی یەکێك چرپەی بێت و بڵێت کەرەکە مرد..

هەر لەو رۆژەوە خەڵکی گوند بڕیارياندا کوخەکانیان بەڕەنگی جوان و پرشنگدار بۆیاخبکەن وەك رێز گرتنێك لەئیستیبان...ئیدی پشتی خۆیان لەهەڵکەندنی بیری نێو بەرددا دەشکێنن و خۆیان لەچاندنی گوڵدا هیلاکدەکەن بۆ ئەوەی دەریاوانەکانی داهاتوو بەبۆنی گوڵ بەخەبەربێنەوەو سەرۆکی دەریاوانەکانیش ناچاربێت بەخۆی و قیبلەنوماکەیەوە لەکەشتییەکەی بێتە خوارێ و ئاماژە بۆ ئەو بەرزاییە بکات کە بۆنی گوڵەکانی بەرەو ئاسۆ پەخشدەکات و بەهەموو زمانەکانی جیهان هاوار بکات و بڵێت بڕواننە ئەوێ کە ئارامی (با) و روناکی خۆری لێوەدێت. ئەوەتا گوندەکەی ئیستیبان.



## دیدار لەگەڵ
## موزیکژەن شێرزاد سەر سپی

موحسین یاسین



## دیدار لەگەڵ
## هونەرمەندی پەیکەرتاش
## ئازاد جەمال تاهیر

چنور محەمەد



## دیدار لەگەڵ ماشەڵڵا محەمەدی

دلشاد خۆشناو

## سینەماکاران پێشنیازی
## پێکهێنانی ستراتیجییەتی هاوبەشی
## سینەمای کوردیی دەکەن

دلشا یوسف

## دیدار لەگەڵ شلێر کۆیی

ڕێبواری ئازادی

# هونەر

## شێرزاد سەرسپی:



# ئەو کاتە دەڵێم هونەر بکرێتە پیشە، کە هونەرمەند مافەکانی پارێزراو بێت

### دیداری: موحسین یاسین

هونەرمەندی موزیکژەن شێرزاد سپی، ماوەی (٣٥) ساڵە کاردەکات و لەسەر ئاستی کوردستان وەکو موزیکژەنێکی لێهاتوو ناسراوە، ساڵی ١٩٤٨ لەشاری هەولێر لەبنەماڵەیەکی هەژار لەدایکبووە، لەتەمەنی منداڵییەوە حەزی لەموزیك بووەو هەر ئەو حەزەش وایلێکردوە کە ئامێرێکی موزیکا پەیدا بکات و لەڕێی مامۆستا نورەدین ئیبراهیم و لەسەر دەستی ئەو فێری ژەینی ئامێری عود ببێت، ساڵی ١٩٦٨ چووەتە تیپی موزیکی سەندیکای مامۆستایان.

دواتریش لەتیپی موزیکی هونەرو وێژەی کوردی درێژەی بەکاری هونەریی داو پاشان بۆتە سەرۆکی ئەو تیپە.

پاشان چەند تیپێکی تری مۆزیکی دامەزراندووەو ئێستا سەرپەرشتیاری تیپی موزیکی رەسەن و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی هونەری موزیکە لەشاری هەولێر.

لەدیمانەیەکدا بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری هەنار هێنامانە دواندن:

**بۆچی هەر لەسەرەتای دەستکردنت بەکاری هونەریی ئامێری (عود)ت هەڵبژارد؟**

سەرەتا کە گوێم لەدەنگی عود بوو هەموو گیانم دەهاتە هەژان و زۆرم حەز لێی بوو، ئەو کاتە ئامێری عود هێندە بڵاونەبوو تاکو لەتەلەفزیۆن بیبینم، بەڵکو تەنیا لەرادیۆوە گوێبیستی ببووم، پاشان ئەوە لەماڵی مامۆستا نورەدین ئامێری عودم بینی کە دەیژەنی.. ئیتر هەر ئەوەبوو زۆر مەراقم بوو پاشان کە فێری بووم ویستم جێگەی خۆم بکەمەوە لەیەکێك لەگروپەکاندا. ئەو کاتەش گروپی موزیك کەم بوو، ئەو گروپەش کە من پەیوەندیم پێوەکردن خۆیان ژەنیاری ئامێری عودیان هەبوو، پێویستیان بەکەمانچەژەنێك هەبوو، هەربۆیە ناچار منیش خۆم فێری ئامێری کەمان کردو پاشان گەڕامەوە بۆ سەر ئامێری عود.

**وتەیەکی بەنرخ هەیە کە دەڵێت: لەپشت پێگەیاندنی هەموو پیاوێکەوە ئافرەتێکی مەزن هەیە، ئایا کێ لەپشت پێگەیاندنی تۆوەیە؟**

ئەو کەسە دایکمە کە لەپشت منەوە بووە.

**تا چەند موزیکی کوردی توانیویەتی وەڵامی خواست و ویستەکانی کۆمەڵانی کۆمەڵگەی کوردی بداتەوە؟**

تاڕادەیەك، بەڵام بەهیچ شێوەیەك تۆ ناتوانیت وەکو پێوەر بڵێیت رووبەرەکەی ئەوەندە گەورەیە، ئەوە لەگەڵ سۆزی مرۆڤدا بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام وەکو هونەرمەند ئێمە ئەگەر بیری لێبکەینەوە بەڕاستی دەڵێم بەداخەوە لەم دواییەدا خەریکە دەخزێینە ناو موزیکای تورکی و فارسی و میسری، هەر لەبەرئەوش بوو بیرم لەوە کردەوە کە گروپی رەسەن دروست بکەین و گرنگی پێبدەین، چونکە ئامێرەکان خۆیان دەدوێن و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت کاریگەریی لەسەر ئەو گروپە دروستبکرێت و لەڕەسەنایەتی خۆی بێتە دەرەوە.

**کەواتە هونەری موزیک گەیشتووەتە بنبەست؟**

نەخێر بنبەست نییە، بەڵام هەموو هەوڵەکان لەئارادایە بەهەموو لایەك دەکرێت بیر لەوە بکەینەوە موزیکای رەسەنایەتی خۆمان لەبیرنەکەین و بیپارێزین و شانبەشانی هەموو مۆزیکای جیهان بڕۆین.

مۆسیقا سنووری بۆ نییه، بەڵام لەڕووی رووحییەتەوە دەکرێت ئێمەش وەکو میللەتان روحییەتی خۆمان بپارێزین، چونکە ئێمە بێ ئاڵاو بێ کیان و بەماڵوێرانی و دەربەدەری لەچ بارودۆخێکەوە گەیشتووینەتە ئەمڕۆ. زۆر میللەتی تر لەهونەری ئێمە سوودیان وەرگرتووە، بابێین ئەوانە پاراو بکەین و بگەڕێنینەوە باوەشی هونەرە رەسەن و بەرفراوانەکەی کە لەکوردستان هەیە.

**کەواتە تۆ کێ بەتاوانبار دەزانیت لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی بەرهەمی لاواز؟**

بەتایبەتی راگەیاندنەکان کە رۆڵێکی سەرەکیان هەیە، چونکە توانایان هەیە زەوقی بینەرو بیستەر بگۆڕن، بەڕاستی ئێمە لەسەردەمانێك کە کاری موزیکمان دەکرد لەگەڵ گۆرانیبێژانی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان توانیمان رەسەنایەتی بپارێزین، بەڵام تەماشادەکەیت راگەیاندنەکان ئەمڕۆ هەموو ئەو گۆرانییانە کە ئێستا لەم سەردەمەدا هەیە، تەنیا بایەخیان بەوان داوەو شتە کۆنەکانیان لەبیرکردووە، لەزۆر لەکەناڵەکان بۆ نموونە نە تاهیر تۆفیق، رەسوڵ گەردی، تەحسین تەهاو فوئاد ئەحمەد، هەر نابینیت و دانابەزێت یاخود کەم دەبینرێن، لەکاتێکدا ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بەوانە هەیەو پێویستە گوێچکەی گەنجان ئەمڕۆ بەوانە رابهێنین کەوا لەسەر ئەو شێوازە موزیك فێربن.

**ئایا دەتوانین بەر لەبڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە لاوازانە بگرین؟**

بەڵێ دەتوانین، چونکە بینەرو گوێگر ئەوان سەنگی مەحەکن و هەر ئەوان خولیای موزیکن و دەتوانن بڕیار بدەن، بەڵام ئەگەر ئێمە هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین ئەو شتە رەسەن و راستییانە لەگوێ و دیدیان بسڕینەوە، ئەوان واتیدەگەن کە خۆی هەروایە.

بۆیە دەڵێم کاری ئێمەی هونەرمەندان بەتایبەتی کە بتوانین رەسەنایەتی خۆمان لەهەموو بوارەکانی هونەردا بپارێزین.

**تیپی مۆزیکی (رەسەن)تان کەی دامەزراند؟**

ئەم تیپە بۆ ماوەی زیاتر لە (٥) ساڵە دامەزراوە، هەموو ئامێرەکانی تیپەکەمان کوردین، ناهێڵین موزیکی هیچ نەتەوەیەکی تر زاڵ بێت بەسەر بەرهەمەکانماندا، ئێستا سەرپەرشتیاری راستەوخۆی تیپەکە دەکەم و هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو

ئـەمڕۆ كۆمـەڵێك چـالاكیمان هـەبووە لەشـارەكانی دهـۆك و هـەولێرو لەڕاگەیاندنـەكانیش بەتایبەتی كەناڵی ئاسمانی نەورۆز كوردستان TV و زاگرۆس، جگـە لەوانـەش لـەوڵاتانی دەرەوە چالاكیمان ئەنجامداوە، وەكو پاریس و ئسكۆتلەنداو جنێف و ئەڵمانیاو هۆڵەنـداو توانیومانە موزیك و ئاوازی رەسەنی كوردی بەگوێی خەڵكی ئەو وڵاتانە ئاشنا بكەین.

**وەزارەتی رۆشنبیری تا چەند هاوكاری كردوون؟**

خـودی بـەڕێز كـاك فەلەكـەدین زۆر هاوكـاری كـردوین و بایـەخی بەتیپەكـەمان داوەو ئاسانكاریی بۆ كردووین لەڕووی ماددییەوە.

**بەڕای تۆ هونەرمەندی كورد توانیویەتی هونەر بكاتە پیشەی خۆی؟**

تاڕادەیەك نەخێر، چونكە نەیتوانیوە بەهونەرەكەی بژی، من ئـەو كاتـە دەڵـێم هونـەر بكرێتە پیشە كە هونەرمەند مافەكانی پارێزراو بێت، هونەر نەگاتـە ئاسـتی بازرگـانی هـیچ ململانێیەك دروست نابێت و كاری هونـەریی بـاش خـۆی خـۆی دەفرۆشـێت، ئەگـەر ئێمـە بازاڕێكمان نەبێت ناتوانین كاری هونەری باش و خراپ لەیەك جیابكەینەوە.

بۆ نموونـە سـینەما، بازرگانیكردنـە، كاتێـك كـە فیلمێكـی سـینەمایی دەكـەیت ئەگـەر نەفرۆشرا كەواتە كارێكی خراپەو تەواو نییە.

## ئازاد جەمال تاهیر:



# ناوەندی مەعریفی تاکە رێگەیەکە بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت ئەو دیوارە ببڕێت کە دەبێت بەڕێگر لەبەردەمیدا

**دیداری: چنور محەمەد**

**دەمەوێت سەرەتا لەو وتەیەوە دەست پێبکەم کە لەدەلیلی دوایەمین پێشانگەی تایبەتیتدا نوسرابوو، (هەمووومان بەیەکەوە... بۆ پاراستنی ژینگە)، لەکاتێکیشدا پێشانگەکەت پڕە لەقەدی داری بڕدراو و ئیشەکانت لەسەر دار کردووە، ئەمە پێچەوانە نییە؟**

ڕەنگە تۆ ئەمە بەئیشکردنێکی پێچەوانە بزانیت، یەکەمیان، ئەمە دروشمی من نییە، بەڵکو دروشمی وەزارەتی ژینگەیەو ئەوان ئەو پێشانگەیەیان کردەوەتەوە، دووەمیان کاتێك من ئیشم لەسەر دارکردووەوە داریش بەشێکە لەژینگە، من دارەکانم نەبڕیوەتەوە، بەڵکو هەموو ئەو دارانە لەژێر خۆڵ و خاشاکدا دۆزیمنەتەوە من دەرمهێناون و پاکم کردونەتەوە، لەڕێگەی شێوەو پەیوەندی فەزایی و پەیوەندی نێوان کەرەستەکانەوە

توانیومـە ئـەرکێکی جوانکـاریی و شـێوەییان پێببەخـشم، جـارێکی تـر ئەمانـە بکەمـەوە بەگوتار، بۆ ئەوەی لەفەزایەکی هونەریی و جوانیی و دەربڕیندا پیشانی خەڵکی بدەمـەوە، کە ئەمانە نامرن و توانای مردن و شـکاندن و دەسـتدرێژی کردنـە سـەریان نییـە، ئەمانـە بوونەوەرێکن وەکـو ئێمـە، بگـرە لەئێمـەش زۆر بەپەرۆشـترن بـۆ بـەرگریکردن لەمێـژووی ئێمە، کاتێك ڕۆیشتین و وڵاتمان بەجێهێشت تاکە شـتێك کـە مایـەوە سروشـت و دارەکـان بوون، بەهەزارەها فیشەك و قومبەلەیان بەرکەوت، لەشوێنی خۆیان نەجوڵان، تەنانەت کە هەڵیشدەکەنرێن بەڕەگەکانیانەوە لەسەر وڵاتەکەیان رادەکشێن، چونکە ئەوان ئینتیمایـان بۆ وڵاتەکـە هەیـە، لەبەرئـەوە مـن نـەهاتوم تـا جـارێکی تـر ئەمانـە لەژینگـەدا سـەرببڕم، بەپێچەوانەوە کە تۆی بینـەر دێیتـە پێشانگەکەوە کەرەسـتەو ئیـشەکان دەبینیـت، هـەر کەرەستەیەك داواکاریەکی هەیە لێت، لەهەمانکاتدا شتێکیش نمایشدەکات، ئـەم کـارەش ئـەرکی منـە وەکـو هونەرمەنـد کۆمـەڵێك شـت کۆبکەمـەوە کـە لـەدەرەوەی هـۆڵی پێشانگاکەدان، ئەو دارانەی تۆ دەیانبینیت خۆمـان بـەدەیانجار بەسـەریاندا ڕۆیـشتوین و پارچـە داری وای تێدایـە چـەندین جار پیسایی بەسـەردا کراوەو روشـنێدراوەو ناشـیرین کراوە، جارێکی تر ئەمانەم پاك کردۆتەوە، چـونکە هەسـتمکردووە بەشـێکە لەسروشـت و نابێت بمرێت، ئەو ناڵە ئەسپەی لەسـەر پارچـەیەك دار جێگیـرم کـردووە مانـای وایـە مـن جارێکی تر ژیانم کردۆتەوە بەبەرداو هەر خۆشی بەشێك لەلەشی ئاژەڵێکی پاراستووە کـە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی ئامادەکراوە.

**کاتێـک تـۆ لەسـەر ئـەو شـێوە ئیـشکردنە بـەردەوام بوویـت، ئەگـەر ئـەو کەرەستەیە نەما تۆ چۆن ئیشدەکەیت؟**

ئەگـەر لـەڕووی شـێوازەوە سـەیری بکـەین لەوانەیـە وردە وردە بـەرەو خاڵێـك بـڕۆن، پرۆژەی ئایندەم لەسەر دەرگایە، لەبەرئەوە ئەم ئیشانە دەبن بەدەرگا، پرۆژەیـەك هەیـە بەناوی دەرگاکان، بابزانین دەرگا چی بووە چۆن سەرچاوەی گرتووەو لەکوێوە هـاتووە - یان ئێمە دەرگا بۆ بەکاردەهێنین، ئایا ئێمـە ڕێـز لـەدەرگا دەگـرین، کـە ڕێـزی لێـدەکرین بۆچـی؟ لەبەرئەوەیـە پارێزگاریمـان لێـدەکات یـان نهێنیـەکانمان دەشـارێتەوە، یـان لەبەرئەوەی هەر خۆی بەشێکی جوانە، ئەمانە لەداهاتوودا هێواش هێواش دەگۆڕێن.

**بەهەمان کەرەستە؟**

ڕەنگە بەهەمان کەرەستە بێت، بەڵام ستایلێکی ئەندازەیی وەردەگرێت، لەوانەیە ئەوکاتە من پێویستم بەدارێك نەبێت شێوەی سروشتی خۆی تێدا بێت، با ئەمجارەیان بزانین ئەندازە لەگەڵ هەست و هونەری ئێمەدا چۆنەو چییە، جوانیی لەئەندازەدا چییە، کاتێك بیر لەو پرۆژانە دەکەمەوە لەو سەردەمە مۆدێرنەی ئێمەی تێداین، من دەمەوێت ئەوانە خەسڵەتی مۆدێرن نیشان بدەن، کە نامەی ماستەرەکەشم هەر ئەوەیە باس لەسیمات و نیشانەکانی پەیکەرتاشی کوردیی مۆدێرن دەکات، بزانین هەمانە یان نیمانە، ئەم پرۆژانە بەرەبەرە بەرەوپێشەوە دەڕوات لەوانەیە دوا پرۆژەی ببێت بەیەك پارچە سەوز یان سپی یان لەوانەیە تۆ بێت و من هۆڵێکت بە بەتاڵیی بۆ نمایش بکەم، بڵێم ئەمە ئەنجامی پرۆژەکانی منە.

**بۆچی هونەرمەندە پەیکەرتاشەکان هەمیشە ترسیان لەئیشکردن هەیە، بەو مانایە ئەوان لەئەندێشەی خۆیاندا پەیکەرێکیان داتاشیووەو دەترسن لەگواستنەوەی ئەو پەیکەرە بۆ واقیع کەموکورتی بهێنێت، ئەم حاڵەتە هەندێکجار وا لەهونەرمەند دەکات ئیشی هونەریی نەکات و دواتر دوور بکەوێتەوە، تۆ وەک هونەرمەندێکی پەیکەرتاش چۆن دەتوانیت بەسەر ئەو حاڵەتەدا زاڵ بیت، یان چ شتێک هەیە هونەرمەند لەم دۆخە رزگار بکات؟**

پرسیارێکی زۆر جدی و جوانە، دیارە تاکە ڕێگر لەبەردەم هونەرمەند بۆ ئەوەی بتوانێت بگۆڕێت مەعریفەیە، بوونی مەعریفە لەلای هونەرمەند کۆڵەکەیەکی سەرەکییە، تۆ پێتوانەبێت ئەو ئیشانەی تۆ بینیت لەدوا پێشەنگامدا باکگراوەندی مەعریفی لەگەڵدا نەبێت، نەخێر هەموو ئەو کارانە کۆڵێك باکگراوەندی مەعریفیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەگەر بتەوێت گۆڕانکاریی لەئیشێکدا بکەیت، سەرەتا دەبێت بزانیت گۆڕانکاریی چی بووە ؟چۆن گۆڕان ڕوودەدات؟ گۆڕان لەشێوەدا چییە؟ چۆن لەواقیع دەردەچیت و وازی لێدەهێنیت؟ یان چۆن لەچەق دەردەچیت؟ هەموو ئەوانە پێویستیان بەمەعریفە هەیە، ناوەندی مەعریفی تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت ئەو دیوارە ببڕێت کە دەبێت بەڕێگر لەبەردەمیدا، خۆشبەختانە من توانیومە ئەو ڕێچکەیە بشکێنم، توانیویشمە زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی ئەو باکگراوەندە مەعریفییە ببمەوەو ماندووبم لەگەڵیداو خوێندنەوەی لەسەر بکەم، هیچ شتێکیش لەخۆڕا نەهاتۆتە بەرهەم، زۆر جار ئەو باکگراوەندە مەعریفییە، ئەو وێنە زهنییەی کە لای تۆ هەیەو نەبۆتە وێنەیەکی

واقیعی و ئاستێکی بینین، ئەو وێنەیە ئەگەر هاتوو مەعریفەیەکی گەورەی لەپشتەوە نەبێت، هەرگیز تۆ ناتوانیت بەرجەستەی بکەیت، مەعریفە خۆی بەتەنیا نا، بەڵکو مەعریفە بەپشکنین، کاتێك تۆ دەخوێنیتەوە دەبێت بزانیت چی دەخوێنیتەوە، چۆن دەخوێنیتەوە، ئەو خوێندنەوەیەت بۆ چییە، تەنیا ئاستێکی رووکەشییە بۆ ئەوەی تەنیا بخوێنیتەوەو بزانن کە تۆ دەخوێنیتەوە، یان بەڕاستی پشکنینێك دەکەیت، تۆ کاتێك دەخوێنیتەوە پێویستت بەپشکنین هەیە، لەپێناوی چییدا ئەوە دەخوێنیتەوە، من ئەگەر پێشتر گۆڕانکاریم لەئیشەکانی هێنری مۆردا نەبینیبێت، نازانم چۆن گۆڕانکاریی بکەم، دەبێت من هێنری مۆر، فۆکۆ بخوێنمەوە، جاکۆمیتی بناسم و بزانم چی کردووە، چۆن ئەو شێوانەی درێژ کردۆتەوە، شتێکی تر کە زۆر گرنگە قۆناغی ئەکادیمیەتە، کە ڕێگەیەکە زۆر گەورەترە، لەبەرئەوەی تۆ بتوانیت ئەو قۆناغە زۆر ئازاو سەربەستانە ببڕیت، ئەو قۆناغە بۆ هونەرمەند زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ پەیکەرتاش، چونکە ئەگەر تۆ نەتوانیت شێوەیەکی واقیعی بەرجەستە بکەیت، بەڕاستی ناتواتیت گۆڕانکاریی لەئیشەکەدا بکەیت، ناکرێت قۆناغێك بەجێبهێڵیت و بچیتە قۆناغێکی ترەوە، بەهۆی یارمەتی چەند مامۆستایەکەوە توانیومە ئەو ئەرکە جێبەجێبکەم، من بەردەوام لەگەڕان و خوێندنەوەکانمدا بۆ گۆڕینی شێوەو بابەت، چۆن بتوانیت بابەتێك لەخزمەتی هونەرەکەدا بەکاربهێنین کە تاوەکو ئێستا نامۆ بوو پێی.

**ئایا هونەرمەند پێویستی بەوە هەیە لەبوارەکانی فەلسەفەدا بخوێنێتەوە؟**

بەدڵنیاییەوە، ئەوە ئەرکێکی هونەرمەندە، من باوەڕم وایە ئەگەر نەزانیت فەلسەفەی بوون چییە ناتوانیت، هەندێك گۆڕانکاریی بکەیت، دەبێت هونەرمەند فەلسەفە بخوێنێتەوەو شارەزایی هەبێت لێی، بەلایەنی کەمەوە دەبێت ئاگات لەدەروونناسیش بێت و زمان بزانیت، بەڕاستی هونەرمەند خۆی هەموو ڕەهەندەکانی تێدایە، هەر وەك چۆن هونەر هەموو زانستەکانە، بەهەمانشێوەش هونەرمەند دەبێت بەهەموو ئەمانە بارگاوی بێت، ئەگەر وا نەبێت ئەوا کەموکوورییەك دروستدەبێت، ئەگەرچی بەتەواوی بەهەموو ئەمانە راناگەیت، بەڵام دەبێت بەشی ئەوەندەت لا بێت کاتێك گۆڕانت لەئیشێکدا کرد بەباشی تەواو بێت و بێکەموکووڕی بێت.



**هەندێکجار فەلسەفەو هونەر لەگەڵ یەکدا نایەنەوە، چونکە هونەر خۆشی سەرۆکاری لەگەڵ ئاستی هەست و بینینە، ئەگەر چی فەلسەفە لەدەوری ئەقڵدا دەسوڕێتەوە، هونەر زۆر جار کێشەی ئەوەی هەیە کە دەڵێت تکایە بەفەلسەفە مەمکوژن؟**

ئێمە ئەگەر بیر لەسەردەمی یۆنان بکەینەوە، فەلسەفە رابەرایەتی زانست و هونەریشی دەکرد، لەدوای رینێسانسەوە، زانست بوو بەڕابەر، واتە فەلسەفە لەگەڵ زانستدا تێکەڵ بوون، ئەمرۆ مۆدێرن، و پۆست مۆدێرن، داوای ئەوەمان لێدەکات هەمیشە بگۆڕێین و لەشوێنێکدا چەق نەبەستین، لەبیرت نەچێت من پێویستم بەفەلسەفە هەر هەیە، تۆ چۆن هونەر بەفەلسەفە دەکوژیت، هونەر پێشئەوەی هەر شتێك بێت شێوەیە، مادام هونەر شێوەیەو تۆ دەستت لەدروستبوونی ئەو شێوەیەدا هەیە، کەواتە تۆ نەتکوشتووە، بگرە بەپێچەوانەشەوە فەلسەفە هاوکاریتدەکات.

**من مەبەستم لەوەیە فەلسەفە هونەرت بیر بباتەوە، لەخزمەتی هونەردا ئیش بکات، نەک بەتەنیا وەک خۆی؟**

بەدڵنیاییەوە، دەبێت فەلسەفە لەخزمەتی هونەردا بێت، ئەگەر فەلسەفە بیەوێت شێوەیەك لەشێوەکانی تۆ ناشیرن بکات، تۆ نابێت هەرگیز لێ نزیکبیتەوە، هەمووشمان باش ئەوە دەزانین فەلسەفە جگە لەتەرح هیچی تر نییە.

**چۆن تۆ دارشتنێکی زیندو بۆ ئیشەکانت هەڵدەبژێریت؟**

تۆ پەیکەرێکی سروشتی دەکەیت تۆ چۆن بەزیندویەتی دایدەتاشی، لەسەرەتادا هەرچی رێژەی بیرکاری لەم جەستەیەدا هەیە دەبێت دەقاو دەق هەمووی وەرگریت، لەشی مرۆڤ پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزە، هەمووی هاوکێشەی بیرکارییە بەرێژەیەك دابەشبوون، ئەگەر لەهەریەکێکیان ملیمێکی لێبکەیتەوە، ئەم جەستەیە دەمرێت، زیندویەتی لەوەدایە تۆ دەقاو دەق لەم جەستەیە وەربگریت، بەجلوبەرگ نەیکوژیت، جوانی پەیکەرەکانی یۆنان و رۆمان لەوەدایە، راستە جلی لەبەردایە، بەڵام لەو شوێنەدا دانراوە کەپێکهاتەی لەشی نەکوشتووە، ئەو توێکارییەی جەستەکەی لەسەر دەکرێت نابێت بیکوژێت، دەبێت زۆر بەئاگایانە ئیشی تێدا بکەیت، شتێکی لەمەش گرنگتر ئەو مادەیەیە کە ئەو پەیکەرەی پێدادەرێژیت، بۆ نموونە مادەی برۆنز یەکێکە لەو مادانە زیندویەتیەکی زۆری تێدایە، کاتێك پەیکەرێك بەبرۆنز دادەرێژیت، هەست دەکەیت ئەو جەستەیە یەکجار زیندووە، چونکە ئەو مادەیە زۆر کاریگەری هەیە، قوریش بەهەمانشێوە وایە نەرمییەکی تێدایە چۆنت بوێت وا بەکاریدەهێنیت، ئەو هەستەی لەقورێکدا هەیە لەبرۆنزەکەشدا هەیە، بەڕای من رەنگە چیمەنتۆ ئەو حاڵەتەت نەداتێ.

**لێرە ئەو هونەرمەندە کێیە کە بەو شێوەیە ئیشدەکات؟**

زۆر هونەرمەندمان هەیە زۆر بەوریاییەوە ئیشدەکەن، یەکجار بەسەلیقەشە، بەڵام ئەوانە زۆر کەمن و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئەمە چۆن پەروەردە دەکرێت، ئەو هونەرمەندە دەبێت رازی بێت بەوەی کە ئەو لەکەموکوڕی بەدەر نییە، بتوانێت رەخنە وەربگرێت، رەخنە لەبارەی ئەو جەستەیەی کە دەیکەیت، بەتایبەتی پەیکەرتاشیی هەڵە قبوڵ ناکات، ئەندازەییە، یەك و یەك دەکاتە دوو، تەواو هەر ئەوەیە، ناتوانیت شتێکی تری بۆ زیاد بکەیت کە لەم جەستەیەدا بوونی نەبێت، ئەگەر هاتو ئەو

کەسە بەرامبەر بەمە وریا نەبوو، ئەوە دەکەوێتە سەر هونەرمەندەکە خۆی تا چەند دەتوانێت ئەو تێبینیانە وەربگرێت، چونکە هەموو هونەرمەندە گەورەکانیش بەتێبینی گەیشتونەتە ئەو ئاستە وەکو رۆدان، کە زۆر بەسەلیقەوە ئیشی کردووە، ئەگەر دوو هونەرمەند یەك مۆدیل دروست بکەن، جیاوازی لەنێوان هەردوو مۆدێلەکەدا هەیە، ئاستی یەکێکیان باشترە لەبەرئەوەی زۆربەی تەرکیزەکەی خستۆتە سەر مۆدێلەکە، پێوانەی بەکارهێناوە ئەو شێوەیەی کە لەمۆدێلەکەدا هەیە ئەوەی بەکارهێناوە نەك ئەوەی کە دەیزانێت، کە ئەمەیان زۆر گرنگە.

**بەدرێـژایی سـەدەکان دەبینرێـت کـە هونـەری پەیکەرتاشـیی هونـەرێکی فەرامۆشکراوە، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

ئەمە بەڕای من پەیوەندی بەکات و سەردەمەوە هەیە، ئەم سەردەمە سەردەمێکی تەکنەلۆژیایە زۆر شت دەکوژێت، هەر ئەو سیستمەی کە هەیەتی دەتکوژێت، بۆ نموونە مایکل ئەنجیلۆ لەکاتی خۆیدا پێنچ ساڵ خەریکی پەیکەرێك بوو، بەڕاستی ئەو کاتی هەبوو ئەوەندە ساڵە ئیش بکات، چونکە گوتاری ئەو کاتە گوتارێکی جیاواز بووە، گوتاری ئەو کاتە زیاتر سایکۆلۆژی و دینی بووە، سەرچاوەیەك هەبووە لەپشت ئەوەوە قسەی لەسەر کراوەو ئیشی بۆ کراوە، ئەو سەرچاوەیەی ئیشی بۆ کردووە ئاینیی بووە، وائیشی لەسەر ئەندامەکانی لەش کردووە بۆ ئەوەی بەتەواوی بەرجەستە بێت، واتە پەیوەندی بەسەردەمەوە هەیە، بۆ ئێستا ناکرێت تۆ چوار ساڵ بە ئیشێکەوە بکوژێت، ئەگەر من پارچەیەك بەرد بهێنم پێویستی بەتەکلیفێکی یەکجار زۆر هەیە، جگە لەوەش پێویستی بەشوێنێکی زۆر هەیە، ئایا هونەرمەندی ئەمڕۆ من وەك خۆم ئەو توانایەم هەیە؟ ئایا سیستم و دەسەڵاتێك هەیە یارمەتیم بدات؟ بێگومان نەخێر، لەڕووی ئابورییەوە سەختە، جگە لەشوێنێکی زۆر بچوك لەوە زیاتر تۆ ناتوانیت ئیشی تێدا بکەیت، بەڵام ئەو کات بەو شێوەیە نەبووە، هەتا ژیانیش بەو شێوەیە ئاڵۆز نەبووە، بۆ نموونە تۆ لەلایەك زمان دەخوێنیت، لەلایەکی تر کۆمپیوتەر لەلایەکی تریشەوە خەریکی کارێکی تری ئەو هەموو ئیشە پێکەوە ئیتر چۆن دەتوانیت پارچەیەك بەرد لەو شاخە بهێنیت، ئەی کێ نانت بۆ دەهێنێت، چۆن پەیدای دەکەیت، هەموو ئەمانە کێشەن و ناتوانیت ئیشی لەسەر بکەیت، بۆیە دوای ئەوە قۆناغێکی تر لەپەیکەرتاشیی هاتەکایەوە، کە ئەویش بیناکردن

بوو، لەبری ئەوە قورو قالْب بەکاردەهێنیت، ئەم گۆڕانانەش پێویستە هەبێت، خۆ ئەگەر هەر پەیکەرتاشیی هەبووایە ئەوا جگە لەچەند هونەرمەندێك هیچی ترمان نەدەبوو، ئەم گۆڕانەش نەدەبوو، کە ئێستا هەیە، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ سروشتێکی گۆڕاوە، حەزی لەگۆڕانکارییە، چونکە ناکرێت تۆ هەموو رۆژێك جلێك لەبەر بکەیت خواردنێك بخۆیت، مرۆڤ لێرە توانای گواستنەوەی ماڵێکی نییە ئەی چۆن بتوانێت پارچەیەك بەردت بۆ بهێنێت؟

**جگە لەوانە ئیشکردن لەپەیکەردا بەتەنیا وەک خۆی سەخت نییە؟**

بێگومان، زۆر سەختەو پێویستی بەحەوسەڵەیەکی زۆر هەیە، دیسانەوە ئەمەش پێویستی بەکاتە، لەسەردەمی رۆماندا کاتێك ئیشیانکردووە، هونەرمەندەکە بەتەنیا ئیشەکەی پەیکەرتاشین بووەو هیچ ئیشێکی تری نەبووە، هەموو ژیانەکەی پەیکەرتاشین بووە، نەکراوە بەسەرباز، نانی پەیدا نەکردووە، جگە لەوەش پێویستی بەحەزی هونەرمەندەکەشەوەیە، من وەك خۆم، حەزم لەئیشێك نییە لەسەر بەرد بیکەم، لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی باشم هەیە لەئیشی بەرددا، ئەو چێژەی هەمە بۆ پارچە قورێك بۆ بەردێك ئەو چێژەم نییە، ئەمەش پەیوەندی بەتێڕوانینی ئەو هونەرمەندەوە هەیە بەرامبەر بەو کەرەستەیەی بەکاریدەهێنێت، ئەم سەردەمە سەردەمی گوتاری مادەیە، تۆ چۆن مادەکان نمایش دەکەیت، مادده چۆن شێوە لای تۆ دروستدەکات ئەمە گرنگە، نەك تۆ تەنیا تەرکیزت لەسەر شتێك بێت.

**تۆ وەک هونەرمەندێکی پەیکەرتاش لەگەڵ ئەو هەموو سەختیەی لەو هونەرەدا هەیە، چۆن ئەو هونەرەت هەڵبژارد؟**

من هەمیشە حەزدەکەم زۆران لەگەڵ شتێکدا بکەم، کە لەخۆم گەورەتربێت، خۆشترە پەلاماری شتێك بدەیت قورستربێت، ئەگەر نەشیخەیت گرنگ ئەوە پەلامارت داوە، ئەوەیان زۆر گرنگە بەلامەوە، پەیکەرتاشیی زانستێکی زۆر سەختە، بەڵام کەدەچیتە ناوی بەو شێوەیە نییە، بەڵام پێویستی بەماندوبونێکی زۆر هەیە، دەتوانم بڵێم من سێ بەشی لەشم لەسەر پەیکەرداشی داناوە، چونکە وزەیەکی گەورەی ماسولکەکانی دەوێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پەیکەرتاشینم زۆر خۆشدەوێت، ئەگەر ئەو هونەرە نەبێت، رەنگە بمرم.

**تۆ لەو ئیشانەدا چەند گرنگیت بۆ بینەر داناوە؟**

بەڕاستی دەمەوێت بینەرێکی بەئاگاو زیرەکم هەبێت، مـن هـەموو ئیـشەکانم تەسـلیمی بینەر دەکەم، بەپێی تیۆری بونیادگەرییەکان، ئیتر ئەو خۆی بۆی هەیـە چۆن تەماشـای دەکات، چۆن دەیخوێنێتەوە و چ دەقێکی لێدروست دەکات بـا بیکـات، پـێم خـۆش نییـە بینەرێکم هەبێت پشت بەشیکردنەوەکانی من ببەستێت، من دەمەوێت ئەو تەفسیری خۆی بۆ ئیـشەکان هـەبێت، دەمـەوێت بینـەر گەمـە بەئیـشەکانەوە بکـات، هـەر لەبەرئەوەشـە فەزایەکی زۆرم لەنێوان ئیشەکاندا هێشتۆتەوە، کاتێك دوا پێشانگەم کـردووە ئـەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم، منالم دەبینی یاری بەئیشەکان دەکرد، مـن ئـەوەم دەوێـت، کـە منالێـك گەمە لەگـەڵ پەیکـەردا بکـات و لێنەترسـێت، هـەموو ئـەو ئیـشانەش پەیکـەری جـوڵاون، ئەوەش هونەرێکی جوانە کـەم لێـرە بـەکارهاتووە، ڕەنگـە هـەنگاوێکی سـەرەتایی بێـت، بەڵام ئازایانەشـە، ئەگـەر پـێش مـن هونەرمەنـدێك ئـەم ئیشانەی بکردایـە لەوانـەبوو مـن گۆڕانێکی ترم بکردایە، چیبکەم کە ئەو نەیکردووە ناشبێت هەر بـە بـەتاڵیی بـەجێیبهێڵم، جا ئەگەر فریا بکەوم شتی تر بۆ واقیعی خۆم دەکەم.

*****هونەرمەنـد ئـازاد جـەمال تـاهیر، خـاوەنی ١٢ پەیکـەرو دیواربەنـدە لەکوردستان، ئێستاش خوێندکاری دوا قۆنـاغی ماسـتەرە لەکۆلێـژی هونـەرە جوانـەکانی زانکۆی سلێمانی، هەندێك لەپرسیارەکان لەسەر دوا پێشانگەی بووە، کـە ئیـشکردن بـوو لەسەر دار.

## ماشەڵڵا محەمەدی:



# چەندین هونەرم تێکەڵ کرد تا هەویری ئەنیمەشنم بۆ دەربچێت

سازدانی: دڵشاد خۆشناو
سنە

دەمێکە بیستومانە، شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لانکەی پەیدا بوون و بەرەوپێشبردن و پەروەردەبوونی هەموو هونەرەکانە، ئەمجارەش هونەرمەندێکی سنەیی دەستپیشخەریکردوە لەئەنجامدانی هونەرێکی نوێی ئەم هەزارەیە کە هونەری (ئەنیمەیشن)ە.

دیارە زۆربەی خەڵك لەکوردستان ئەنیمەیشن تایبەت بەفلیمی کارتۆنی منداڵان دەزانن، کەچی لەوڵاتانی تر کاری زۆر هونەریی و بگرە فلیمی مێژوویشی پێ دروستدەکەن.

تا ئێستا هەوڵی زۆر دراوە بۆ بەکوردی کردنی ئەو هونەرە، بەڵام هەوڵەکان تەنیا لەبواری تەلەفزیۆنی و بۆ کاری منداڵان بووە، بەڵام ماشەڵڵا محەمەدی هونەرمەند

بەشـێوەیەکی هونـەریی تـر دەسـتی داوەتـە ئـەو هونـەرەو تـا رادەیـەکی باشـیش پێشکەوتووەو سەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەستهێناوە.

**لە شێوەکارییەوە چۆن پەڕیتەوە بەرەو ئەنیمەیشن؟**

من هەر لەسەرەتاوە دەمەویست هەموو هونەرەکان تاقیبکەمەوە، تەنانەت چوومە ناو کـاری داریـشەوە، ماوەیـەك تەختـەی یـاری تاوڵـەم دروسـتدەکرد بەڕازاندنەوەیـەکی زۆر جوان، کە سنە بەو جۆرە تەختانە بەناوبانگـە. مۆسـیقاش لـەلای مامۆسـتایانی زۆر بـاش فێربووم و لەهەمووی گـرنگتر هێڵکـاریی و نیگارکێـشان. زۆر حـەزم لەئەنیمەیـشنیش بـوو بەڵام پێموابوو کە دەبێ مۆسیقاو شیعر و شێوەکاری و چەندین هونەری تر تێکەڵبکەم بۆ ئەوی هەویرێکی موعجیزەم دەست بکەوێت بەناوی ئەنیمەیشن، دەبێ سەرەتا بەسەر ئەو سێ هونەرەدا زاڵبم.

**ئەنیمەیشنیش پێویستی بەدەرهێنان و سیناریۆ هەیە، چیتان کردوە بۆئـەو دوو لایەنە؟**

من شانسێکم هەبوو کە هەلێکم بۆ رەخسا بۆ کـارکردن لەگـەڵ هونەرمەنـدی گـەورەی سینەمای ئێران عەباس کیارۆستەمی، من لەسەدا نەوەدی کارەکانی لۆکەیشنی فیلمـی(بـا دەمانبا)م بۆ جێبەجێکرد، ماوەی ٤٥ رۆژ لەگەڵی بـووم کـە بەڕاسـتی بـۆ مـن زانکۆیـەکی خێـراو مـەزنبوو هەرکەسـێك کـە لەگـەڵ ئـەو کـاری کـردوە زۆر سـودی لێوەرگرتـوە، لەکیۆمـەرس پـور ئەحمـەدەوە بگـرە تـا دەگاتـە حەعفـەر پـەناهی و بەهمـەن قوبـادی، کیارۆستەمی منی ئاشنا کرد بەسینەمای ئەمڕۆیی.

ئەوە سەرەتای دەسـتپێکردنی کاربوو،تـا ئـەوەی لەسـاڵی ٢٠٠٥بـە شـێوەیەکی بـاش دەستمپێکرد، یەکێك لەو کەسانەی کە یارمـەتیان دام لـەو قۆناغـەدا، دکتـۆر حەمیـد رەزا ئەردەڵان بوو کە هاوخولی خۆم بوو لەزانکۆ، بیرۆکەی یەکەمین کارم کـە بـەناوی (رەنـج) بـوو، ئـەو بـینی و زۆر یارمـەتی دام تـا دیـدی خۆرهـەڵاتی باشـتر بناسـم و کەسـایەتی خورهەڵاتی دروست ببێت.

هەنگاوی یەکەمم باش دەستپێکرد، کاتێك کـە بەتەلـەفۆن بیرۆکەکـەم بەکیارۆسـتەمی وت، وتی بیرۆکەکە زۆر باشە، هەڵبەت کـە مامۆسـتا کیارۆسـتەمی زۆر کـەم دەڵـێ باشـە، بەمنی گوت زۆر باشە، ئەو مەسەلە زۆر تواناو هیوابەخش بوو بۆم.

**زوو ئەو کارانەت تەواو کرد؟**

کارەکەم لەماوەی دوو مانگ تەواو کردو بردم تا دکتۆر ئەردەڵان بیبینێت، ئەویش کەسایەتییەکەی بەدڵ بوو، بەڵام دەرهێنانەکەی بەدڵ نەبوو. گەڕامەوەماڵەوەو لەنۆژەنەوە دەستم پێکرد، سێ مانگ شەو و رۆژ خەریکیبووم، ئەمجارە هەر ئەوە بوو کە دکتۆر گوتبووی بەڵام داخەکەم لەئێران نەبوو تا بیبینێت.



**چۆن بابەتی ئەنیمەیشنەکانت هەڵدەبژارد؟**

شەوێك کە چەند میوانێکی نووسەرو فیلمنامەنووس لەلام بوون، هەموویان لەبیرۆکەی کەسایەتیەکە رازی بوون و هەرکەسەو بیرۆکەیەکی پێشنیاردەکرد، بەڵام راستیەکەی هەموو بیرۆکەکان بەشێوەیەکی ئۆرژینال نەبوون، هەر کامێکت بەشێوەیەك لەشوێنێك بینیبوو، دوای ئەوەی کە هەموویان بیرۆکەی خۆیان پێشنیارکرد، سیامەندی کوڕم کە ئێستا تەمەنی دوازدە ساڵەو ئەوکاتە تەمەنی هەشتساڵانبوو، گوتی باوکە منیش بیرۆکەیەکم هەیە، هەمومان سەرمان سوڕما، هیچ کام لەهاوڕێکان بەهەندیان وەرنەگرت لەو منداڵە هەشت ساڵەیە، بەڵام من تکام لێکرد کە بیرۆکەکەی بڵێت، بیرۆکەکە زۆر سادە و منداڵانە بوو.

پیاوێك دەردەكەوێت، لەدواوە گوللەیەكی لێدەدرێت، پیاوەكە دەكەوێت و خوێنەكەی لەشوێنێكی وەكو پرد دەچۆڕێتەوە و لەناو ئاودا دەبێتە ماسی سوور، هەموومان ئەبلەق بووین، زۆربەیان باوەڕیان نەدەكرد وەلێ هەمومان گوتمان بەڕاستی بیرۆكەیەكی جوانە، وایاندەزانی خۆم پیشتر بیرۆكەكەم بەسیامەند داوە، بەڵام لەڕاستیدا وا نەبوو، هێندە جوان بوو بیرۆكەكە كە جێگای گومان نەبوو، یازدە ڕۆژی تەواو بەردەوام خەریكی بووم، لەكۆتاییدا تەواوم كرد. ٤٣ چركە دەرچوو، هیچ كەمكوڕیەكی نەبوو، نیشانی هەركەسێكم دەدا چەندینجار سەیری دەكردەوە، مەقامی شەهیدی جوان حاجۆ كارەكەی كاملتر كرد.

**یەكەمین جار لەكام فیستیڤاڵ بەشداریتان كرد، چ خەڵاتێكتان بەدەستهێنا؟**

من سەرەتا دوو كارم ئامادە بوو كە یەكێكیان یەك خولەك و ئەوی تریان ٩٠ چركە بوو، بەسووربونی هاوڕێیانی دەرهێنەرم سالم سەڵەواتی و بێهنام سەفەری و ڕەحیم زەبیحی، هەردوو فیلمەكەم نار بۆ فیستیڤاڵی ١٠٠ چركەیی ئێران كە ساڵانە لەكەرەج بەڕێوەدەچێت، هەڵبەت كە زۆر دڵنیا بووم كە قەبوڵ ناكرێت.

دوای یەك مانگ نامەیەكم پێگەیشت لەبەڕێوەبەرانی فیستیڤاڵ كە هەواڵی هەڵبژاردن و پەسەندكردنی هەردوو فیلكمەكەیان بۆ نووسیبوم، زۆر تواناى پێبەخشیم، هەربۆیە كاری سێیەمەكەمم دەستپێكرد (هێشتاش تەواو نەبوە، وا بۆ سێ ساڵ دەچێت كەخەریكم و هێشتا تەواو نەبوە)، لەگەڵ هاوڕێیانم چووین بۆ فیستیڤاڵەكە لەكەرەج، فیستیڤاڵ لەهەر بەشێك سێ خەڵاتی هەبوو، من زۆر خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر لەبەشی ئەنیمەیشن خەڵاتێكم وەرگرتبا، بەڕێوەبەری مەراسیمی خەڵات بەخشینەكە لەخەڵاتی سێیەمەوە دەستی پێكرد، زۆر هیواداربووم كە ناوی من بێت، كە ناوەكەی خوێندەوەو من نەبووم زۆر دڵگرانبووم، بەڵام لەلایەكی تریش هیوام بەهێزتربوو بەخەڵاتی دووەم، بەڵام دوای ئەوە دیسان كەناوەكەی خوێندەوەو ئەویش من نەبووم بەیەكجاری هیوابڕاوبووم، سێیەم نەبووم و دوەمیش نەبووم، خۆ ئەوە یەكەمیش هەرنیم .... هەموو هاوڕێكانم خەڵاتی دووەم و سێیەمی خۆیان بردو منیش بێ هیوابووم لەخەڵات، بەڕێوەبەری مەراسیمەكە كە زۆر حەماسی دەخستە ناو بەشداربووان ناوی یەكەمی بەدواكەوتنەوە دەخوێندەوەو هەموو ئەوانەی خەڵاتیان وەرنەگرتبوو دڵیان كەوتبوە تەپەتەپ، كاتێ كە ناوەكەی

خوێندەوە براوەی خەڵاتی یەکەمی بەشی ئەنیمەیشن، وامزانی ناوی خۆمم لەگوێچکەمدا زرینگاوەتەوە، باوەڕم نەدەکرد، خۆشحاڵبوونی هاوڕێکانم و لەهەمووشیان پتر سیامەندی کوڕم کە لەگەڵم بوو، دڵنیای کردمەوە کە نەخێر بەڕاستی ناوی منی خوێندبووەوە.

**کە ئەو کارانەت ئەنجام دا و خەڵاتت وەرگرت، پەیوەندیت لەگەڵ کیارۆستەمی مابوو، ئەو بیروڕای چۆن بوو؟**

چەند مانگێک دوای ئەوەی کە خەڵاتی یەکەمم وەرگرت، زۆر باوەڕم بەخۆم پەیداکردبوو، هەردوو کارەکەم ناردە فیستیڤاڵی ئیماف لەئەڵمانیاو کراکۆف لەپۆڵۆنیا.

دوای ئەو سەرکەوتنە جەسارەتم پەیداکردو تەلەفۆنم بۆ مامۆستا کیارۆستەمی کردو تکاملێکرد کە کارەکەم ببینێت و رای خۆی دەربڕێت، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر سەرقاڵەو باوەڕمنەدەکرد کە قەبوڵبکات، ئەویش کاری ئێمەی تازەکار لەو بوارەدا، بەڵام دەمزانی گەورەیی ئەو زیاترە لەو شتەی من چاوەڕوانی بووم، من ئەو کاتە لەتاران پیشانگام هەبوو و تەلەفۆنم بۆ کرد کە پێیبڵێم من لەتارانم و دەمەوێت کارەکەی بۆ بێنم کە بیبینێت، بەهەرحاڵ سەردانی پیشانگاکەی کردم و فیلمەکانی وەرگرت و ژمارە تەلەفۆنەکەی منی دووبارە نووسی و وتی تەلەفۆنت بۆ دەکەم. چەند رۆژێک زۆر ناخۆشبوو نەمدەزانی بۆ تەلەفۆنی نەکردەوە، دوای دوو هەفتە خۆم تەلەفۆنم کرد بۆ ئەحواڵپرسی و زۆر بەنائومێدییەوە لەهەواڵی فیلمەکەم پرسی، لەوەڵامدا وتی، بینیومە بەڵام تەکنیکی کارەکە لەئاستی ناوەڕکی کارەکەدا نەبوو، دەبێت تەکنیکەکە دەوڵەمەندتر بکرێت، ئەو قسە بۆ من شتێکی زۆر ناخۆشبوو، چونکە گوتبووی کە بیرۆکەکەی زۆر باشە. خۆی ئەوەی روونکردەوە کە ئەو بیرۆکەکە زۆر باشە زۆر بەڕووکەشی کاری لەسەر کراوە، ئەو قسەیە بۆ من نامۆ نەبوون، چونکە لەکاتی دەرهێنانی فیلمەکەیدا کە لەگەڵیدا بووم هێندە بەوردی کارەکانی ئەنجامدەدا. دوای ئەم تەلەفۆنە کارەکەم لەسەر کۆمپیوتەرەکە پاک کردەوەو لەنۆژەنەوە دەستم پێکردەوە. پێنج مانگ کارمکردو ئەو شتانەی کە گتبووی زۆر بەوردی لەبەرچاوم گرتن، کارەکە بوو بە ٢,٢٠ دوو خولەك و بیست چرکە، زۆر باش ببوو لەڕووی تەکنیکەوە. بۆ چەندین

فیستیڤاڵی جۆراوجۆرم نارد، هێشتاش مۆسیقاو ئیفێکتی نەبوو، هەر مۆسیقایەکم دەخستەسەر نەدەبوو، دوو کەسیش مۆسیقایان بۆ دروستکرد بەدڵم نەبوو.



زوومم کردبووە سەر فیستیڤاڵە تایبەتییەکانی ئەنیمەیشن، فیستیڤاڵی هیرۆشیما نزیکبوو، سێکافی کۆریاش هەروا. دوای ماوەیەك نامەیەکم لەسەرۆکی فیستیڤاڵی هیرۆشیما پێگەیشت کە زۆر بە باشە باسی کارەکەی کردبوو، لەهەمانکاتیشدا ئەوەی پێڕاگەیاندم کە لەبەشی پێشبڕکێ پەسەند نەکراوە، بەڵام تاکە ئەنیمەیشنە کە لەئێرانەوە پەسەند کرابێت، لەبەشی نیشاندان تەنیا نیشاندەدرێت.

**کاری سێیەمتان کە ئێستا لەسەر ئەنتەرنێت هەیە کامەیە، باسێکی ئەو کارەمان بۆ بکە.**

شەوێك لەکوردستات لاوکێکی کرمانجیم بیست بەدەنگی رۆژین کە زۆر سەرنجراکێشبوو، تۆمارم کردو نیوەشەو ئەوەم کەوتە خەیاڵ کە شتێك بەگوێرەی ئەو لاوکە دروستبکەم، بڕیارم دا کە بیربکەمەوەو گوێ لەلاوکەکە بگرم و هەر وێنەیەك بەمێشکمدا هات بیکەم بەئەنیمەشن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی چیرۆك و لۆژیك، بەڵام حەزمدەکرد کەسایەتییەکە هەمان ئەو کەسایەتییەی پیشتربێت، کارەکەم جێبەجێکرد بەڵام جەسارەتم نەبوو نیشانی کەسی بدەم، چونکە دوو کارەکەی پێشترم باشبوون و سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو، دەمویست کارێك بکەم کە لەوانی پێشترم باشتربێت، ساڵێك تەماشای کارەکەم نەکرد، دوای ساڵێك چوومەوە سەر بیرۆکەکەو شتێکی وەکو چیرۆکم بۆ زیادکردو بەرهەمێکی جوانی لێدەرچوو، مایەوە ناودێرکردنەکەی، ئەم لاوکەی رۆژین دەمخاتە بیری ئەو دەنگەی کە لەقوڵنگەکانەوە دەبیسترێت لەو کاتانەی کە هەست بەترس دەکەن، بۆیە ناوم نا (دوایین گۆرانی کچە دراوسێکەمان بەرلەوەی گشت خەونەکانی بسوتێنن).

**دوای ئەوە لەکام فیستیڤاڵی جیهانی بەشداریتان کردوە؟**

لەساڵی ٢٠٠٧ لەدوو فیستیڤاڵی پاییزی بەشداریمکرد، یەکیان بەناوی کراك لـەئۆکرانیا کە لەکەشتییەکدا بەڕێوەدەچێت بۆ ماوەی پازدە رۆژو لەحەوت شاری بەنـدەری دەریـای رەش تێپــەڕدەبێت و لەهــەر شــارێك دوو رۆژ دەمێنێتــەوەو لــەناو کەشــتییەکە هــۆڵی سینەمای هەیە، فیستیڤاڵەکەی تریش ئەنیمادرید بوو کـە هەرسـێ کارەکـەم گەیشتبوونە بەشی پێشبڕکێ، بەگشتی ٥٦ ئەنیمەیشن هەبوو لەو بەشەدا کە سی دانەی هـی مـن بـوو، تەنانەت فیستیڤاڵی باوەڕپێکراوی ئەنیما کە لەبەلجیکا بەڕێوەدەچێت، لەگەڵئـەوەی کـە مۆڵــەتی نــاردنی بەرهـــەم تــەواو ببــوو، بــەڵام بــۆ بەشــی(جــۆرێکی تــر بــوون) ئەنیمەیشنی(شەهید) یان داواکرد.

ئیمەیڵێکم پێگەیشت لەئەمریکاوە کـە داوای ئـەوەیان کردبـوو کارەکـانم بنێـرم، بـیرم نەکردبوەوە کە بۆ فیستیڤاڵەکانی ئەمریکای بنێرم، چونکە پێموابوو کە پەیوەندی لەگەڵ کارەکانم دروستنابێت لەڕووی هونەرییەوە، دەزگایـەك بـەناوی animation world network کـە سـەر بـەهۆڵیودە، خاتونێـك بـەناوی (مـو) داوای ئـەوەی کردبـوو کـە کارەکانی من بخەنـە سـەر ئەنتـەرنێت و کۆپیڕایتی کارەکـەش بکڕین، کـە بـۆ مـن ئـەوە هەواڵێکی زۆر باشبوو لەو بارودۆخەی کـە مـنی تێدا بـووم، دوایئـەوەی کـە گرێبەسـتمان نووسی پێکەوە، ئێستا (دوایین گۆرانی کچە دراوسێکەمان بەرلـەوەی گشت خەونـەکانی بسوتێنن) یان داناوە لەگەڵ نۆ کار ی تر بەناوی ( best showcase ٢٠٠٨ ).

سـەرنج: بـۆ بینـینی (دوایـین گـۆرانی کـچە دراوسـێکەمان ...، خوێنـەران دەتـوانن سەردانی ئەو لینکانە بکەن.

drama/other-being/http://www.awntv.com/category
drama/the-last-song/http://www.awntv.com/categor

# سینــــەمــــاکاران
# پێشنیازی پێکهێنانی
# ستراتیجییەتی هاوبەشی
# سینەمــــای کوردیی دەکەن

ئا: دڵشا یوسف

سەرەڕای بەرهەمی جدیی و کرانەوە بەڕووی جیهاندا، هێشتا سینەمای کوردیی گرفتاری چەندین کێشەیە. بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشانە، سینەماکارانی کورد روویان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە کوردییەکان ناوە بۆ چارەسەری کێشەکان، لەنێو خۆشیاندا هاوڕان لەسەر پێویستی (پێکهێنانی ستراتیجیەتی هاوبەشی سینەمای کوردیی).

سینەمای کوردیی، کە بەدەست پەرتبوونەوە دەناڵێنێت، پشت بەهەوڵی تاکەکەسیی دەبەستێت لەبەردەوامبوونیدا، بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە، کۆمەڵێك لەسینەماکاران لەدیالۆگدان دەربارەی پێکهێنانی ستراتیجییەت و مەرکەزییەت لەسینەمای کوردیدا.

ئەگەر لەمێژووی سینەمای جیهانیی وردببینەوە، دەگەینە ئەو راستییەی کەدەبێت پێ لەسەر ئەم بیرۆکەیە دابگیرێت، بەمەبەستی پێشخستنی سینەماو دەستپێشخەری بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە.

ژمارەیەك سینەماکاری ناسراوی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لەمبارەیەوە هاوڕابوون، لەوانە: دەرهێنەر بەهمەنی قوبادی، بەرهەمهێنی سینەمایی محەمەد ئاکتاش، ئەکتەری سینەمایی کازم قرك و دەرهێنەر رافین عەساف.

هەر لەمبارەیەوە محەمەد ئاکتاش پێشنیازی پێکهێنانی ستراتیجییەتی هاوبەشییکرد، بەهمەنی قوبادی-ش گلەیی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد، کە گرنگیی نەداوە بەدروستکردنی هۆڵی نمایشیی سینەمایی، هەروەك رافین عەساف-یش سەرنجەکانی بۆ

ئەوە راکێشا، کە پێویستە سینەمای کوردیی، سینەمای ئەمریکای لاتینیی بەنموونە وەربگرێت. نازم قرك پێشنیازیکرد کە سەنتەری سینەمای کوردیی لەهەرێمی کوردستان یان دیاربەکر دابمەزرێت.

بەهمەنی قوبادی ئەوەشی وت کە: (حکومەتی هەرێم پشتگیری پێویست دەکات بۆ پێشخستنی سینەما، چونکە ساڵانە خەرجی پێنج فیلم دابیندەکات، بەڵام چوار لەو کارانە کرچوکاڵن، بۆیە دەبێت رێ لەوانە بگیرێت، چونکە دەکرێت بەو بودجەیە فیلمی جدیی دروستبکرێت).

محەمەد ئاکتاشی خاوەنی کۆنپانیای میتۆس بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی، پێیوایە کێشەی بنەڕەتی لەسینەمای کوردیدا، نەبوونی بازاڕێکی نەتەوەییە بۆ فرۆشتنی فیلمەکان، چونکە ئێستا فیلم تەنیا بەمەبەستی بەشداریی پێکردن لەفێستیڤاڵەکاندا بەرهەمدێت، وتیشی: (دەهێنەرو ئەکتەرو سیناریست-ی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا هەیە، بەڵام کێشەکە لەنەبوونی ستراتیجییەتی هاوبەشی سینەمای کوردیدایە.)

بۆچوونەکانی رافین عەساف دەربارەی داڕشتنی سیستمی مەرکەزی بوو بۆ سینەمای کوردیی، بەمەبەستی خۆ رزگارکردن لەو حاڵەتی پەرتبوونەی کە ئێستا هەیە، هەروەها داوای پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کرد بۆ دامەزراندنی پەیمانگەی سینەمایی.

لەلای خۆیەوە کازم قرك داوای لەحکومەت و رێکخراوە کوردییەکان کرد، پاڵپشتی تەواو بۆ سینەمای کوردیی پێشکەش بکەن، لەو باوەڕەوە کە سینەما لەتوانایدایە زۆر بەباشیی مەسەلەی کورد بەجیهان بناسێنێت.

سەرچاوە: ئاژانسی دەنگوباسەکانی فورات

## شلێر کۆیی:



# خانمی سپێدەقورسترین کەسێتیە کە ڕۆڵیم بینیبێت

# هەڵبژاردنی جوانی بۆ کاری هونەریی سەرکەوتن نابەخشێتە کارەکە

شانۆکاری ناسراو (شلێر کۆیی) لەساڵی ١٩٧٨–ەوە هاتووەتە ناو کاری هونەرییەوە، لەسێ دراماو یەك کورتە فیلم و دوو فیلم و هەشت شانۆییدا ڕۆڵی جیاجیای بینیوە، تابڵێی ژنە ئەکتەرێکی لێهاتووە لەگەڵ ئەوەی هیچ دیرێکی لەسەر هونەر نەخوێندوە، شلێر لەسەر دەمانێکدا هاتە دنیای نواندنی هونەری کوردییەوە کە لەشاری هەولێر زیاتر پیاوان ڕۆڵی ژنیان دەبینی، لەگفتوگۆیەکدا تایبەت بەنواندنی ژن لەهونەری کوردیدا ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.

**چاوپێکەوتنی: ڕێبواری ئازادی**

**لەشـاری هـەولێردا هـیچ ڕێگریـەک نەهاتـە پێـشت بـۆ بەشـدارییکردنت لەهونەردا، چۆن نواندنت هەڵبژارد؟**

—لەسـاڵی ١٩٧٨ نـەبوونی ژن هانیـدام، هانـدەریش بـۆ بەشـداربوونم هونەرمەنـدی جوانەمەرگی برام (سوبحی کۆیی) بـوو، ئەگـەر مـن لـەخێزانێکی هونەرپـەروەر نەبوومایـە نەدەبوومە هونەرمەند، ساڵانی حەفتاکان پیاو ڕۆڵی ژنی دەبینی، منیش بەلامەوە ناخۆش و قورس بوو، چونکە ژن زیاتر دەتوانێت گوزارشت لەناخی ژنانە بکات نەك پیاو.

**ئایا لێکدانـەوەی جیاوازت بۆ کاری هونـەریی سـەرەتای کارکردنـت لەگـەڵ ئێستادا هەیە، ئایا سەربەسـتیت کـەمتر نـەبوو یاخود نواندنـەکانت پیـێ باش بوون؟**

ئیشکردن بۆ ژن ئەوساو ئێشتاش لەهونەردا ئەستەمە، ڕاستە ئێستا لەڕووی نواندنەوە ژن پێشکەوتووە، بـەڵام هێشتا بـەو ئەندازەیـە سەربەسـت نییـە ڕۆڵ ببینێـت لـەکارێکی هونەریدا، دیارە ئەمە تێڕوانینی خۆمە، هەقم بەسەر هاوڕێکانم یا ژنێکی تـرەوە نییـە کـە بەهەموو ڕۆڵێك ڕازییە یاخود لەهەموو ئیشێکدا کار دەکات سەرەڕای بیست ساڵ کارکردن خۆپارێزی دەکەم لەو کەسایەتییانەی کەوەریاندەگرم.

**لەسەردەمی شانۆیی (هـەبوو نـەبوودا) تـۆو ئـەو دوو ژنـەی کـە ڕۆڵتـانبینی بـوێریی بـوو ئـەوەش جـەماوەرێکی گـەورەی پێبەخـشین لـەو سـاتەدا لـەبازاڕو شوێنە گشتییەکانی شاری هەولێر تێڕوانینی خەڵک بەرامبەرت چۆن بوو؟**

نـەك بەتـەنیا بـۆ مـن مایـەی ناخۆشـیی بـوو، بـەڵکو خێزانەکەشـم پرپـشکی ئـەو ناخۆشـیەیان بەردەکـەوت، ئێمـە خێزانێکـی ناسـراوبووین بـەهۆی (سـوبحی) برامـەوە لەهەولێر زۆر جار توانجی خەڵك باوکمیان بێزار کردووە لـەدەرەوە کـە دەهاتـەوە ماڵـەوە هەستم پێدەکرد شـتی ناشـرینی باسـدەکرد، بـەڵام خۆشەویـستیم بـۆ هونـەر بـەردەوامی پێبەخشیم من و کوڕێك جیاوازیمان نییە کە ئەکتەرە.

**خانمی سپێدە زنجیـرە درامایـەکی ئەفسانەییە، وەرگرتنـی ئـەو ڕۆڵـە لـەلات قورس نەبوو کە ڕۆڵی کەسێتییەکی ئەفسانەیی خەیاڵییە؟**

بەڵێ، بێگومان خانمی سپێدە قورسترین کاراکتـەر بـووە بـۆ مـن، یەکـەمجارە ئێمـەی کورد لەکاری ئەفسانەیدا کار بکـەین، لـەڕووی ئـەداو جموجوڵـەوە جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ

کاراکتەری راستەقینە، بەڵام هاوسەرەکەم کە خۆی نووسەری زنجیرە دراماکەیە زۆر هاوکارم بوو لەسەرکەوتنی نواندنەکەمدا.



دیمەنێك لەدرامای وەسێتنامە

**لەوەسێتنامەدا لەشلێر کۆیی نەچوویت، چونکە بینینی رۆڵی لەمجۆرە کە لەوانەیە بەریەککەوتنش دروست ببێت، چۆن خۆت ئامادەدەکەیت بۆ بینینی رۆڵێکی وا؟**

خۆشەویستیم بۆ بەرهەمەکە توانای بەردەوامی پێبەخشیم ئێمە وەك ژن زۆر بەرپرسیارێتیمان لەسەر شانە، ئەو سنووربەزاندنەی کە تۆ باسی دەکەیت خۆشەویستیمە بۆ کارەکەم، من کەسیناریۆ وەردەگرم تا نەچمە قووڵایی کەسێتییەکەوە کارەکە وەرناگرم رۆڵی کاراکتەریش هەبووە سەرەکی بووە بەڵام زۆر لەو کارانەم رەتکردووەتەوە، چونکە خۆم لەو کەسایەتییانەدا نەدۆزیوەتەوە من ئیش بۆ خۆم ناکەم دەبێت ئیشێك بکەم خەڵك بەجوانی باسم بکات یاخود بەجوانی بچمە ناو ناخی خەڵکەوە وەك شلێر کۆیی.

**تۆ سەرەتای نواندنت کچێکی جوان بوویت، ئەوسا دەرهێنەر کەسێتی بۆ کەسایەتییەکە هەڵدەبژارد نەک کەسایەتی دروست بکات لەبەر نەبوونی ئەکتەری ژن، تۆ ئێستا ئەو حاڵەتە بەدی ناکەیت لای دەرهێنەرەکان**

**هەندێکجار دێت مێینەیەکی جوان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی وەرگر وا لێبکات بەدیار جوانی ئەو کچەوە دانیشێت، من پێموایە ئەو کچانەی یان ئەو ژنانە ناتوانن بچنە ناخی کەسێتییەکانەوە تۆ چۆن دەیبینی؟**

راستە وایە، بەڵام ناتونم بڵێم هەموو دەرهێنەرەکان وان باوەڕت هەبێت ئێستاش دەرهێنەری وا هەیە دەگەڕێت بەدوای کاراکتەردا نەك بەدوای شێوەدا، یەكێكی دەوێت بتوانێت رۆڵی کەسێتییەکەی بۆ بەرجەستە بکات، راستدەکەیت من لەگەڵتام ئەوەش هەیە، بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە هۆی سەکەوتنی ئیشەکە؟ لەوانەیە لای هەندێك كەس بەجوانی کارەکە بێتە بەرچاوی، بەڵام وەك هونەر و کاراکتەر من بۆ خۆم بەجوانی نابینیم، لەوانەیە هەندێك كەس لەمانای هونەر نەزانن و کەسێتییەکە بەرزبکەنەوە بۆ ئاسمان، بەڵام خۆشی لەڕاستیدا وانییە تەنیا جوانییەو هیچی تر.

**وەک ئاگادارم دەرهێنەری زنجیرەی گەردەلوول پێشنیازو داوای بینینی رۆڵی لێکردویت، لەبەشی دووەمی زنجیرەکەدا کە حەمە عەلی هاوسەرت و گلێنەی کچت رۆڵیان هەیە، هۆکاری بەشدارینەکردنی تۆ چی بوو؟**

من لەگەڵ رێزم بۆ کاك جەلیل زەنگەنە، کاك جەلیل داوای لێکردم کە کاری لەگەڵدا بکەم، بەڵام من هونەرمەندێکم بیست و پێنج ساڵە کاری هونەریی دەکەم ئەگەر دەرهێنەرێك ئیشێکی گەورە بکات لەئیشەکەیدا رۆڵێکی بچکۆلەی بوێت بۆ منی دابنێت ئەوە نەك بەڕای من، بەڵکو خۆی لەبوارەکەدا وایە ئەو کاراکتەرە دەبێت وەك میوان بەشداریی لەو ئیشەدا بکات، بۆ نموونە لەوەسێتنامەدا سەرەتا حەمەعەلی رۆڵی نەبوو کاك بەکر رۆڵی دادوەرەکەی دانابوو بۆ کەسایەتییەك خۆی بەدڵی بێت، ئەوەندەمان نەمابوو کە تەواو بین لەوێنەگرتنی ئیشەکە حەمە عەلی هاتبوو بەخەیاڵیدا کە حەمە عەلی بەشداری دەکات لەدوو زنجیرە دەبێت وەك میوان بەشداری بکات لەبەرئەوەی پێشینەیەکی زۆری هەیە لەم بوارەدا، منیش داوای ئەوەم کرد لەکاك جەلیل کاراکتەرێکی هەبوو رۆڵێکی بچکۆلە وتی دەمەوێت نواندنی ئەم کەسێتیە تۆ بیکەیت پێموت وەك میوان بەشدار دەبم بەسەرچاو یارمەتیت دەدەم، بەڵام لەسەرەتادا رۆڵم نەبووە لەزنجیرەکە ئیتر دیاربوو بەدڵی نەبوو بۆیە منیش ئیشمنەکرد.

١٨٧

**گۆڤاری هەنار لەم کتێبخانانە دەستدەکەوێت:**

- **خانەی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.**

- **کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.**

- **کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چایخانەی شەعب**

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com

**نرخی ١٠٠٠ دینارە**